زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

٢٤

مصطفى محمود

رحلتي من الشك إلى الإيمان

گەشتەکەم

لە گومانەوە بۆ باوەڕ

محمد مەلا صالح شارەزووری

کردوویە بە کوردی

بە بڵاوکردنەوەی نوسینگەی تەفسیر

هەولێر - چاپی یەکەم ٢٠٠٣

گەشتەکەم
لەگومانەوە بۆ باوەڕ

مەبەست لە زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی:-

١. دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیە بە گرنگترین وکاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی، کە مەشخەڵی سەررێی هزری هاوچەرخی ئیسلامین.

٢. ئاشناکردنی خوێنەرو لاوی موسوڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی، کە سەرچاوەن بۆ رۆشنبیری ئیسلامییو سازێنەری بێداریو قیامەتی ئیسلامیی پیرۆزن.

٣. شارەزاکردنی راستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە، ئازادکردنیانە لە گشت کۆت و بەند و بۆچونی تەسکی حزبایەتی و تاکڕەوىو رەوتگەرایی.

٤. بناغەیەك بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتیەکی ئیسلامی بەهێز بۆ هەر تاکێکی موسوڵمانی کورد، تا توانای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریانەی هەبێ، کە خوای پەروەردگار پێی سپاردوە.

دەگەڵ رێز و تەقدیرمان بۆ بیروڕای نووسەرانی ئەم زنجیرەیە، مەرجیش نیە ئێمە پابەندی هەمو بیروبۆچونەکانیان بین.

با دەستوریشمان لە وەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت، کە دەفەرموێ:

﴿ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ : ئەو کەسانەی گوێ لە قسان ڕادەدێرن و بەشوێن چاکترینیاندا دەچن، ئەوان خودا رێی بەرەو خۆی نیشان داون، ئەوانە خاوەن ئاوەز(عەقڵ)ن.﴾الزمر/١٨

نوسینگەی تەفسیر

گەشتەکەم

لە گومانەوە بۆ باوەڕ

نووسینی

دکتور مصطفى محمود

وەرگێڕانی

محەمەد مەلا صالح شارەزووری

تفسیر

هەولێر

ناوی پەرتوك بە عەرەبی: رحلتي من الشك الى الإيمان
ناوی نوسەر: مصطفى محمود
نۆرەی و ساڵی چاپ: چاپی دوازدەهەم
ناوی پەرتوك بە كوردی: گەشتەكەم لە گومانەوە بۆ باوەڕ
ناوی وەرگێڕ: محمد مەلا صالح شارەزووری
ساڵی وەرگێڕان: ١٩٧٣
چاپ و بلاوكردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر/ هەولێر
خەت: نەوزاد كۆیی
نۆرە و ساڵی چاپ: دووەم ١٤٢٤
چاپخانە: چاپخانەی پەروەردەی هەولێر
ژمارەی سپاردن: (٢١٣)ی ساڵی ٢٠٠٢
تیراژ: ١٥٠٠ دانە

هەولێر - شەقامی دادگا
ت: ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨
tafseeroffice@maktoob.com
AlTafseer@hotmail.com

پەیڤێك

کاتێ (د.مصطفى محمود) ئەم کتێبەی دانا، لەلایەن بڕوادارانەوە پێشوارییەکی گەرمی لێکرا، هەرچەندە هەندێ چڵکی کۆنە مەنزڵی ڕێگا چەوتەکەشی هەر پێوە مابوو.

ئەو کاتە بێبڕوایی باوبوو، رابونی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهان وەك ئێستا گەش و بەرچاو و پەرەی نەسەندبوو، هەر بۆیە بڕواداران بۆ ئەم جۆرە دیاردانە ئامێزیان دەکردەوە و بایەخی زۆریشیان پێدەدا، بە دەگمەن دیاردەی ئاوا بەرچاو دەکەوت، کە وەك ئێستا نەبوو.

گەشتەکەی پیاوێکی زانا و قەڵەم ناسك و ناسراوی وەك (د.مصطفى محمود) لە نزمی بێباوەڕی و پابەندنەبون بە شێوازە ئەخلاقیەکان و ئایین و کۆمەڵ بۆ لوتکەی ئیمان و رەوشت پاکی، کارێکی گەورە و کاریگەر بوو، کە دەروازەی هیدایەت و رێنمایی بۆ زۆر کەسی تر کردەوە.

هەر بۆیە مامۆستا (محمد شارەزوری)-خوا لێی خۆش بێ- زوو بەپیر ئەم ئەرکەوە چوو، سەربوردەی (د.مصطفى محمود)ی بە کوردی خستە بەر دەست خوێنەری کورد.. بەرنامەی وەرگێڕانەکەشی بریتی بوو لە جەخت کردن لەسەر خاڵە گرنگەکانی ئەم کتێبە، نەك وەرگێڕانی دەقاودەق و وەکو خۆی.. هەروا ساڵانی حەفتاکان، کە مامۆستا ئەم کتێبەی تێدا وەرگێڕاوە، نوسین و وەرگێڕان بەکوردی و بۆ کوردی پەرەی نەسەندبوو

جا بە مەبەستی تۆکمە و وەرگێڕانی دەقاودەق و وەکو خۆی، ئێمە لە نووسینگەی تەفسیر هەستاین بە وەرگێڕانی ئەو دەقانەی، کە مامۆستا شارەزوری بە پێویستی نەزانیوە پاچڤە(ترجمة)ی بکات.

دیاره مامۆستای کۆچ کردوو ژمارەیەکی کەمی ئەم کتێبەی بەچاپ گەیاند، کە چاپەکەشی نارێك و جوان نەبوو، بۆیە لەبەر گرنگیی و کاریگەریی ئەم کتێبە و رێز و خۆشەویستیمان بۆ مامۆستا شارەزووری وەرگێڕ، نوسینگەی تەفسیر بەچاکی زانی کتێبی (گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕ) چاپ و بڵاو بکاتەوە، تا رۆشنفکران و خوێندەوارانی راستەقینەی کورد لێی سودمەند بن و ئاسۆی بیریان فراوان بێت، هەروا ئاشنای ئەم کەڵە نوسەرە بن.

نوسینگەی تەفسیر
هەولێر
٢٠٠٣/٢/٢٤

پێشینان وتویانە (بەسەد حکیم بە قەد دەردە دارێك نازانن) ئەمە زۆر جوان و ڕاستە:

ئادەمیزاد خۆی ڕێگای گومان و دوو دڵی تاقی دەکاتەوە و، بیروباوەڕی شەن و کەو نەکات و، پوختە تەتەڵەی نەکات، هەر ئانێکی کردەوەی لا بکات، بێ پێز دەر ئەچێت و بە کەڵکی خواردن نایەت.

هەزاران مەلا باسی ماددیەت بکەن و بەراوردی بکەن، لەگەڵ بیروڕای ئیسلامدا و هەزاران بەڵگەی جۆر بە جۆر بهێننەوە -با فەرموودەکانیشیان ڕاست بێت- تامی ئەوە نادات، یەکێك لەو شارەوە هاتبێتەوە و پرسیارێکی لا بکرێت.

هەر بەو نیازەوە زۆر گەڕام بە دوای یەکێکدا، کە سەرێکی لەم شارە دابێت گەرچی شەویشی تێدا بەسەر نەبردبێت، تاکوو هەندێ باسی ژیانی ڕاستەقینەی ئەو شارەم بۆ بکات، {بەڵام ئەوەی کە لە وولاتی ئێمەدا ڕێی گرتبێتە بەر بۆ (شاری باوەڕ بە مادە و بەس) یان هەر لە دوورەوە کە چز و هۆری هەڵچرقاندنی هۆش و باوەڕی بەر لوت کەوتوە، ئیتر گەڕاوەتەوە و نەچۆتە ناو شار، یان هەر لە نوختەی پشکنینی شار، چەکی هۆشیان لا داڕنی و دەرزی‌یەکی بەنجیان لێدا و کردیانە ناو شارەکەوە}.

بەڵام کاتێ بۆ یەکەم جار کتێبی (رحلتي من الشك الى الإيمان)م خوێندەوە

بۆم دەرکەوت، کە (مصطفى محمود) زۆر بلیمەتانە توانیویێتی لە لارێ و پشت نوختەی دارنینی هۆش خۆی بدزێتەوە و، بچێتە ناو ئەم شارەوە. نەك چەند رۆژێك بەڵکو تەمەنێکی زۆرێ تێدا بەسەر بردووە و بەهۆی هۆشەوە، کە فیشەکی زانیاری دەخوات، بەربەرەکانێی لەگەڵ هەموو چەتەکان و قۆڵ برەکانی ناو شار بکات و بەسەریشیاندا زاڵ بێت .

... بەڵێ، بەسەرهاتەکەی بە تەواوی سەرنجی راکێشام، بۆیە دەستم دایە خامە، کە بیگۆڕمە سەر زمانە خۆشەویستەکەی خۆم، زمانی (کوردی) پاش ئەوەی لە گۆڕینەکەی بومەوە، بەهۆی (دار الشرق)ەوە لە قاهیرە، نامەیەکم بۆ دکتۆر مصطفى نارد.. ئەویش وەڵامی نامەکەمی بەم جۆرە نوسییەوە وا نامەکەی لێرەدا بە کوردی دادەنێم بۆ ئەوەی زیاتر دانەر بناسین.

نامەکە:-

برای خۆشەویستم (محمد ملا صالح) پاش سڵاو، نامەکەت کە بەهۆی دار الشروق لە قاهیرە ناردبووت، بەدەستم گەیشت ویستبووت، کە هەندێ لە مێژووی ژیانم بزانیت، تاکو لە سەرەتای وەرگێراوەکەتدا بینوسیت... سوپاست ئەکەم. بۆ ئاگاداریت هیوام وایە ئەم نوسراوە کورتەی خوارەوە بۆ سەرەتای نوسراوەکەت بشێت:

نوسەر ناوی (مصطفى کمال محمود حسین)ە لە رۆژی ٢٥/١٢/١٩٢١ لە (شبین الطوم) کە شارێکی بچووکە لەسەر رووی دەریا لە میسر لە دایك بووە، پاش چەند مانگێك ماڵیان چووە بۆ (طنطا) لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو کردووە. لە دواییدا چووە بۆ (قاهیرە)، لە (دیسەمبەر)ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٢ زانکۆی تەواو کرد و بوو بە پزیشك.

ماوەی حەوت ساڵ پزیشك بوو لە بەشی نەخۆشییەکانی سنگدا. لە ساڵی (١٩٦٠) وازی لە پزیشکی هێنا و دەستی کرد بەنووسین.

له مێژەوە دەستی کردووە بە نووسینی وێژەوانی وەکو هەڵبەست و کورتە چیرۆك، بەڵام هیچیانی بڵاو نەکردۆتەوە، تا ساڵی ١٩٤٧ کە لە گۆڤاری (الرسالة)دا. یەکەم چیرۆکی لە ژێر ناونیشانی (الهواجس)دا بڵاو کردەوە. ئیتر دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە رۆژنامە و گۆڤاری (المصري، أخبار اليوم، أخر الساعة، كتب للجميع، التحرير، روز اليوسف، صباح الخير)دا.

ئێستاش لەسەر نووسین بەردەوامە.

لەو ماوەیەدا (٣٥) بەرهەمی جۆر بە جۆری لە کورتە چیرۆك و شانۆگەری و لێکۆڵینەوەی دەرچووە.

بەرهەمە ئیسلامیەکانی:

یەکەم کتێبی (الله والانسان) بوو، کە بەتەواوی هێرشی تێدا کردۆتە سەر ئاین و گاڵتەی بەمە کردووە، کە ئاین هێناویەتی وەکو نادیار (غیب) و (موعجیزە و خواریق)، زیاتر بۆنی بیروباوەڕی (......) و ماددیەتی لێوە دەهات، کاتێ ئەم کتێبە دەرچوو، بە فەرمانی دادگا بڵاوکردنەوەی قەدەغە کرا.

بەڵام لەم ساڵانەی دواییەدا گوڕانێکی بیروباوەڕی بەسەرداهات و بۆی دەرکەوت، کە زانیاری ناتوانێت هەموو شتێك شیتەڵ بکات. چونکە بەشی زانیاری دیاری کراوە لە چەندایەتی و ئەو پەیوەندیە ئاشکرایەی، کە لە نێوان ماددەکاندا هەیە و، دانانی یاسا بۆ جم و جۆڵیانە. ئیتر ناتوانێت ئەو پەڕی ڕاستی هیچ شتێك بزانێت.

دیسان زانیاری خۆی لە غەیبدا چەقیوە، چونکە ئەو باسی کارەبا و موگناتیس و کێشەر (جاذبية) دەکات، بێئەوەی بێجگە لەو شوێنەوارە هیچیانی لا ببینێت، باسی ئەلیکترۆن دەکات بێ ئەوەی چاوی پێی بکەوێت.

بەڵکو بەر هەستی دەکەوێت و بەس، ئیتر زانیاری مافی ئەوەی نیە، تانە لە نادیار(غیب) بدات. لە کتێبەکانی (المستحيل، لغز الموت، لغز الحياة،

العنكبوت، الخروج من التابوت) و، (رحلتي من الشك الى الايمان) دا باوەڕی ئەچەرخێنێ لە زانیاریەکی ماددییەوە بۆ فەلسەفە ..بۆ ئایین.. لە پاشدا لە کتێبەکەی دا بە ناوی (القرآن محاولة لفهم عصري) باوەڕی ئاشکرا دەکات، کە (هەر ئیسلامە دەتوانێت هەموو گیروگرفتێك چارەسەر بکات، زیاتر لە زانستی هەموو زانایەك و فەلسەفەی هەموو فەیلەسوفێك)

لە ساڵی (١٩٦٢ ز)دا ژنی هێناوە و دوو کوڕی هەیە.

* * *

جا داواکارم هەر کە نووسراوەکەت چاپ کرد چەند دانەیەکم بۆ بنێریت بەم ناونیشانەی خوارەوە:

الدکتور مصطفی محمود

١٠٢ شارع النیل شقه ٧٢ القاهره

ئیتر سڵاو و خۆشەویستیم پێشکەشتە.

* * *

ئێمەش با دەست بکەین بە خوێندنەوەی گەشتەکە.

محمد مەلا صالح شارەزوری
کورگەدەری شاربازێر
١٩٧٤/٤/٤ز

خوا (اسد)

ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر، بە تەواوی نایەتەوە بیرم.. تازە لە پلەکانی سیانزە و چواردە ساڵی تەمەنم سەر دەکەوتم و بەرە و بالق بوون دەچووم، وردەوردە بەرەو ڕێگای یاخی بوون دەچووم و بێپەروا ئەم پرسیارانەم بەدەمدا ئەهات:

- ئێوە دەڵێن خوا دنیای دروست کردوە.. چونکە پێویستە هەموو بەدیهێنراوێك بەدیهێنەری هەبێ و.. هەموو هەبوویەك داهێنەری هەبێت.

بەڵێ ڕاستە و.. باوەڕمان هەیە، بەڵام پێم بڵێن ئەی کێ خوای دروست کردووە..؟ یان هەر لە خۆیەوە هاتووە و بووە.. ئەگەر وا دەڵێن و بە لاتانەوە ڕاستە، ئەی بۆ ڕاست نەبێ کە دنیا هەر لە خۆیەوە بوو بێت بەبێ وەدیهێنەر و بە کورتی ببڕێتەوە و کۆتایی بەم کێشەیە بهێنین.

کە ئەمانەم دەوت دەم و چاوەکانی دەورووبەرم زەرد هەڵئەگەڕان و.. زمانەکان بارانی جنێویان بەسەردا دەباراندم و بۆ لێدانم لە ڕاست و چەپەوە مشتەکۆڵەکان پێشبڕکێیان بوو.. تەنیا پیاوە باشە دڵ نەرمەکان بۆم دەپاڕانەوە، کە لەم یاخی بوونە رزگارم ببێت و خوا ڕێگەی ڕاستم نیشان بدات. پیاوە بەڕێز و سەنگینەکان لێم دوور دەکەوتنەوە.. یاخیبووەکان لێم کۆ دەبوونەوە، ئەو کاتەش پێکەوە لە دەمەقاڵێیەك نقوم دەبووین کە کۆتایی نابێ، مەگەر دەست پێبکرێتەوە، دەستیش پێ ناکرێ هەتا بە شێنەیی و لەسەرخۆیی دەمەقاڵێیەکە نەکرێ.

لەو رۆژانەوە، بە هۆی ئەم شەڕە وتانەوە، ڕاستیم لا ون بوو، وردە وردە هۆشم پەیداکرد و... فێری قسە کردن بووم، حەزم لە ڕازانەوەی وتە و وشە دەکرد. ئەمەش بوو بەهۆی پاڵ پێوەنانم بۆ یاخی بوون و هانی دەدام.

وتەکانم بۆ دۆزینەوەی ڕاستی نەبوو، بۆ راستی نەبوو... بەڵێ بەم جۆرە لە خوا یاخی بووم و پشتم لە فەرمانەکانی کرد و دەستم کرد بە پەرستنی خۆم، چونکە زۆر دڵخۆشبوم بەو تروسکایی رۆشنبیری‌یەم، بە شوێن چەرە دوکەڵی ئارەزوومدا دەڕۆشتم. ئەم هەستە هەموو رۆژێك تازە دەبوویەوە... هەتا چۆنێتی وتووێژم لە بیر چوویەوە، بوومە دوژمنی خۆیشم... دەمویست بەزۆر بەخۆم بڵێم خوا هەیە.. کەچی.. دڵم.. دڵی کرمۆڵم پێی دەوتم ئاخر کێ خوای دروست کردووە..؟

بەڵام هەر پێویستە، یەکەم کەسێ هەبێ، کە دروستکەر بێ و هەر خۆی لە خۆیدا بووبێت و، بۆ دروست کردنی خۆی و دروست کراوەکانی پێویستی بەکەس نەبووبێ..

ئەگەر ئەمیش یەکێ دروستی کردبێ، یەکێکی تر ئەمی دروست کردبێ.. تا دەڕوات.... ئەمە دەبێت بە زنجیرە دروستکراوێك، هەتا بڕوات یەکەم دروستکەر نادۆزرێتەوە، ئەمەش نابێت و ناگونجێت و... ئەمەش ڕەهەندی ئەو کێشە فەلسەفیەیە کە (ئەرەستۆ)[1] بڵێت (هۆی یەکەم و خولدەری یەکەمی ئەم گەردوونە، دەبێ هەبێت). بەڵام ئەو کات ئەم ڕەهەندانە لە بیر و زیهنم دا ڕوون نەبوو، هەروا (ئەرەستۆ) و وتەکانیم بە تەواوی نەدەناسی و نەم دەزانی یاسا بەرایی‌یەکانی ژیربێژی و دەمەقاڵێ(جدل) چیە.

---

[1] ئەرەستۆ-مامۆستای ئەسکەندەر و فەیلەسوفی یۆنانی‌یە، زۆر دانراوی هەیە لە ژیربێژی(منطق) و سروشت گەری(طبیعیات)دا.

لەم دۆخەدا مامەوە تا ماوەی (٣٠) ساڵێك، كە ون بوو بووم لە ژێر خوێندنەوەی پەرتووك و هەزاران شەوی تەنیایی و گۆشەنشینی بۆ خوێندنەوە و بیركردنەوە و وتووێژ لەگەڵ خۆمدا دوپات كردنەوەی بەستن و هەڵوەشانەوەی هەزاران جۆرە بیروڕا.. دیسان بیری خۆمم گۆڕی بۆ بڕینی ئەو ڕێگە پڕ لە دڕكە لە نێوان (خواو مرۆڤدا)[1] بۆ هەڵهێنانی (مەتەڵی ژیان و مەتەڵی مردن)[2] و بەسەرهاتمان پاش مردن، تاكو بتوانم ئەمە بە دڵێكی پڕ لە باوەڕەوە بنووسم.

بەڵام نەك بە ئاسانی، چونكە فێر نەبوو بووم بە ئاسانی ڕاستی وەربگرم.

جا ئەگەر من گوێم بگرتایە لە دەنگی (سروشت=فطرة)م و بیرم بكردبایەوە، ئەوا خۆم لە كوێرەوەری دەمەقاڵێ ڕزگار دەكرد و دەیگەیاندمە لای خوا.

بەڵام من لە كاتێك دا دەژیم، كە هەموو شتێكی تێدا ئاڵۆزە و دەنگی فیترەتی تێدا كزە، هەتا وای لێ هاتووە بوە بە چرپە، دەنگی ژیریش زاڵ بووە و بۆتە ژاوەژاو.

عەقڵ لە زێدەڕۆیی كردنی لێی ناگیرێ، چونكە ئەویش یاخی بوو بوو.. پێی زیادی ڕاكێشابوو.. خۆی وا دەبینی ئەو... پیشەسازی-كارەبا-ڕۆكێت- فڕۆكەی بە شارستانێتی بەخشیوە، خۆی دەیبینی لوتی داوە لە ئاسمان و بنی دەریا.. ئیتر وای دەزانی دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە. خۆی فڕێ دەدایە هەموو شتێكەوە، خۆیشی دەكرد بەدادوەر بەسەر هەرشتێ، بیزانێ یان نەیزانێ .

كاتی منداڵیم، لە كتێبخانەی شارەوانی لە (طنطا)[3]، خۆم كردبوو بە ژێر

---

[1] خوا و مرۆڤ: (الله و الانسان) یەكەم دانراوی (مصطفى محمود)ە لەم كتێبەدا بەتەواوی دەری خستوە كە بیروباوەڕی بەبونی خوا نییە.

[2] مەتەڵی ژیان، مەتەڵی مردن (لغز الحیاه ، لغز الموت) دوو دانراوی (مصطفى محمود)ن.

[3] طنطا، شارێكی گەورەی میسرە و جەمسەری هەموو هێڵی ئاسنینە.

کتێبەوە، وتەکانی (شمیل) و (سلامە موسا)[1]م دەخوێندەوە، تا (فرۆید)[2] و (داروین)[3] بناسم.

بە کیمیا و سروشتیگەری(الطبیعة) و بایۆلۆجیاوە خۆم خەریك دەکرد. لە ماڵەوەشدا کارگەیەکی بچووکم هەبوو، کە تێیدا خەریکی دەرهێنانی کاربۆن و دووەم ئۆکسیدی گۆگرد بووم و (سیسرکە)م بە کلۆر دەکوشت و لاشەی بۆق-م توێکار(تشریح) دەکرد.

چونکە هاوارێك هەبوو هەموو جیهانی گرتبووەوە، کە ئەویش زانست بوو... زانست... زانست، هەر زانست.

دیدی بابەتیانە(النظرة الموضوعیة) تاکە ڕێگەیە.

ئیتر با واز لە نادیاریەکان(الغیبیات) بهێنین و بەس بخورد بسوتێنین و شتی پڕوپوچ کاوێژ بکەینەوە و دوای ئەفسانە بکەوین.

دەم وت کێ فڕۆکە و تانك(دبابە)مان دەداتێ و ئایین و پەرستنەکانمان لێ وەردەگرێ؟ هەواڵەکانی زانستی ڕۆژ ئاوایی، کە بە ئێمە دەگەیشت، سەرسوڕهێنەر بوو، ئاوی چاومان پێی دادەهات، ئێمە هەموو شتێکمان لە ڕۆژئاوا وەردەگرت... پەرتووك، داودەرمان، شەمەندەفەر، ئۆتۆمۆبیل، خواردنی ناو قوتوو، پێنووس، دەرزی، شێوازی داڕشتنی ئەدەبیو وێژەوانی، لە چیرۆك و شانۆگەری و پەخشان، تەنانەت کاغەزی دەرکردنی ڕۆژنامەش. لە باسی پاڵەوانەکانی ڕۆژئاوا و پیتۆلەکانی، خەوی خۆمان دەزڕان و سەرمەشق لە

---

[1] سەلامە موسا: یەکێکە لە ئەدیبەکانی قبطی لە میسر، لە لەندەن و پاریس خوێندوویەتی خاوەنی کتێبی (الانسان قیمة التطور)ە.

[2] فرۆید: فەیلەسوفێکی نەمساوییەو داهێنەری ڕێگەی شیتەڵ کردنەوەی ئەفسانەییە.

[3] داروین: زانایەکی ئینگلیزییە خاوەنی بیردۆزەی (النشوء والأرتقاء)ە.

(باستێر)[١] (مارکۆنی)[٢] و (رۆنتگن)[٣]و (ئەدیسۆن)[٤] یان (ناپلیۆن)[٥] و (ئەبراهام لنکۆڵن) و (کریستۆف کۆڵۆمپس)[٦] و (ماجەلان)[٧]مان دەکردنە نمونەی بەرزمان.

بە کورتی هەر ئەوان پێشکەوتو بوو بوون.

بەڵام ئێمە دواکەوتوین بێ هێزین و لە ژێر پێی داگیرکەرانا داتەپیوین.

بەڵێ، وامان دەزانی هەرشتێك لەلای ئەوانەوە بێت رۆناکی و ڕاستیی‌یە و... تاکە ڕێگاچارەی هێز و ڕزگار بوونە..

لە پاشدا چوومە کۆلیجی پزیشکی(کلیه الطب) تاکو زانستەکان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنم و لە سەرچاوە ئینگلیزیەکان توێکاری(تشریح) بخوێنم، هەروا لە نەخۆشخانە بە زمانی ئینگلیزی قسە لەگەڵ مامۆستاکانم بکەم.. ئەمە بەس لەبەر ئەوە نەبوو کە نۆکەندی (سوێس) ئینگلیز داگیری کردبوو، بەڵکو لەبەر هۆیەکی مەشروع و ڕاستر بوو، کە ئەویش ئەوەبوو، زانیاری پزیشکی نوێ بە تەواوی پیشە و دەستکردی رۆژئاوایی بوو... ئەو هەوڵەی لەکاتی (ابن سینا) و هاوەڵەکانیدا دراوە سەرەتا بوەو دەوای دەردی ئێستا ناکات.

بەڵێ، ڕۆژئاواییی‌یەکان دەستیان بە گوریسەکەوە گرت، کە بە (ابن سینا)[٨] و

---

[١] باستێر: زانایەکی فەرەنسی بوو دەرمانی نەخۆشی سەگی دۆزییەوە.

[٢] مارکۆنی: زانایەکی ئیتاڵی‌یە و داهێنەری (بێ‌تەل)-لاسلکی-و ڕادیۆیە.

[٣] رۆنتگن: زانایەکی ئەڵمان بوو داهێنەری بروسکە-اشعە-یە.

[٤] ئەدیسۆن: زانایەکی ئەمریکی‌یە و داهێنەری کارەبا و کامێرا و قەوان بوو.

[٥] ناپلیۆن: سێ پاشای فەرەنسە بوون هێرشیان هێنایە سەر میسر (١٧٩٨) ز.

[٦] کریستۆف کۆڵۆمپس: دەریاوانی ئیتاڵی بوو ئەمەریکای دۆزیەوە.

[٧] ماجەلان: دەریاوانی پورتوگالی بوو هەوڵی گەشتێکی سەر زەوی دا بەڵام لە فلپین کوژرا.

[٨] ئیبن سینا: زانای پایەبەرزی ئیسلامە لەساڵی ٩٨٠ لە بخاری لەدایك بووەو لەساڵی

تویژەرە موسڵمانەکان کۆتاییان هات، ئینجا ئەوان بە توانیستی پیشکەوتووەوە دەستیان پێکردەوە، ئەویش بە هێنانی کارگەی گەورەو تاقیکردنەوەو تەرخانکردنی هەزاران ملیۆن دینار بۆ لیکۆڵینەوە، تاکو توانیان پێش پێشوەکان بکەونەوە، چ لە موسڵمان و چ لە نەتەوەکانی‌تر، کۆشك و تەلاری زانستی پزیشکی نوێ و فسیۆلۆژیا و توێکاری و پاثولۆجیایان بەرپا کرد، تاکو بەڕاستی بوون بە سەرچاوە.

لە کتێبە پزیشکەیەکاندا فێری ئەوە بووم، کە گشت شتێ بە گەز و ترازوی زانیاری بپێوم و بکێشم. ئەوەی بینراو هاتە ژێر میکرۆسکۆبەوە هەیە و ڕاستە، ئەوەیش وانەبوو، نیە.

زانست خۆی لە بینراو و هەست پێ‌کراو و دەست لێدراوەوە(المنظور والمحسوس والملموس) دەست پێ دەکات.

خودی زانست بریتی‌یە لە کردەی کۆکردنەوەی چەند بینراوێك و دەرهێنانی چەند یاسایەك.

ئەوەی هەستی پێ‌نەکرێت لە دیدی زانستیەوە مانای نەبوونە.

نادیار(غیب) لە یاسای زانستیدا حسابی نیە.

ئا بەم جۆرە گەڕانەکەم دەست پێ‌کرد، بەهۆشێکی زانیاری ماددی لە جیهانی بیروبڕواوە. سەرەڕای ئەو زەمینە مادیە و ئەو شتە هەست پێکراوانەی کە نکوڵی نادیار دەکەن، نەمتوانی هێزی خوایی بەلاوەنێم و نەرێی لێ بکەم.

بەڵام وەنەبێ زانیاری وازی لێ‌هێنابم و هێشتبێتی لەسەر یەك بار بمێنمەوە، چونکە هەموو ڕۆژێك جوانترین وێنەی ئەم بوونەوەرەی نیشان دەدام...

١٠٣٧ز لە هەمەدان کۆچی دوایی کردووە.

هەموو شتێك هەر لە (گەڵای دار، باڵی پەپولە، زیخ و چەو) ڕێکوپێکی و جوانی یاسای تێدایە.

بوونەوەر هەمووی بە ئەندازە و چەند یاسایەکی زۆر ورد دانراوە.

هەموو شتێك بە یاسا دەجولێتەوە هەر لە وردترین شت لەم بوونەوەرەدا هەتا ئاسمانی گەورەو خۆر و ئەستێرەکانی‌تر، کە ژمارەیان لە هەزار ملیۆن خۆر زیـاتـرن، ئـەو گـەردونەی کە گـەردون نـاسـەکان پێمان دەڵێن هەزار ملیۆن کاکێشان(مجرة)ی تێدایە.

هەموو ئەو شتانەی هەیە، هەر لە بچووکترین ئەلیکترۆنەوە تا گەورەترین ئەستێرە، وەکو ئاوازی گۆرانیەك دەمبینی، کە بەوپەڕی ڕێکوپێکی‌یەوە دەهاتە گوێم، یان وەکو یەك لاشە دەهاتە پێش چاوم کە گیانی لەبەردا بێت.

زانست بەڕێگەیەکی مادییەوە، بە هۆی وەسیلەیەکەوە یارمەتی دەدام کە خودام بە بیردا بێ.

ئا لەم قۆناغەدا وام دەزانی خوا ئەو هێزە نادیاری‌یەیە، کە لە بوونەوەردا هەڵدەسێ بە ڕێك خستنی ئەم شێوە جوانانە لە زیندەوەران و دار و بەرد و زەوی و ئاسمان، خوا ئەو جوڵانەوەیە، کە زانیاری لە گەردیلە و پرۆتۆپلازم و فەلەك دا دۆزیویەتەوە، خوا ئەو وزە دروستکەرەیە کە لە هەموو شتێکدا هەیە.

وەکو (قەدیس تۆماس)[1] دەڵێ: خوا ئەو کردەوە خالیصەیە، کە لە میکرۆبدا دەجوڵایەوە تاکو بوو بە مرۆڤ، ئێستەش دەگۆڕێ و دەگۆڕێ، بێ‌دوایی هاتن هەر دەگۆڕێ.

بوونەوەر لەبەرچاوم وای لێ‌هات کە بێ‌سنورەو بێ دوایی‌یە، وام دەزانی ژیان

---

[1] تۆماس یەکێکە لە دوانزدە نێردراوەکەی پێغەمبەر (عیسا).

و جیهان هەروا دەمێنێ و، ئەو ڕۆژە نیە کە ئەم بوونەوەرەی تیا نەمێنێ.

کەوابو ڕاست نیە پرسیار بکەین کێ ئەو بونەوەرەی دروست کرد، چونکە پرسیار کردن ئەوەی بەدوادا دێ کە دەبێ ڕۆژێ بووبێ بوونەوەر دروست نەکرابێ، پاشان هێنراوەتە بوون.. چۆنیش شتێك نەبوبێ کیانی هەیە. نەبوون بۆ جیهان نیە و هیچ کاتێك نیە و نەبووە کە جیهان نەبووبێت، هەر بووەو هەر دەبێت..

بەم جۆرە وام زانی کە سەرەتا و دوایی بۆ جیهان نیە، وام دەزانی هەموو شتێك کە هەبوو ئەوە خوایە، نەبون نیە، خوا بونێکی ماددی‌یە هەر بووەو هەر دەبێ.

ئەمەم بۆ خۆم دروست کرد بۆ بوونی خوا، بەبێ پێویست بەوەی، کە بڕوام بە نەبینراو (غیب) هەبێت.

بەڵێ بەم جۆرە کەوتمە دیلیی بیرۆچکەی (وحدة الوجود)ی بیروباوەڕی هیندی‌یەکان و فەلسەفەی (سپینۆزا)[1] و بیرۆچکەی (برجسۆن) کە باسی وزەی ناوەکی دەکات، گشتیشی فەلسەفە گەلێکە کە لە زەویەوە دەست پێ دەکات... لە پێنج هەستەکان... دانیش بە نادیارەکان دا نانێت، بە قوڵتر چوومە ناو فەلسەفەی هێندی‌یەکانەوە، وام دەزانی هەموو دروستکراوێ دروستکەرە.

لە سیفری (یۆبانیشاد)-نوێژێکی کۆنی هیندی هەیە- ئەم مانایە لە هەندێك هەڵبەستی ناسك بەناوی (براهی)[2] ڕاڤە دەکات.

---

[1] سپینوزا: فەیلەسوفێکی هۆڵەندی‌یە، لەپێشا جوولەکە بوو وای دەزانی ژیان نابڕێتەوە.

[2] بـراهما: ئاییـنی زۆر کۆنـی هیندی‌یەکان بوو، بوزی‌یەکان هەڵسان بە تازەکردنەوەی ئەم ئاینە

ئەگەر بکوژ وای زانی کە بکوژە و
کوژراو خۆی بە کوژراو دانا
ئەوان نازانن شێوەی کردارم چۆنە..!
دەبم بە سنگ بۆ ئەو کەسەی دەمرێ
دەبم بە چەکیش بۆ ئەو کەسەی دەکوژێ
دەبم بە باڵ بۆ ئەوەی دەفڕێ
دەبم بە دوو دڵی بۆ ئەوانەی بڕوایان بە بوونم نیە
دەبم بە هەموو شتێك، تەنانەت خودی گومانیش
بەڵام من خۆم تەنیا و بێ وێنەم
من شتەکانم

ئەو خوایە، کە بە روناکیەکی سپی دەچێ.. یەکە.. ساکارە.. بەڵام لە ناوەوەیدا حەوت رەنگە شەبەنگەکەی لەخۆ گرتووە.

بەڵێ، چەندساڵێك لەم تەم ومژەی باوەڕی هیندیەدا ژیام و لای زۆر لە مامۆستاکانی هیندی لە بناغە و پەلەکانی ئەم باوەڕەم خوێند. بیروڕای (گیان گواستنەوە= التناسخ) بە ماوەیەکی زۆر بەسەرم دا زاڵ بوو، لە چیرۆکەکانم رەنگی دایەوە، وەك (العنکبوت) و (الخروج من التابوت).

لە پاشا لە حاڵەتێکی رازی نەبوون و بڕوا پێ نەکردن بە ئاگاهاتم.

لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت ئەمیش زۆر شتی درۆی بەرامبەر بە خوا تیایە.

جارێکی تر هەر زانست بوو، کە رێی نیشان دام و رزگاری کردم و یارمەتی دام.

مانەوەم لەسەر زانست و لەسەر ئەوەی زیندەوەر بخەمە ژێر میکرۆسکۆب، شتێکی تری پێ وتم.

یەکێتی بوونەوەر(وحدة الوجود)ی هیندی‌یەکان بریتی بوو لە هەڵبەستی سۆفیانە.. بەلاّم ناڕاست.

ئەو حەقیقەتەی، کە زانست دوپاتی لەسەر کردووە ئەوەیە، کە دەڵێ کەرەسەی خاو هەموی یەکن لە چنین و یاسا و دەست پێ‌کردنی سەرەتایی‌دا.. یەکن لە ژیاندا. چونکە هەموو ژیانی ئادەمیزاد و ڕووەك و گیانلەبەرەکانی‌تر بریتی‌یە لە گۆڕینەوەی گازی کاربۆن لەگەڵ هیدرۆجین و ئۆکسجین و کردنیان بە خەڵوز... هەموو ژیانیش بریتی‌یە لە یەك خانە و ماکەکانی.

بۆ جارێکی‌تر لە زانستی گەردون ناسی و کیمیا و زانستی ئەتۆمەوە فێر دەبین، کە هەموو ڕەگەزە جیاجیاکان(العناصر المختلفة) لە کولاّندنی یەك ڕەگەز لەژێر تەنوری ئەستێرەکاندا پەیدا بون، کە ئەویش هایدرۆجینە..

هایدرۆجین دیسان هەر لەو تەنورەدا دەبێت بە هیلیۆم و کاربۆن سلیکۆن و کۆبالّت و نیکل و ئاسن و ...هتد. ئەمەش بە چەند شێتەڵ و بەستنێك بەهۆی پلەی گەرما و پاڵەپەستۆیەکی زۆرەوەیە.

کەوابور هەموو بوونەوەرەکان(الموجودات) دەگەڕێنەوە سەر یەك کەرەسەی خاو و گوریسی ئاوریشمی کە ئەم بوونەوەری بەم شێوە جوانە پێی ڕێسراوە بەم هەموو گوڵ و داڕشتنە جوانەوە بە چەند شێوەیەکی جیاجیا.

جیایی لەنێوان بابەت و بابەتێکی تر بەشێکی دروست کراو لەگەڵ‌ئەوی تردا، جیایی‌یە لە پەیوەندی چۆنیەتی و چەندێتی... لە هاوکێشە و نهێنی پێکهاتەیدا، بەلاّم کەرەسەکەیان یەکێکە، لەبەر ئەمەیە هەست دەکرێ بە نزیکی و خزمایەتی و دڵسوتان لەنێوان ئادەمیزاد و گیانلەبەرەکانی تردا، لە نێوان لوت و بۆنی خۆشی گوڵ و، چاو و دیمەنێکی جواندا.

ئا ئەمە نهێنی هارمۆنی و گونجاندنە. هەموو بونەوەرێك ئەندامی یەك

خێزانی دایك و باوکێکه.

کەوابو ئەمە درۆیە پارچەکانی بوونەوەر خۆیان دروستکەری یەکتر بن. یان خوا بونەوەرە، یان دروستکراو دروستکەرە، ئەمە شتێکی تێکەڵ و پێکەڵی سۆفیانەی ناڕاستە.

ئەمە وەکو ئەوە وایە ڕەخنەگرێك بڕواتە پێشانگایەکی وێنە، کە ژمارەیەکی زۆر تابلۆ و وێنەی تێدا هەبێ، لەو هەموو وێنانەدا وێنەیەکی جوانی بەدی کرد و بۆی دەرکەوت ئەم هەموو وێنانە لەسەر شێوازی ئەم تاکە وێنەیە دروست کراوە.

یەکسەر دەڵێ ئەم وێنانە هەموویان یەك هونەرمەند دروستی کردون، ئەم وێنانە یان (بیکاسۆ) یان (شاکاڵ) یان (مۆدیلیانی) بە پەڕی ڕەنگین کێشاویانە..

کەواتە یەکێتی لە نێوان دروست کراوەکان مانای بونی یەك بەدیهێنەری دەگەیەنێ.

بەڵام مانای ئەوە نیە خودی دروستکراوەکان دروستکەرن.

ڕەخنە گرەکەش هەرگیز ناڵێت ئەم وێنانە خودی وێنەکێشەکەیە .

یەکێتی بونەوەری هیندییەکان تەڵەکە و دەست بڕینە... ئەمە ساویلکەیی ویژدانە، نە زانست و نە عەقڵ دان بەمەدا نانێت.

بەڵکو هەمو بیردۆزە زانستییەکان بۆیان دەرکەوتووە، کە یەکێتییەکی تەواو هەیە لەنێوان هەموو دروستکراوەکانی جیهاندا.. یەکێتی شێواز.. یەکێتی یاسا.. یەکێتی کەرەسە.. ئەمانە هەموو ئەوە دەگەیەنێ کە دروستکەرەکەیان یەکە و یەك کەس هەموویانی دروست کردووە و هەر تەنیا بەشێوازە نازدارەکەی خۆی و بەبێ ڕازیبوون بە شێوازی یەکێکی تر.

دیسان زانست پێمان دەڵێ، ئەم دروستکەرە خاوەنی ژیرییەکی گشتی و دەسەڵاتێکی وەهایە ڕێگەی چۆنیەتی گەورەبوون و چۆنیەتی ژیانی بۆ هەموو دروست کراوەکانی داناوەو چەکداری کردوون بەرامبەر دوژمنەکانیان بۆ مانەوەیان.

ئەو دروستکەرە ئەوەیە کە باڵ دەدا بە تۆوی داری بیابانەکان تاکو بفڕێت و بگات بە شوێنی ئاودار بۆ ڕواندنی.

ئەو دروستکەرە ئەوەیە کە، بەبێ پێوتنی مامۆستا (ئەرخەمیدس)[1]، توورەکەی هەوایی بۆ گەرای مێشولە دەکات، تاکو لە ئاودا نوقم نەبێت و نەخنکێت.

بەڵێ بۆم دەرکەوت کە ئەوە دروستکەری ئەم هەموو دروستکراوانەیە.. باڵادەستە.. ئەوەی ئەو دەیزانێ ئێمە نایزانین..

بە وانایە و شتی وا دەبینی کە کەسی تر ناتوانێ بیبینێ.

خودا تاکە..بە توانایە.. زانایە، لێزانە، بیسەرە، بینایە، ئاگادارە، هەموو سیفەتێك دەدات، بەدەسەڵاتە.. دەبیستێ..

پەیوەندی ئەم دروستکەرە لەگەڵ دروستکراوەکانی نزیك ترە لە هاتوچۆی خوێن بەناو لەشدا.[2]

هەر ئەو دەتوانێ، کە ئەم جیهانە، بەم وردی و دوور لە هەموو هەڵەیەك، برازێنێتەوە.

هەر ئەو خوایە دادگەرەیە کە یاساکانی خۆی پتەو کرودوە و لەسەر چەند

---

[1] ئەرخەمیدس: زانایاکی یۆنانییە و خاوەنی چەند بیردۆزەیەکی زانستییە، بە تایبەتی نظرية الطفوء.

[2] (ونحن أقرب اليه من حبل الوريد)

ڕێسایەکی ورد دایمەزراندوە کە هەڵە ناکات، ئا بەم شێوەیە زانست فیکرەی تەواوی ئیسلامی دەربارەی خودای پێشکەش کردم.

* * *

ئەوەی کە دەڵێ ئەم جیهانە هەر بووەو هەر دەبێ، نەبوونی نەبووە. بێجگە لە یاریکردن بە وتە هیچی تری تێدا نیە.

لە واقیعیشیدا نەبوو، نەبوو نیە.

نەبووش لە تێڕوانین و فیکردا نەرێی ئەوە دەکات کە نەبێ.

بە زۆریش نەبوو نەرێی ئەو شتەیە دەیزانین، بەڵام نەرێیەکی رەها نا، کە بە تەواوی بیسرێتەوە، بیرۆچکەی نەبوونی ڕەها (العدم المطلق) گریمانەیەکی وەك گریمانەی سفری بیرکاری.. ناشکرێ و دروست نیە گریمانە و واقیع تێکەڵ بکەین، دروستیش نیە واقیع بکەینە گریمانەیەکی تیۆری و بە کوێرانە بڵێین نەبوون نەبووە و، وا دابنێین، ئەم قسەیە مەسەلەیەکی وجودیە، کە لە واقیع دا چەند یاسایەکی لەسەر بنیات بنێین.. ئەمەش هاودژیەکی راشکاوانەیە و قسەیەکی بێ هودە و بێ خێرە..

بە هەمان نمونەش بڵێین بونەوەر بووە.. ئالێرە هەمان تێکەڵی دەبینین.. چونکە بونەوەر شتێکی روتی زیهنی‌یە، مەوجودیش واقیعێکی هەستیاریە..

جا وشەی نەبون و وشەی هەبوون دوو شتی ڕووتی زیهنین وەك سفر، دروستیش نیە تێکەڵی بخەینە بێ کۆتایی (اللانهایة) و واقیعی بەرهەست، هەروا بونەوەر، کە هەیە و دیاریکراوە ناکرێ لەبەردەم هەستەکان دا بنرێ.

کەواتە بونەوەر تا سەر نامێنێ و نەبونی دەبێت وەکو نەبونی بووە بەپێی دوا فەرهەنگی زانست-یاسای دووەمی- دینامیکای گەرمی-، ئەم یاسایە دەڵێ:-

(گەرما لە تەنێکی گەرمەوە دەڕوات بۆ تەنێکی سارد، تاکو لە گەرمیدا وەکو یەکیان لێدێت، ئیتر لە پلەیەکی گەرمایی یەکساندا ڕادەوەستن تاکو دەست دەکەن بە ساردبونەوە).

ئەگەر ئەم بوونەوەرە هەر ببوایە بەبێ سەرەتا ئێستا هەموو هێزێکی گەرما بەکاردەهێنرا و ژیان نەدەما تاکو ئەمڕۆ، دیسان مردنی ئادەمیزاد و مردنی شارستانیەتی و مردنی ئەستێرەکان و هەموو گیان لەبەرانیتر.

خودی ئەم یاسایەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ئەم بونەوەرە سەرەتای هەبووە.

ئەو قیامەتە گچکەی کە لە دەوروبەرماندا دەیبینین، هەر لە مردنی ژیارەکان و مردنی خەڵك و مردنی ئەستێرەکان و مردنی گیانلەبەر و ڕوەکەکان و کۆتایی هاتنی ساتە وەختەکان و ساڵەکان، دیمەنێکی تری قیامەتی گەورەیە، کە پێمان دەڵێ هەردەبێ ئەم بوونەوەرە کۆتایی پێ بێت.

بەڕاستی زانست هەرگیز دژی ئایین نیە و بەربەرەکانێ ناکات لەگەڵ ئایین دا، بەڵکو ئادەمیزاد هەر بە زانست دەتوانێ مانای ئایین بزانێ.

بەڕاستی هەر نیوەی زانستە گومان و دودڵی دەخاتە ناو عەقڵەوە.. بەتایبەتی گەر ئەم عەقڵە بەخۆی بنازێ و لوت بەرزبێ و پشت بە عەقلانیەتی خۆی ببەستێ.. بەتایبەتیش گەر لە سەردەمێکدا جەنگێك لە ئارادابێ، کە وا بزانرێ عەقڵ تێیدا هەموو شتێکە.. هەروا گەر مرۆڤ تەنها ژیاری مادیی ببینێت، کە فڕۆکە و کەشتی ئاسمانی و مانگە دەسکردەکانی تێدا بنەڕێنێت و.. هەر ساتێك هاوار بکات:

من ماددەم.. من هەمو شتێکم.

هەمومان یەك ڕەگەزین.
لەیەك كەرەسەی خاودا.
هەر یەكەمان خاوەنی تاكێكی سەربەخۆین.

جیاوازی لەنێوان دروست كراوەكاندا تەنیا جیاوازی كەم و زۆری گەردیلە(ذرة)كانی نیە و بەس..! بەڵكو جیاوازییەكی گەورەتر هەیە، كە ئەویش چۆنیەتی لكاندنی ئەو گەردیلانەن پێكەوە و جۆری پەیوەندیان.

ئێستە لە هەڵپێچانی تۆوەكانی بۆماوەیی (الجینات الوراثیة) لە یەكەم خانەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە هەمو كۆرپەی مرۆڤ زیاتر لە (٢٠) پیتی كیمیاوی لە پرۆتین (DNA) و (RNA) تێكەڵی دەبێ وەكو چۆن هەموو پەڕاو و پەرتووكەكان لە پیتەكانی ئەلف و بی پێك دێت، كەچی هەر پەرتووكێك جۆرە شێواز و مەبەستێكی تایبەتی هەیە و دەڵێی دروستكراوێكی جیاوازە لە پەرتووكەكانیتر. لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان یەك جۆرە پیتن.

لەمەش رونتر، دەبینی، كە هێڵی پەنجەكانی دوو كەس لە یەك ناچن با برابن یان بە جووتەش لەدایك بووبن. سەرەڕای ئەم هەموو هەزاران ملیۆن خەڵكەش هەر لە ڕۆژی دروست بوونیّ ئادەمیزادەوە تاكو ئێستە.

لەمەوە بۆمان دەردەكەوێ كە هەر لەشێك جۆرە دارِشتێنكی كیمیائیتایبەتی خۆی هەیە و نابێت كە پارچەی لەشێك بۆ پینە بەكار بهێنری بۆ لەشێكی تر.. هەروا جەستەش ئەو پارچە نامۆیەی قبوڵ نیە، جا ئەو شتە

میکرۆب بێ یان تەنێکی بێگانە بێ.

ئەمەش گەورەترین کۆسپە لەڕێی پزیشکە نوژدار(جراح)ەکاندا و ناتوانن بە ئاسانی پارچەی لەشێك بنێن بە لەشێکی ترەوە.

درێژترین ماوەی ژیانی دڵێك کە لە جێی دڵێکی تر دانرابوو (٢٠) مانگ بوو. ئەویش بە ڕهێڵە دەرزی و بەنج و حەبی دژی (حساسیە)یان بەسەریا دەباران، بۆ مانەوەی ئەم دڵە تازە لەو لاشەدا.

مانای ئەوەش ئەوەیە، کە تاکیەتی و بەتاك کردنی ڕاستیەکی کرۆك(جوهر)یە، کە زانست گەواهی بۆ دەدات..

ئەمەش ڕاستەیەکە کە، لە سەرەتای پێشکەوتنی فیکرم ئاوڕم لێ نەدابوەوە، وام دەزانی ئەوەی کاکڵەیە و دەمێنێ، کۆمەڵە نەك تاك.. مرۆڤە نەك فلان.. ژیانە نەك ژیاو.. هەمووە نەك یەك.

ئەمەش شوێنەوارێکی فەلسەفەی هیندیەکانە، کە دەڵێ:

بوون خوایە و دەمێنێ هەتا سەر، بەڵام هەموو ئەو شتانەی هەن بریتیییە لە المایا (maya) کە ئەویش خەیاڵێکە نامێنێ، هەر کە مرد دەڕزێ و ئیتر زیندوو نابێتەوە، پاش مردن پاشەکەوتی هەر ئەوەیە پەروەردە و زانست و سامانی بۆ منداڵەکانی بەجێ دەهێڵێ.

بەڵام خۆی هەر ئەوەیە دەدرێت بەدەم هەواوە باڵ دەگرێتەوەو بەشی هەتاهەتاییمان ئەوەیە، کە دەچینە ناو دەفری هەموانەوە.

ئیتر نرخ و شەخسیەتی ئەم ئادەمیزادە کامەیە...؟

من هیچ لە شەخسیەت نەگەیشتبووم جگە لەوەی، کە بریتی بێت لە چەند کاردانەوەیکی بارودۆخی بەسەر چەند هەڵوێستێکی کاتیدا، جا هەرکە ڕەوشەکە کۆتایی پێهات و کاتەکە گۆڕانی بەسەرداهات، هیچ لەو شەخصیەتە نامێنێت... لە ئەنجامدا بە پیربوون و هەڵوەشاندنەوەی ڕیشاڵەکانی مۆخ

ئەمیش نامێنێت.

کاتێکیش دەمارەکان تێك دەچن و بە مردن لە ناو دەچێ و، هەمان خودی تایبەتی لە ناو دەچێ.

وام دەزانی کەسایەتی تەنها دابڕانێکی دیاریکراوی چەند سیفەتێکی دیاریکراوە، بە کاریگەری چەند ئەزمونێکی زیندوو و چەند کردەوەیەکی پێچەوانەی دەمارگیرییە..

کە هەندێکی لە شێوەی غەریزە دا بۆمان ماوەتەوە، هەندێکی تریش لە رێگەی مومارەسەی هەستی وەرگیراوە.. ئەم مومارەسەیەش لە مێشك تۆمار دەکرێ و لە بیرەوەریدا چاپ دەبێ. جا گەر مێشکەکە کۆتایی هات و خانەکانی بیرەوەریی گەندەڵ بوو، ئەو کاتە پێویست بە مانەوە رۆحانیەکەی تری ئەم پەیوەستە مادییە پوختە ناکات.

لە سەرەتا دا بەم چەمکە مادییە روکەشەوە دەمڕوانیە ئادەمیزاد، بە خۆشم دەگووت شەخصیەت یەك شت نیە لە هیچ کەسدا..! هەر کەسە چەند شەخصیەتێکی هەیە.. شەخسیەتی تەمەنی (١٥) ساڵی جیایە لەگەڵ شەخسیەتی تەمەنی (٢٠) ساڵی، (٢٠) ساڵی لەگەڵ (٣٠) ساڵی.هتد... هەموو تاوێك لەو کەسە شتێك کەم و شتێك زیاد دەکات...

ئیتر کام شەخسیەت لەمانە زیندوو دەکەنەوە بۆ لێپرسینەوەو سزادانی یان پاداشت دانەوەی؟ ئەوانەی، کە توشی دابەش بونی کەسایەتی بون، کامەیان دەچێتە جیهانەکەی تر، دکتۆر (جیکل) یان مستەر (هاید)؟

بەڵێ بەم جۆرە شەڕە وتەی پووچ دەکەن.. نازانن ئەگەر ئێمە بمانەوێت پەرتوکێك بۆ جاری دووەم لە چاپ بدەینەوە، یەك پەڕە یان یەك باس لەو پەرتوکە چاپ ناکەین.. بەڵکو هەموو پەرتوکەکە بە هەموو لاپەڕە و باسەکانیەوە لە چاپ دەدەینەوە.

هەر بەم جۆرەیە، مرۆڤ بە هەموو بەشەکانیەوە زیندوو دەبێتەوە. وەکو دەنکێك گەنم کە فڕێ دەدرێتە ژێر تاریکی زەوییەوە، کاتێ سەوز دەبێت و دەڕوێت، هیچ شتێك لە شێوەی گەنمەکەی لەبیر ناچێتەوە.. چۆن بووە هەر بەو جۆرە دەڕوێتەوە..!

بەڵام دیدگای مادیی کە بە سروشتی خۆی بەلای شیکردنەوە و توێکاری و لەت لەت کردنە، بە درێژایی کاتیش هەر ئەمە زاڵ بووە، جا لەبەر ئەمە هەردەم وێنەی تەواوی شتەکانم لەبەر چاو نادیار بووە.

وام دەزانی، کە ئەگەر لاشە یەکالا(تشريح) بکەم گیانم دەست دەکەوێت، چونکە لام وابوو گیان(روح) هەر لاشەیە و هیچ جیاوازییەك نیە لەنێوان گیان و لاشەدا.

گیان لاشەیە..

عەقڵ مێشکە..

شەخسیەت چەند کاردانەوە و چەند کردەوەیەکی پێچەوانەی ئارەزووە..

سۆزیش لە کۆتاییدا برسیەتی لاشەیە بۆ ئەو شتە..

بەڵام لێرەدا ئێمە هەڵوەستەکی درێژ دەکەین و پرسیار دەکەین:-

ئایا ڕاستە نەفس پاڵنەری برسێتی و جنس و کۆمەڵە هەستپێکردێکە کە جەستە پەی بە پێویستیەتی دەکات؟.

گەر ئاوامان گوت، ئەوا ئێمە لەبەردەم تەفسیرێکی مادیی کوێرانە داین، ئەمەش نە حەقیقەتی نەفسە و نە حەقیقەتی مرۆڤە.. دەشگەڕێمەوە لاپەڕەکانی کتێبی (لغز الموت) و (لغز الحياة) کە بەدرێژی تاوتوێی بابەتەکەم کردوە.

مرۆڤ قوربانی بە پارووە نانەکەی و جێگە گەرمەکەی دەدات لە پێناو چەند ئامانج و نمونەی بەرز و ڕوتی وەك دادگەریی و حەقخوازی و خێرخوازی و سەربەستی.. کەواتە کوا پاڵنەری برسێتی و ئارەزوی جنسێتی؟.. ئەوەی خۆی

ده‌دا به کوشت بۆ هاتنی ڕۆژێك که هێشتا نه‌هاتووه..! ئیتر ئه‌و له ته‌فسیری مادیی له کوێیه؟

ئێمه له‌به‌ر ده‌م سه‌لماندنێکی بڕه‌ر داین، که‌وا نه‌فس و خود (ذات) حه‌قیقه‌تێکی له سنور به‌ده‌ر و به‌رزه به‌سه‌ر لاشه‌دا، ته‌نیا پێداویستی هه‌ستی جه‌سته نیه که له ئاوێنه‌ی ناوه‌وه ره‌نگی دابێته‌وه.

ئه‌و هێزه‌ی، که لاشه‌که‌ی خۆی پێشێل ده‌کات و ده‌یدات به قوربانی، ئه‌وه سه‌رۆك و-فه‌رمانده‌یه- به‌سه‌ر لاشه‌دا.. و کلکی نیه..

چونکه ئه‌گه‌ر من به‌س لاشه بم چۆن ده‌توانم زۆر له لاشه‌م بکه‌م و بیده‌م به‌سه‌ر هه‌زاران به‌ردی سارد و گه‌رمدا..

یا من ئه‌گه‌ر برسیه‌تی بم چۆن ده‌توانم که برسیم بوو، خۆم بگرم.

جا به ته‌نها ده‌سه‌لاتی ناوه‌کی به‌سه‌ر گشت توخمه‌کانی جه‌سته و موفره‌داتی غه‌ریزه‌کان، شایه‌تی ئاشکراکه‌ری ئه‌م توخمه به‌رزه و ئه‌و جیاوازیانه‌یه که خودی مرۆڤایه‌تی لێ پێکدێ.

له‌ڕێگای نه‌فسه‌وه لاشه‌م هه‌ڵده‌سوڕێنم
له‌ڕێگای عه‌قڵه‌وه نه‌فس هه‌ڵده‌سوڕێنم
له‌ڕێگای به‌رچاوڕۆنی‌یه‌وه سنورێك بۆ هۆش داده‌نێم.

ئه‌و به‌شانه‌ی له لاشه‌ماندا هه‌ن هه‌ریه‌که‌یان فرمان ده‌دات به‌سه‌ر ئه‌وه‌ی له‌خۆی خوارتردا، لێره‌دا فه‌رمانده‌یه‌ك له هه‌مویان به ده‌سه‌لاتره، فه‌رمانده‌ی هه‌موو تێشووه‌کانی له‌شه.. که ئه‌ویش، گیانه... گیانیش کلك و پاشکۆی نیه، که به مردنی بمرێ.

ئه‌و مادی‌یانه‌ی، ده‌ڵێن ئاده‌میزاد بریتی‌یه له کۆمه‌ڵه پێویستیه‌کی فسیۆلۆجی مادی و به‌س...! ئه‌وه‌مان بۆ راڤه بکه‌ن، له کاتی نوستن دا ئه‌م مرۆڤه ده‌چێته کوێ؟.

سەیر دەکەیت هەمو کردەوە فسیۆلۆجی‌یەکانی لەش بەردەوامن لە ئیش کردن لەکاتی نوستندا گشت کردەوەکانی خۆنەویستی (لا إرادی) بە ڕێك و پێکی کاردەکەن.. دڵی لێ‌دەدات.. سی‌یەکان هەوا ئاڵ و گۆڕ دەکەن.. ئارەزوی پیاوەتی(الجنس) هێرش دەهێنێ.. ئەگەر درکێك بچێت بە دەستدا دەستی هەڵدەکێشێت... لەگەڵ ئەمەشدا ئەم نوستووە لەبەر دەستماندا کەوتووە، دەڵێی دارێکی ڕەقە.. هەر دارێکی ڕەقە... یان ژیانێکی سەرەتایی‌یە، کە لە ژیانی زیندەوەر جیاوازی نیە، ئیتر کوا ئادەمیزاد...؟

خەوتن و لەخەو هەڵسان نمونەیەکی بچوك کراوەیە بۆ زیندوبونەوەی پاش مردن. ئەو نوستووە بێ‌دەسەلاتە سەیر دەکەیت یەکسەر هەڵدەسێ و بەبێ خۆ ئامادەکردنەکەی (هیتلەر) و (نیرون) ئەو کردەوانەی لەپێش نوستندا دەیکردن ئێستاش دەیانکات و هەرچی پێش نوستن کردویەتی دێتەوە یادی.

لێرەدا ماددی‌یەکان لەبەردەم ڕاستی‌دا سەرشۆڕ دەکەن و ناتوانن بڵێن (نفس) نیە، دەڵێن (نفس) هەیە و ڕاستە، چونکە لە ئەنجامدا بە ماددە دادەنرێت.

ئێمەش دەڵێین (نفس) چۆن دەبێتە بابەت..؟ دەبێتە بابەتی کێش...؟ هەتا ئەگەر ئەو کەسەیش پارچەپارچە بکرێت و بخرێتە ژێر میکرۆسکۆبەوە نابینرێت، ئیتر ماددەی چی‌یە..؟

سەبارەت بە کەسانی تر بابەتە؟! چۆن وایە؟! ئەوانی دیش هەست بە بونی ناکەن مەگەر لە ڕوکەشی ڕەفتارەوە هەڵیهێنجن..

ئەو ڕووکەشانەش زۆر نیە، یان درۆ نیە.. هەر یەکێك لە ئێمەش نمایندەی خەڵکە بەڵکە نمایندەی خودی خۆی و ڕەفتاری روکەشیەتی. کەم جار هەیە ببێتە بەڵگە لەسەری.

یان بابەتە سەبارەت بە خاوەنەکەی؟

کەوابو دەبێ ئێمە بڕوامان بە شتێك هەبێت، کە نابینرێت. ئێمە هەست کەر و هەست پێکراومان هەیە.
مەرجی هەست کەر ئەوەیە لە دەرەوەی هەست پێکراوەوە بێت، کەوابو ئەو هەست کەرەی ئێمە هەمانە لە دەرەوەی لەشمانە.
چونکە ئەگەر لەناو لەشدا بوایە هەستمان بەس بە شتەکانی ناو لەشمان دەکرد و ئاگاداری دەرەوەی نەدەبوین و بیرەوەریمان لەگەڵ چرکە ژمێردا دەڕۆیشت و..بێئاگا دەبوین لەپێش ئەو کاتە..
ئەمەش یاسایە دەڵێ: هەست بە هیچ شتێك ناکەیت، ئەگەر لە دەرەوەی ئەو شتەوە نەبێت.
تۆ هەست ناکەیت بە سوڕانی زەوی چونکە خۆتی لەسەری، بۆ زانینی چۆنێتی سوڕانی گۆی زەوی دەبێ لە دەرەوەی سنوری زەوی‌یەوە بوەستیت.
خۆ ئەگەر لەسەر زەوی بیت تۆش پارچەیەکی زۆر بچوك و نادیاری زەویت.
هەروەها بۆ زانینی جولان یا زانینی چۆنیەتی هەمو شتێك دەبێ لە دەرەوەی ئەو شتەوە بیت.
کەوابو چونکە هەست بە ڕۆیشتنی ڕۆژگار دەکەیت تۆ لە دەرەوەی ئەو ڕۆژگارەیت.
بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت، بونی گیان(روح) جیاوازە لە بوونی ئێمە و پلەی بەرزترە لە بون و لاشە و ڕۆژگاری ئێمە...!
ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە ئێمە دەبین بە دوو بەشی سەرەکی‌یەوە، بەشێکمان چەقیوەتە ناو ڕۆژگار و دەڕوات لەگەڵیا، گەورە دەبێت.. پیر دەبێت.. لەهێز دەکەوێت.. هەتا دەمرێت.. ئەمە لاشەیە.
بەشەکەی ترمان لە دەرەوەی ڕۆژگارە، کە گەورە نابێت.. پیر نابێت.. ناسوێت.. کاتێ لەش دەبێت بە گڵ و مێرو دەیخوات، ئەو هەروەکو خۆی

دەمێنێتەوە. ئەم بەشە ئەوەیە، کە ئاینەکان پێی دەڵێن گیان (روح).

هەرکام لە ئێمە دەتوانێ لەناخی خۆیدا هەست بە بونی ئەم گیانە بکات، هەروا بۆی دەردەکەوێت، کە چۆنێتی ژیانی گیان جیاوازە لەگەڵ جۆری ژیانی لاشە.

هەر یەکێك لە ئێمە هەردەم دەتوانێ لە ناخیدا هەست بە حاڵەتێکی ئامادەیی و گوێ رایەڵی و کەسایەتی و هەست بە بونێکی حازر و تەواو و جیا لەو وجودە مادیە گۆڕاوەی، کە لە دەرەوەی زەمەن لێدەدات و دەلەرێتەوە.

ئەم حاڵەتە ناوەکی‌یەی، کە لە ساتەکانی بە ئاگابونی ناوەکیەوە هەستی پێ دەکەین، کە ناوم لێناوە حاڵەتی (ئامادەبون).. ئەوە ئەو کلیلەیە، کە لە ناخمدا بەرەو بوونی گیانمان دەبات، دەستیشمان دەخاتە سەر ئەو شتە نادیارەی، کە ناوی گیانە.. یان رەهایە.. یان (مجرد)ە.

ئێمە هەرکاتێك شتێکی جوان دەبینین جیای دەکەینەوە لە شتی ناشیرین، یان ڕاستی دەبینین جیای دەکەینەوە لە درۆ، یا دادپەروەری دەبینین جیای دەکەینەوە لە ستەم.

بۆ زانینی ئەمانە گەز و ترازومان هەیە، کە جوان لە ناشیرین و ڕاستی لە درۆ..هتد..ی پێ جیا بکەینەوە. ئەم ترازوەش گیانە.

بۆ نمونە.. ئێمە دەزانین دەبێ هەمومان بمرین و کەسمان تا سەر ناژین، کەچی هیچ کاتێك خۆمان بۆ مردن دانانێین وەکو هەر نەمرین، یان مردن ناوی هەیە و ناوەڕۆکی نیە.. بەس بایە و بەلای گوێماندا دەڕوات. بەڵام ئەوەی کە ئەم نوزەمان دەدات بە گوێدا، گیانە. ئەو گیانەی کە خۆی نازانێ مردن چیە.

مردن بۆ گیانی ئەو بریتی‌یە لە داڕنینی کراسێك لە بەریا-بێ زیاد و کەم-ئەو مردنەی، کە بریتی بێت لە نەمان و ڕزین بۆ گیان نیە هەردەم هەیە.

وەکو زانایانی تصوف دەڵێن: گیان بەرگی لەخۆڵ دادەڕنێ و بەرگی بەرزەخی

لەبەر دەکات، پاشان بەرگی بەرزەخی دادەڕنێ و بەرگی مەلەکوتی لەبەر دەکات، دیسان ئەویش دادەڕنێ و بەرگی جەبەروتی لەبەر دەکات، بە خۆکوشتن و هەوڵ دان پلە بە پلە سەر دەکەوێ بۆ لای خۆشەویستەکەی، کە بەدیهێنەرەکەیەتی، هەمو گیانێك بە ئەندازەی پاکی و رۆشنی و توانستی خۆی بەرز دەفڕێ.

سۆفیگەریەکان بۆ دیدی خۆیان بەجێ دێڵم تا لەگەڵ ئەواندا ون نەبین و چەواشە نەبین، ئامانجیشم لەم توێژینەوەیەدا بڕینی بەربەستی مردن نیە تا بزانین دوای مردن چیە، چونکە ئەمە ئارەزویەکی مەحاڵە بزانین.

ئەوەندەم بەسە هەڵوەستە بە خوێنەر بکەم تا لە خۆی رابمێنێ و خودی قوڵ و بە دەسەڵات و فەرماندەی بەرزی جەستە خۆڵی‌یەکەی ئاشکرا بکات.. کەناوم لێناوە گیان (روح).. کە ئەو پەڕی بەڵگەم لەسەری هێناوەتەوە... بە هەستی بون و ئامادەی‌یەوە کە هەر یەکێك لە ئێمە لە ناخی‌یەوە هەستی پێ دەکات.

ئەو بون و ئامادەیی‌یە بەردەوامەی، کە نەمانی بەسەردانایینی و گۆڕانکاری بەسەردانایێت، وەك بڵێ‌ی هەردەم لە ناخمدا چاوی کراوەیە.

ئەوەش رابون و بە ئاگایی ناوەخۆیە.

گیان ئەو روناکیە نابینراوەیە لە ناخماندا، کە بە هۆیەوە رێگای حەقی پێ دەبینین و ئاشنای جوان و ناشیرین و چاکە و خراپە دەبین.

گیان ئەو روانگەیە، کە لە سەریەوە چاوەدێری جوڵەی کات دەکەین و بە رۆیشتنی دەزانین.. هەروا رۆیشتنی شتەکان دەبینین و هەست بە جوڵەی دەکەین.

گیان ئەو خاڵەیە، کە لەناو بازنەیەکدایە.

گیان ئەو چەقەیە، کە ڕووداوە دنیایی و کاتیەکان بە دەوریدا دەسوڕێنەوە، کە لە شوێنێك چەقێنراوە و نابزوێ و هەر شتێك، کە هەیە بەبێ ئەو ناڕوات و

کۆتایی نایێت.

گیان ئەو مەتەڵە گرانەیە، کە هێشتا بە تەواوی لای ئێمەی ئادەمی هەڵنەهێنراوە.

ئایا گیان هەمیشەیی‌یە و نامرێ.. یان کاتێکی تری هەیە، کە جیاوازە لەگەڵ ئەو کاتەی ئێستا.. کە رۆژێك بە هەزار ساڵە؟

دەبا بزانین پەیوەندی گیان بە لەشەوە چی‌یە؟

پەیوەندی هۆش بە مۆخەوە چی‌یە..؟

پەیوەندی بیر و زانین و وەرگرتنی زانست لەگەڵ گیاندا چۆنە..؟

گیان

ئێوارەیەك بەدڵم دا هات، کە سەرێکی ژێرخانی بیرەوەریم بدەم، پارچەکاغەزێکم هەڵگرت و دەستم کرد بە نووسینی ئەو ژمارانەی کە لەبەرمە، سەیرم کرد ژمارەی پاسپۆرت و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەم و.. ژمارەکەی خانووەکەم و.. ژمارەی تەلەفۆنەکەمان و، ژمارەی تەلەفۆنی هاوڕێکانم و تەلەفۆنی چەند شوێنێکی پێویست.. خشتەی لێکدان، کۆکردنەوە.. لێدەرکردن.. دابەش کردن، مێژووی لەدایك بوونی خۆم و لەدایك بوونی منالەکانم... ژمارە نەگۆڕاوەکانی ماتماتیك و سروشتیگەری وەکو: ڕێژەی نزیکی و تیژی تیشك.. تیژی دەنگ... پلەی کوڵاندنی ئاو... ئەو شتانەی کە لە زانستگای پزیشکی فێربوبوم وەکو: ڕێژەی شەکر لە خوێندا و ژمارەی خڕۆکەی سوور و خڕۆکەی سپی و.. قەوارەی خوێن و.. لێدانی دڵ و.. تیژی هەناسە.. داودەرمان، لەم کاتەدا هەر لەبەر پارچە کاغەزەکەم پڕکردەوە لەو ژمارانە و لەو ڕێژانەی لەبەر دەمدا دەڕۆیشتن دەت گووت من ژمێریارێکی ئەلکترۆنیم، بەڕاستی سەیر بوو.

چۆن ئەم هەموو شتانەم لەبەرکەم.. ژمارەی وا هەیە شەش تا حەوت ژمارە درێژە..!

ئەم ژمارانە لە پێچاوپێچی مێشك دا لە کوێ خۆیان شاردۆتەوە؟

ئەی چۆن ئەم ژمارانە داوا دەکەیت، کە وەك بروسکە بە تیژی لە هۆش دا

دەدرەوشێتەوە؟

ئەم ژمارە جیاجیایانە بە چ شێوازێك ڕیز دەکرێن؟.. کە هەر ژمارەیەك یاداشتنامەیەکی ڕاڤەیی پاشکۆی لەگەڵدایە، کە مانای خۆی ڕاڤە دەکات؟ ئەدی چۆن بە سەدەها ژمارە لە مێشکماندا، کەڵەکەبون و تێکەڵ نابن، هیچ کامێکیش ئەوی تر ناسڕێتەوە؟

جگە لە ژمارە هەزاران ناوو هەزاران ووشە..! هەزاران شێوە، هەزاران ڕوو، کە لەسەرماندا پڕ بووە.

جگە لە زانینی تام و.. ڕەنگ و.. بۆن، هەڵ مژینی جۆرەکانی هەوای سارد و گەرم.. وشك و تەڕ.. گریان و پێ‌کەنین.. هاوار.. پارچەیەك مۆسیقا.. گۆرانی.. کۆنە زامێکی سەر ڕوو..

کاتێ باسی ترشی شتێك دەکرێت ئاو دەزێتە دەمی پیاو..

یان باسی تاڵی دەکرێت یادی خواردنەوەی دەرمانێکی تاڵ و نەخۆشی‌یەکی ناخۆش دەکاتەوە.

ئەمانە هەموو هەڵگیراو و ئامادەن و تۆمار کراون زۆر بە وردی، هەر یەکێك لەمانە پسولەیەکی لەگەڵدایە بۆ زانینی شوێن و مێژوو ناوی کەسەکانی و کاتی ڕوداوەکە، بەڕاستی ئەمە (معجزە)یە و ناوی بیر و هۆشە.

هەندێك شت هەیە وا دەزانین لەبیرمان چووەتەوە، کەچی بەهۆی شتێکی ترەوە بیرمان دەکەوێتەوە. هیچ نیە ئادەمیزاد بە تەواوی لەبیری بچێت...

چاودێرێکی ڕاستەقینە لەگەڵماندایە کە هەموو خەتەرەیەکی دڵمان بە قەڵەم و کاغەزەوە دەنوسێ.

هەندێ جار وابەخەیاڵمان دادێ ئەمەمان لە بیرکردووە، کەچی بەدەری دەخەین لە بیرمان نەکردووە و هەیە، کە لە ناکاو لە کاتی پشوو، یان خەون

یان دوای خواردنەوەیەك، یان لە کاتی چونە لای پزیشکێکی دەرونی بە دەردەکەوێ، هەندێ جاریش لە کاتی خلیسکانێك، یان هەڵەیەکی ڕێنوسیی بە دەردەکەوێ.

هیچ شتێك ون نابێت. هەموو ڕابووردوویەك، هەموو لێدانێکی دڵ نووسراوە.

بەڵام پرسیاری گەورەو مەتەڵی سەرسوڕهێنەر ئەوەیە:

ئەم وێنانە لەکوێ خۆیان شاردۆتەوە؟ ئەو ئەرشیفە نهێنییە لەکوێیە؟!

ئەمە پرسیارێکی زیاتر لە زانایەك و زیاتر لە فەیلەسوفێك ویستوویانە وەڵامی بدەنەوە.

فەیلەسوفە ماددییەکان دەڵێن: بیرهێنەر(ذاکرة) لە مۆخدایە.. ئەمە هیچ نیە بێجگە لە چەند گۆڕانێکی کارەبایی کیمیاوی کە لە مۆخدا ڕوو دەدات بەهۆی تۆمارکردنی ئەو کردەوانەوە، وەکو چۆن لە شریتی تۆمارکەردا(المسجلە) ڕوو دەدات. ئەو پێچراوە تۆمارکراوانە هەر لە خۆیانەوە دەسوڕێنەوە لەکاتی داواکردنی هەر شتێکدا بە وردیی سپاردەوە لێی دەداتەوە.

بیرهێنەر(ذاکرة) بەس وێنە و نەخشەی هەڵکەنراوە لەسەر خانەکان (الخلايا).

دوا ڕۆژی ئەویش، هەر ڕزینە وەکو هەموو خانە و پارچەکانی تری ئادەمیزاد کە بە مردن کۆتایی دێت.

-ڕایەکی جوان و ئاسانە، بەڵام خاوەنەکانی خستۆتە ناو خولگەیەك، کە نەتوانن لێی دەرچن.

ئەگەر بیرەوەری(ذاکرة) بریتی بێت لە ماددەیەکی کتوپڕ، کە بەسەر مادەی خانەکان دابێت، پێویستە بە لەناوچونی هەر خانەیەك لایەك لە بیرەوەری

نەمێنێ، یا هەر لە بیرچونەوەیەك خانەیەكی لەگەڵدا نەمێنێ.

بەڵام ئەمەیش لە نەخۆشی مۆخدا نابینرێت. ئەگەر چەند خانەیەكیش نەمێنێ بیرەوەری هەردەمێنێ، چونكە سەرچاوەی وشە لەناو دەچێت نەك بیرەوەری وشە، ماسولكەی دەنگ نەك (ئەرشیف).

بیرەوەری هێزێكە لەگەڵ هۆشدا بەهێزی (ذهن) دەمێنێ و هیچ پەیوەندی‌یەكی بە مێشكەوە نیە و ئەركی مێشك بیرهێنانەوە نیە.

مێشك بەس شێوەی وشە دەگۆڕنەوە لە وێنەوە بۆ وتە، تاكو ئەو خەیاڵەی لە دلاَیە بیكات بە دەنگ و بیدات بە داوەكانی دەنگ، لەوێوە بۆ دەم، وەك ڕادیۆ چۆن دەنگ وەردەگرێ لە شەپۆلەكانی هەوا و دەیدات بە (سەماعە)كەی، خۆ ئەگەر ڕادیۆكە دەنگی نەما مانای ئەوە نیە ئیتر ئێزگە وەستاوە، یان شەپۆڵەكانی كار ناكەن، چونكە لەوانەیە رادیۆكە وایەرێكی پچڕابێ و شەپۆلەكان هەموو تەواو بن، ئەگەر رادیۆیەكی تر بكەینەوە دەنگەكە وەردەگرین.

بیرەوەری(ذاكرة) بریتیە لە وێنە.. بیركردنەوە.. بینینێكی.. سەربەخۆ.. نیشتەجێ‌كەی (گیان-روح)ە نەك، مێشك، یان هەمو لەش.. مێشك تەنها هۆیەكە بۆ گواستنەوەی ئەم وێنەیە بۆ ئەوەی لە جیهانی مادیی‌دا ببێتە چەند وشەیەكی گۆكراو و بیستراو.

وا بۆمان دەركەوت ئێمە لە دوو هێزی گەورەو بچووك پێك هاتوین-لەش و گیان- نەك یەك هێز كە ئەویش لاشە و مادده بێت و بەس. نا، بەڵكو هێزی بچوك دەمرێ و دەگەنێ.. دەڕزێ.. كەچی هێزی گەورە بە بیرەوەری‌یەكەیەوە هەردەمێنێ و لەجیهانێكی تردا دەژی. هەموو كردەوەیەكیش، كە لەگەڵ لەش بووەو كراوە، هەر لەبیری دەمێنێ.

کەواتە کاری مێشك تەنها گەیاندنە.

رۆڵەکەشی بریتی‌یە لە گەیاندنی جیهانی گیان بۆ جیهانی مادە، وەك (برجسۆن) دەڵێ.. هێڵ دەگەیەنێ.

(کێبڵ)[1]ەکانی دەمار هێزی گیانمان بۆ دەهێنێ و دەیکات بە لیدانێکی ئەلیکترۆنی تاکو ماسولکەکانی زمان بیگۆڕێتەوە بە گفتوگۆ وەکو چۆن رادیۆ هەڵدەسێ بە گۆڕینەوەی شەپۆڵەکانی ناو هەوا. بەم جۆرە ئەو وێنەیە لە دۆخی ئەندێشە (خەیاڵ)ەوە دەگوێزرێتەوە بۆ دۆخی هاتنە دی.

ئەگەر جەستەمان مرد، دەبینەوە گیان..

لە دنیادا چرکە بە چرکە بیر لە کردەوەکانمان بکەینەوە، دەبینین هەموو پیت و کردەوەیەك تۆمارکراوە.

تیۆری زانستیش هەیە، کە لەمە زیاتر تێدەپەڕێ، کەوا ئەنجامەکە بریتی‌یە لە کردارێکی بیرهێنانەوەی زانستێکی کۆنی کۆکراوە و نوسراو لە گیاندا.. ئەوە نیە کە لەسەر تەختە ڕەشەوە فێر ببین.. کە ٢X٢=٤، ئێمە لە نەبونەوە ئەمە بەدیار ناخەین، بەڵکە لەگەڵ لەدایك بونماندایە، هەرچی‌یەکی دەیکەین، تەنها ئەوەیە، کە وەبیر خۆمان دێنینەوە.. هەروەها ئەو شتانەی لە بیرکاری و ئەندازە و ژێربێژی دایە.. گشتیان لەناوماندا کۆکراوەتەوە، ئێمە تەنها وەبیر خۆمانی دێنینەوە و پێکیان دێنین.

بە هەمان شێوە کەسایەتیمان.. کە لەگیانماندا هەیە" لەگەڵ لە دایك بونماندایە.. هەموو ئەوەی کە ڕوو دەدا، ئەوەیە کە ڕووداوەکانی دنیا شپرزەیی و قالبی مادیی پێشکەش دەکات، بۆ ئەوەی ئەم کەسایەتیە چاکە و خراپەی

---

[1] کێبڵ ئەو وایەرە سەرەکیانەی سەر شێلمانەکانی جادەیە، کە هێزی سەرەکی کارەبا لەسەر ماڵاندا دابەش دەکات.

خۆی دەربڕێ..

ئینجا کردەوەکەی لەسەر تۆمار دەکرێ.

تۆمارکردنیش ئەو کارە نوێیەیە، کە لە دنیا ئەنجام دەدرێ.

لە حاڵەتی نیەتەوە بۆ حاڵەتی تێکەڵی و پێکەڵی.

ئایینەکانیش سەبارەت بەمە، دەریان بڕیوە، کە قسە لەسەر تاوانبار لە دنیادا دوای تاقیکردنەوە بەجێ دەگات.

ئەمەش کارێکە پێشتر خوا زانیویەتی.. زانینی دەوردان نەك زانینی بە زۆرکردن(الزام).. چونکە خوا زۆر لە کەس ناکات گوناهو تاوان بکات.. بەڵکە هەر کەسە و بە پێی سروشتی ناخی خۆی هەڵس و کەوت دەکات، کەواتە کردەوەکەی بریتی‌یە لە خودی خۆی.. ئەمەش هیچ مانایەکی بەزۆرکردن(جبری) نیە.. چونکە هەر ئەم سروشتە ناوخۆیی‌یە، کە هەندێ جاریش نهێنی‌گیر(السریرة) و هەندێ جار دڵ، خوای گەورەش بە نهێنی (السر)ی ناوزەد کردووە، کە دەفەرمووێ: (یعلم السر و أخفی.. بە ڕاز و نزمتر لە ڕازیش دەزانێ).

ئێمەش بەو گوزارشتەی، کە لەناو خەڵکی باوە لە کاتی مردن، دەربارەی ئەمە دەڵێین: ((نهێنی خوایی وەدەرکەوت، بە واتای گیان (روح) بەرەو بەدیهێنەری خۆی بەرز بۆوە..

ئەم نهێنی‌یە سەرەتایەکی ئازاد و دەست پێشخەریەکە، خوا لە هەموو کۆتێك رزگاری کردووە، بۆ ئەوەی کردەوەکەی خودی خۆی بێ و حەزەکەی بەڵگە بێ لەسەریی.

لە بواری مرۆڤایەتی دا، ناکرێ قسە لە شتە حەتمیەکان بکرێ، وەك حەتمیەتی ناکۆکی چینایەتی و ناچاریی مێژویی، چونکە مرۆڤ بوارێکی ئازادە،

له مه‌کینه‌دا بزمار و ئاسنێك نیه.

هه‌روا ناکرێ بزانی سبه‌ینێ له ژیانی تاکێك چ ڕوو ده‌دات، چونکه له بواری کۆمه‌ڵگه‌کان و مێژودا، مه‌حاڵه کار به سه‌پاندن یان زۆر لێکردن بکرێ.. ئه‌وه‌نده‌ی، که ده‌کرێ کاری پێ بکرێ بریتی‌یه له په‌سه‌ند کردن و شیمانه‌کردن به‌پێی پیشه‌کیی ئاماریی..

ئه‌مه په‌سه‌ندکردنێکه، که هه‌ڵه ده‌کات و ده‌پێکی و له هه‌ردوو لادا جیاوازی ده‌بێت.. بۆ نمونه: له ئینگلته‌ڕا ڕێژه‌ی ته‌مه‌نی مرۆڤ شه‌ست ساڵه.. ئه‌م ڕێژه‌یه‌ش ڕێژه‌یه‌کی ئاماریی‌یه، که له ژماره مام ناوه‌ندیه‌کان وه‌رگیراوه.. مه‌رجیش نیه بۆ هه‌موو تاکێك ئه‌م ڕێژه‌یه جێگیر بێت، ڕه‌نگه تاکی وا هه‌بێ له ئینگلته‌ڕا زیاتر له نه‌وه‌ت ساڵ بژیی و ڕێژه‌که تێ بپه‌ڕێنێ، وه‌ك به‌رنادشۆ. ڕه‌نگه هه‌بێ به هۆی ڕوداوێکه‌وه له ته‌مه‌نی بیست ساڵی بمرێ.. پاشان خودی ڕێژه‌که له هه‌ردوو لایه‌وه له ساڵێکه‌وه بۆ ساڵێکی تر، بۆ به‌رزبوونه‌وه و دابه‌زین له باره.. که‌واته له‌م بابه‌ته‌دا، ناکرێ حه‌تمیه‌ت و ناچارکردن (جبرية) بسه‌پێنین..

ناشبێ بواری مرۆڤایه‌تی چ تاك بێ، یان کۆمه‌ڵگه، یان مێژو ملکه‌چی قالبێکی تیۆریی، یان هاوکێشه‌یه‌ك، یان ژمێریاری، یان گریمانه‌یه‌کی فه‌لسه‌فی بکه‌ین.

به‌ڵام ماددی‌یه‌کان وا ده‌زانن ئاده‌میزاد بریتی‌یه له لاشه‌ی بێ گیان و بێ هۆش(عقل)، بێ ئاره‌زو، بێ نه‌فس، وا ده‌زانن (عقل و نفس) ئامێرێکی هه‌ڵسوڕێنه‌ری ده‌ماره‌کانن.

له‌و واقیعه‌ی ده‌بینرێ که جه‌سته ملکه‌چی یاسا فسیۆلۆجیه‌کانه، بیریار (مفکر)ی مادیی ئه‌نجامگیریی ده‌کات، که‌وا سه‌رجه‌م مرۆڤ و مرۆڤایه‌تی به

یاسا مادیەکان بەستراوەتەوە.

ئا بەم جۆرە مرۆڤ بە تۆپەڵ(کتلة)ێکی ماددی وەکو مانگ دادەنێن، کە بە هێزی گەردون و بێ دەسەلاتی بە دەوری زەوی و خۆر، خۆی دەسوڕێتەوە..

ئیتر لەبیری خۆیان دەبەنەوە، کە ئادەمیزاد لە دوو ئاست دەژی.

ئاستی کاتی(زمنی) دەرەوەی دانراو، کە پێی دەوترێت (کاتی کات ژمێر-زمن الساعة) و لەم کاتەدا بە ئەنجامدانی ژوانەکانی و بە پێویستیەکانی کۆمەلایەتی هەڵ دەسێ و لەگەڵ یاسای زۆرکاریدا(الحتميات) دەژی.

هەروا ئاستی تایبەتی ناوخۆییەکەی.. کە کاتی هەست و کاتی خەوبینینە.. بەڕاستی لەم ئاستەدا ژیانێکی سەربەست دەباتە سەر.. بیردەکاتەوە و خەون دەبینێ و داهێنان دەکات و لە بەرامبەر کۆمەڵگە و مێژودا هەڵوێستی شورشگێڕی دەنوێنێ.. بەڵکە دەتوانێ ئەم شۆڕشە ناوخۆیی‌یە بۆ کارێکی دەرەکی بگوازێتەوە، کە کۆمەڵگە وەچەرخێنێ و لە بناغەدا مێژو بگۆڕێ، هەروەك لە گشت شۆڕشە پێشکەوتنخوازەکان ڕویدا.

هەر ئەم ژیانە دوو ئاستە، سیفەتێکە، کە مرۆڤ پێی تایبەتمەندە. ئەم نەفسەش کە مرۆڤ هەیەتی چەند سیفەتێکی هەمە جۆر و جیا لە سیفەتەکانی بێ گیانی تێدایە..

کەواتە ئێمە لەبەردەم یەکە(وحدة)یەکین لە شوێن دا درێژبوونەوەی نیە..

جێی سەرسوڕمان نیە بیریارێکی خۆرئاوایی ئەڵمانی (عەمانوئیل کانت)[1] لە کتێبەکەی (نقد العقل العملي) دان بەم حەقیقەتە دابنێ، هەرواجێی

---

[1] کانت: فەیلەسوفی ئەڵمانی‌یە، خاوەنی کتێبی (نقد العقل النظري، ونقد عقل العلمي)یە، ئەم زانایە دەڵێ گیان هەیە و مردنی بۆ نیە، ژیان بێ خوا نابێت و زیندوبونەوەی پاش مردن ڕاستە.

سەرسوڕمان نیە، بەبێ ئەوەی قورئانی خوێندبێتەوە، بگاتە ئەم ئاکامە ساغ و ڕاستە.

بەڕاستی ئەمە فیترەت و زیرەکیە، کە گشت زانستەکانی لەسەرپێی بەرپا دەبن.

پێویستیش ناکات عەقڵی ساغ کتێبی پیرۆز بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بەدەری خات گیانی هەیە و دوای مردن ژیانی هەیە و لێپرسینەوە هەیە..

چونکە فیترەتی ساغ، ڕێ ڕۆشنی خاوەنەکەی، بۆ ئەم حەقیقەتانە دەکات.

ئەو نەفسە بریتی‌یە لە (من) کە بە ئامادەبوون و بەردەوامی و کەسایەتی و بون و هەردەم هۆشیاری ناوزەد دەکرێ.. پاشان خۆی بەسەر واقیعی دەرەکی و گۆڕانکاریکردنی دەسەپێنێ.. هەروا خۆی بەسەر جەستەدا دەسەپێنێ و جڵەوگیری دەکات و بەسەر پێویستیەکانی بەرز دەبێتەوە.. بە سەرپشك کردن، نەخواردن و لەخۆگرتنەوە و بێبەش کردنی بەسەردا دەسەپێنێ. ڕەنگە بە گیان فیدایی و قوربانیی دانەوە بەرەو مردن ڕاپێچی بکات.. چەشنی ئەم نەفسە ناکرێ تەنها بەرهەمێکی لاوەکی بەرهەمەکانی جەستە و پاشکۆی بێت و ماددەیەك بێت، کە پێشی کەوتبێتەوە.. ئەم جۆرە تیۆرە مادیانە هیچ شتێکمان بۆ ڕاڤە ناکەن..

دەبێ بەڵگە نەویست بێ، کە ئەم نەفسە بەسەر جەستەدا بەرزە و جیا دەبێتەوە و بەسەریاندا زاڵە.. لە ڕاستیدا جەستە وەك ئامرازێك بۆ مەبەستەکانی نەفس بەکاردەهێنرێ و ژێر بارێکە بۆ ئامانجەکانی، هەروەك ژیریی (عقل)، مێشك وەك گەیاندنێك بەکاردێنێ.

هەردەبێ ئەو شیمان(احتمال)ە ئاشکرا و دیارەمان بەزەین دابێ، کەوا ئەم نەفسە بەحوکمی کاکڵە و کرۆکەکەی، کە هەستی پێ دەکەی ئامادەیە و

بەردەوامە بە درێژایی کات هۆشدارە، نابێ وەك جەستە مردن و داخوران و دارِزانی بەسەر دا بێت..

نەفس وەك جەستە داناخورێ، وەك موی قژ ناوەرێ و وەك ددان نارزێ و ناکەوێ.

شتێکی بەڵگەنەویست و دیارە، کەوا بزانین دوای مردن دەمێنێ، گەر لە هاودەمی کردەوەکانمان رابمێنین، هەر لە دوو دڵیەوە بەر لە هەڵبژاردنی بڕیارێك پاشان لە کاتی کارکردن، هەست بە بەرپرسیارێتی، ئینجا دوای تەواوبونی پەشیمان بونەوە، یان پشودانە.. جا لەو کاتەدا ئەوەمان بۆ دێتە ئەنجام، کە ئێمە لەبەردەم حاڵەتێکی چاودێری فیطری و بیرۆچکەیەکی حیسابدار داین، هەروا دەردەکەوێ، کە هەڵە و ڕاستی هەیە. ئێمە ڕاستەوخۆ و هەرکە بە فیترەتەوە هاتووینەتە بون، دەزانین دادگەری و نیزام" یاسای بوونە و بەرپرسیارێتی رێسا(قاعدة)یە.

ئەم هەستە فیطریە ناچاریە پێمان دەسەپێنێ، کە ئەو ستەمکارەی لە سزای سەر زەوی رزگاری دەبێ و ئەو بکوژەی لە لێپرسینەوەی یاسای مرۆڤ کردە رزگاری دەبێ.. هەردەبێ سزا بدرێ و لێی بپرسرێتەوە.. چونکە ئەو جیهانەی تێیدا دەژین گوزارشت لە نیزام و رێك و پێکی دەکات، هەر لە بچووکترین گەردیلەوە هەتا گەورەترین ئەستێرە.. بێ هودەیی (العبث) تەنها لە عەقڵ و یاسا لاڕیکانمانەوە بوونی هەیە.

بیرۆچکەی دادگەریی و نیزام و پێویستی دادگەریی بەرەو پێویستی جیهانێکی ترمان دەبات، کە دادگەریی و نیزام و لێپرسینەوەی تێدا ئەنجام دەدرێ.

هەموو ئەمە زانستێکە لەگەڵی لە دایك بوینە.. راستیەکیشە، کە فیترەت

و بەڵگە نەویستی دەیسەلمێنێ.

ئەم زانستە و ئەو بەڵگەنەویستیەی دەیهێنینەکایەوە.. دەبێتە گەواهی لەسەر گشت زانستە وەدەست کەوتووەکان و هاودەمە لەگەڵیدا.. هەموو زانستە وەدەست کەتوەکانیش دەکرێ هەڵە و ڕاست بن.. بەڵام ئەو زانستەی دەیهێنینەکایەوە بە شێکە لە سیستەمی گەردونی پتەو و قوڵ.. ئەم زانستە بریتیە، لەو یەکەم ڕاستی‌یە کە لەبەر ڕۆشناییەکەیەوە گشت ڕاستیە ناسەرەکیەکان دەبینین.. ئەم ڕاستیەش پێوەر و پێوانیە.. جا گەر پێوەرەکە تێکچوو، هەموو شتێك تێك دەچێ و هەموو شتێك دەبێتە بێهودە و بەفیڕۆچون، ئەمەش کارێکی ڕاست نیە.

ئەگەر بەڵگەنەویستی و بێلێکدانەوەمان تۆمەتبار کرد، ئەوا گشت زانست و زانینەکان پەنجەی تاوانبارییان لەسەر هەڵدەگیرێ و دادەڕوخێ، چونکە لە بنەڕەتدا لەسەر بەڵگە نەویستە سەرەتاییەکان بەرپا بووە.

ئێمە لەبەر دەم بنەڕەتێکی زانین و سەرچاوەیەك داین، کە گومانی تێدا نیە (چونکە ئەم سەرچاوەیە هەروەك خودی ژیانە) ئێمە لەبەردەم پشتێك داین، کە خوێن و گۆشتی زانینە.

ئێمە کە دێینە ناو ژیان ماسولکەمان پێدراوە، تا بە هۆیەوە بجوڵێین و بەرگری لە خۆمانی پێ بکەین، هەروا هەر کە لە دایك دەبین، بەڵگەنەویستە سەرەتاییەکانمان پێدراوە تا ڕەوا لە ناڕەوا و ڕاست و ناڕاست جیا بکەینەوە.

بەرزترین پلەی زانستیش ئەوەیە، کە لەناختەوە بۆت دێت، بۆ نمونە: بێ ئەوەی تەماشای خۆت بکەیت، تۆ دەزانی لە چ بارێکدای (ئایا وەستاوی یان دانیشتوی یان پاڵکەوتوی)..

ئەم هەستەت بۆ دێت لە کاتێکدا تۆ چاوت نوقاندووە.. لە ناختەوە بۆت

دێت.. ئەم زانینەش بەڵگەی بەهێزە لەسەر هەر چ شتێك، کە دەبینرێ.
کاتێك دەڵێی.. بەختەوەرم.. بەدبەختم.. ئازار دەچێژم..
قسەکەت بەڵگەیەکی بەهێزە و ناکرێ بە بەڵگەیەکی مەنتیقی بەدرۆ بخرێتەوە.. بەڵکە بەراوردکردنی ئەم کارە بە ژێر بێژی (منطق)، زێدەڕۆیی و پێداگیرییەکی بێ مانایە.. هیچ کەسێکیش وەك خۆت بە خودی خۆت شارەزا نیە.
بە هەمان وێنە شەهادەی فیترەت و حوکمی بەڵگەنەویستی بەڵگەیەکە لەوپەڕی ئاست دا..
کاتێکیش دەڵێی: فیترەت و بەڵگەنەویستی بە زانست و فیکر و رامان(تأمل)ەوە پشت ئەستوورە.. کاتێك باس لە گیان و نەفس و سەربەستی و بەرپرسێتی و لێپرسینەوە دەکەیت، کاتێك باسی هەڵسوڕان دەکەن لەسەر ئەو بنەڕەتەی کەوا لە گەردوندا ڕێك و پێکی هەیە..
ئا لێرەدا ئێمە لەبەردەم ئەوپەڕی ئاستی یەقینین.
یەقینێك وەك یەقینی بەچاو دیتن، بەڵکە زیاتریش..
فیترەت وەك چاو.. ئەندامێکە لەگەڵی لە دایك دەبین.. یەقینێکە بەرزتر لە یەقینی زانست.. چونکە راستکاری زانستی بریتییە لە راستکاری ئاماریی(إحصائی) و تیۆرە زانستیەکان، کە لە ناوەڕاستەکانی ژمارە ئەنجامگیری دەکرێت.. بەڵام حوکمی بەڵگە نەویستی سیفەتی بڕەر و رەهایە، کە دەڵێین ٢X٢=٤ بەڕاستی و بەرەهایی راستیەکی رەهایە و راستکارانەیە، نابێ لە تیۆرەکانی زانست، سڕینەوە و پێشکەوتن و گۆڕانکاری بەسەر دا بێت، چونکە قسەیەکی بەڵگە نەویستە، کە دەڵێین ١+١=٢ ئەمە هیچ گومانێك هەڵناگرێ، چونکە ڕاستیەکە فیترەت خستۆیەتیە ناخمانەوە و بەڵگە

نەویستیشە.

ئەمەش زانینی سەرەتایی‌یە، کە لەگەڵ بڕوانامەی لە دایك بوندا بۆمان هاتووە..

گەر مرۆڤ ئەمەی بزانیبا" دەحەسایەوە.. لە مەسەلەی گیان و جەستە و عەقڵ و مێشك و ئازادی و ناچارکاری و بەرپرسێتی و لێپرسینەوەشدا دەمە دەم و زۆر بلێی و بێ بەڵگەیی و خۆ بەگەورە زانینی زۆری بۆ خۆی زیاد دەکرد، ئەوەندەش بەس دەبو. گوێ بگرێ لەوەی ، کە فیترەت و دڵی خۆی بە گوێی دا دەچپێنن و گوێڕایەڵی ئەوە دەبوو، کە بەرچاو رونیەکەی ڕێی نیشان دەدات.

گەردیلەیەکیش لە لێبڕان (اخلاص) باشترە لە زۆرەها کتێب.

با بە لیبڕان و ئیخلاصیەکی زۆرەوە گوێ بیستی دەنگی دەرونمان و چرپەی بەرچاو رونیمان بین، بەبێ هەوڵدان بۆ شێواندنی ئەو دەنگە نوێیە، ئەویش بەژیر بێژی و بەڵگەوە دێتە ئەنجام.

هەر کەسێکیش لە قسەکەم بە گومانەو.. ئارەزوی دەمە دەم و موناقەشە و قسەی ژیبر بێژین، با بگەڕێینەوە سەر وتارەکەم و هەر لەسەرەتاوە بیخوێنێتەوە.

دادگه‌ریی هه‌میشیی

ئەو کەسەی پشیلەیەك ببینێ، کە بزە بزێتی بە دەوری سینی نان خواردن دا، تاکو لە خافلێ بتوانێ پلێ گۆشت بدزێت.

ئەگەر لەم کاتەدا سەیری چاوی ئەم گیانەوەرە بکەین، ئەبینین پشیلەکە هەست بە تاوانی دزێتی ئەکات و خۆی بە تاوان بار دەزانێ هەرگیزلە بیری ناکات.

پشیلە گیاندارێکی بێ فامە، کەچی هەست دەکات بەوەی کە تاوان دەکات لە دزێتی ئەو پلە گۆشتەدا. ئەگەر تاکە پێلاوێکی بەر کەوت چاوی دەچوقێنێ و سەر ڕادەوەشێنێ وەکو بزانێ تۆڵەی تاوانەکەی وەرگرتووە...

هەستێکی سروشتی سەرەتایە، کە خوای گەورە خستویەتیە بونیەی دروستکراوەکانی، هەتا لە گیاندارە بێ زمانەکانیشدا هەیە.

هەر ئەو پشیلەیە چاڵ هەڵ دەکەنێ بۆ ئەو پیسی‌یەی کردویەتی، تا تێدا بشارێتەوە، هەست دەکات بەوەی، کە ئەوە پیسایی‌یە ونابێ بە بەر چاوەوە بێت. بێ ئەوەی کەس فێری بکات.

ناسینەوەی بەچکەی گیانلەبەر بۆ دایکی، هێرش بردنی شێر بۆ مژینی خوێنی نێچیرەکانی...خۆشەویستی نێر و مێی کۆتر...ئەمانە هەمووی هەستی سروشتن.

ئێمەش هەروا ئەگەر کردەوەیەکی ناڕەوا بکەین هەست بە پەشیمانی دەکەین

و ئەگەر کردەوەی چاك بکەین هەست بە پشوو دڵنیایی دەکەین، چونکە هەر ئەو دروستکەرەی کە خۆمانی دروست کردووە ئەم هەستەیشی تێدا دروست کردووین، تاکو بتوانین بەم هەستە بە یاسا و بە کردەوەی جوان هەڵسین.

وەکو هەموو دروستکراوەکانی تری جیهان هەر لە بچوکترین دروستکراوەوە تاکو گەورەترینیان، هەر یەکە بە پێی یاسا و رێکوپێکی هەڵ دەستن بە کاروباری خۆیان.

ئەلیکترۆن ناگوێزرێتەوە لە خولگە(مدار)یەکەوە بۆ خولگەیەکی تر... هەتا هێزێکی نەدرێتێ، کە بگاتە ئەندازەی گواستنەوەی، وەکو چۆن سواری شەمەندەفەر نابیت تاکو بلیت نەبڕیت..

پەیدابوونی ئەستێرە و مردنی، یاسا و هۆی تایبەتی هەیە...

وەکو چۆن کشانی بە هۆی پاڵەپەستۆی (کێشەر: جاذبية)وەیە..

گۆڕانی مادده بۆ هێزی وزە (طاقة) و گۆڕانی لاشەی هەتاو بۆ تیشك هاوکێشەی هەیە.

گواستنەوە روناکی خێرایی هەیە.

هەموو شەپۆڵەکانی هەوا درێژی و لەرە لەر و خێرایی هەیە.

هەموو کانزائێك کە دەکشێت یان کورت دەبێتەوە بەپێی گەرما و سەرمایە.

هەموو کانزایەك تۆپەڵ و چڕیی و کێشی گەردیلەیی و نەگۆڕیی و خاسیەتی هەیە.

ئەنشتاین بۆی سەلماندوین، کە پەیوەندی لە نێوان جەستە و خێراییەکەی هەیە..

هەروا لە نێوان کات و سیستەمی جولانەوە لە ناو کۆمەڵەیەکی جولاو هەیە..

هەروا پەیوەندی لە نێوان کات و شوێن هەیە.

ئەوەی کەرەستەکان بۆ بێ گیانەکان و شلەمەنی و گازەکان جیا دەکاتەوە، ڕێژەی خێرایی نێوان گەردیلەکانیەتی.

لەبەر ئەوەی گەرمایی لەم خێراییە زیارترە، دەتوانێ مادە بێ گیانەکان بتوێنێتەوە و بیگۆڕێ بۆ شلەمەنی، پاشان بە هەڵم بونی شلەکان و گۆڕانی بۆ گازەکان.

هەروەها کارەبا بە چەند یاسایەك دەکەوێتە کار..

هەروەها هێزی ڕاکێشانی هەر ئەستێرەیەك لەسەر ئەندازەی تەن و تۆپەڵەکەی دەوەستێ.

ئەو بومە لەرزەیەی بەچەند جۆر تاژاوە دەنێتەوە... ئەویش دیسان بە سیستەم و پشتێنە و هێڵی هەیە، کە دەکرێ درێژیی و پانایی زەوی نەخشە بکێشرێ..

گەردون هەمووی خشتەی چەند یاسایەکی ڕێکوپێکە، نە دزی تیایە و نە تەڵەکە.

کەچی دەنگێك لێرەدا بەرز دەبێتەوە و دەڵێ: ئەی بۆچی ئێمە ژیانمان پڕە لە فڕوفێڵ و تەڵەکە و خوێن مژین و شەڕوشۆڕ، ئیتر یاسا و داد...لە کوێن...؟

منیش دەڵێم: ئەمە شتێکی ترە... ئەم کردارە ناڕەوایانە هەر لە ناو ئێمەی ئادەمیزادا هەیە.... چونکە ئێمە دانراوی تایبەتی خوا بووین لەناو هەموو گیان لەبەرانی تردا، هەڵبژێرراوین و کراوین بە خەلیفە[1]... سەربەستی پێدراوین.. ئەو ئەمانەتەی[2] بۆ ڕانواندین و ئێمەش پیێ ڕازین بووین.

---

[1] (ثـمَّ جَعَلْـنَـاكُمْ خَلائِـفَ فِـي الْـأَرْض)يونـس/١٤، (وَإِذْ قَـالَ رَبُّـكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً)البقرة:٣٠.

[2] (إِنَّـا عَرَضْنَا الْأَمَانَـةَ عَلَـى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا

مانای بەخشینی ئەو سەربەستی‌یەی پێمان دراوە ئەوەیە، کە دەتوانین کاری راست و هەڵە بکەین.

ئەم کردەوە ناڕەوایانەی دەقەومێت هەمووی هۆی ئەم سەربەستی‌یەیە، کە نەمان زانی چۆن و کەی بەکاری بهێنین؟

کەواتە پشێوی و ئاژاوە، تاوانی ئێمەیە لە ئاکامی سەربەستیەکەماندا.

بەڵام جیهان لەو پەڕی رێکوپێکی دایە.

خوا دەیتوانی بەزۆر بمانهێنێتە ژێر باری داد و یاساوە، وەکو چیاکان و دەریاکان و ئەستێرە و...هتد.

بەڵام ویستی ناچارمان لەسەر لا ببات، تا دادپەروەری‌یەکەی بە ئەنجام بگات و هەریەکەمان کردەوەی خۆمان بخاتە دەستی خۆمان و بە کردن و بە نەکردنی.

تاکو لە جیهانێکی تردا بە دادپەروەریی، هەریەکە بەپێی کردەوەی خۆی پلەو شوێنی خۆش یان ناخۆشی بداتێ.

ژیان نەبڕاوەیە.. ئەمە هەموو ژیان نیە، کە ئێمە لە جیهاندا بەسەری دەبەین.

بەڵکو ئەمە ماوەیەکی پڕ لە ئاژاوە و بێدادی‌یە ماوەیەکە حیکمەت و هۆی خۆی هەیە و ئەوەشە دادگەریی، ئەم ماوەیەش پڕە لە تاقی‌کردنەوە بۆ چۆنیەتی ژیانی هەتاهەتایی دوایی.

ئەم ژیانی جیهانمانە هەموو چیرۆکەکە نیە، بەڵکو باسێکی بچووکە لەو چیرۆکەدا، لە پاشان هەزاران باسی بەشوێندا دێت.

ئادەمیزاد هەر بە خۆڕسکیەوە ڕاستی زیندووبوونەوەی بۆ دەرکەوتوە.

وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُوماً جَهُولاً)الأحزاب/٧٢.

مرۆڤی سەرەتاییش ئەم راستیەی زانیوە.

هەروا هەموو پێغەمبەرانیش (سەلامی خوایان لێبێ) هەواڵیان بەمە داوە.

هۆش(عقل) و زانیاری هەستیان بەمە کردووە کە مرۆڤ لاشە و گیانە(وەك لەپێشەوە باسمان کرد) و ئادەمیزاد بەهۆی گیانەوە هەست بە هەموو چپەیەکی ناوخۆیی دەکات. سەرەڕای ئەوە کە بە هەزاران تاڤگەی جۆربەجۆری گۆڕانی برژێتە سەر- هەست دەکات کە بوونی ناوخۆیی باڵادەست ترە لە مردن و نەمان.

زۆر لە فەیلەسوفە گەورەکانی جیهان دانیان بە زیندووبوونەوەدا ناوە. وەکو: (عەمانۆئیل کانت) و (برگسون)[1] و (کیرکجار)[2].

لە پەڕاوی (کۆماری ئەفلاتون)[3]دا باسێکی زۆر جوانی تێدایە لەبارەی نەمردنی گیانەوە.

کەواتە گیان راستیەکە خۆی بەسەر گەورەترین و بچوکترین عەقڵ دەسەپێنێ و بەڵگەنەویستێکە، زەحمەتە نکوڵی لێ بکرێ.

بەڵام لای من گەورەترین بەڵگە(دلیل) بۆ زیندووبوونەوەی پاش مردن[4] ئەو

---

[1] برگسون: لەساڵی ١٨٥٩دا لەدایك بووە لە ١٩٤١دا مردووە. فەیلەسوفێکی گەورەی فەرەنسەیە زۆر دانراوی هەیە دژی ماددیەکان و باوەڕی بە نەمردنی گیان بووە، خاوەنی کتێبی (المادة والذاکرة) و (التطور والأخلاق) و (المحاولة في درس أوضاع الوجدان)...هتد.

[2] کیرکجارد: فەیلەسوف و لاهوتی دانمارکی بوو خاوەنی کتێبی (الغصة)یە باسی زیندووبوونەوەی تێدا کردووە.

[3] کۆماری ئەفلاتون(جمهورية افلاطون) پەڕاوێکە دانراوی ئەفلاتونە، تێیدا باسی دادپەروەری و ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات، و دد ن دەنێ بە زیندووبوونەوەی پاش مردن، مامۆستا شاکر فەتاح کردویەتی بەکوردی.

[4] سەرەڕای حەوتن و لەخەوهەستان وەکو لەپێشەوە باسمان کرد.

هەستە نهێنی‌یەیە کە پێمان دەڵێت یاسایەکی تر هەیە، دادگا و دادپەروەرێك هەیە.

ئێمە هەموو کاتێك هەوڵ دەدەین و بەخەڵك دەڵێین بۆ ئەم دادپەروەری‌یەی کە هەیە و خۆمانی بۆ دەدەین بەکوشت و کوشتار دەکەین بۆ زیادبوونی لایەنگرانی داد و لەرێگای دادپەروەریدا دەمرین، کەچی ناگەین بەو دادە.

ئەمە مانای ئەوەیە هەر دەبێ رۆژێك دادپەروەری تەواوی تێدا بێتە دی.. چونکە راستیەکی رەهایە و خۆی بەسەر عەقڵ و دڵ و دەروونمان سەپاندووە.

ئەگەر ئەم دادپەروەری‌یەیش لە جیهانی ئێمەدا نەیەتە دی لەبەر ئەوەیە ئێمە سەرجەم وێنەکە نابینین و ئەم جیهانەی ئێمە هەموو راستی‌یەکە نیە... ئەگینا بۆچی لە کاتی بینینی ستەمێکدا دڵمان ئاگر دەگرێ، بۆچی هەردەم داوا لە کەسانی تر دەکەین دادگەر بن..

بۆچی هێندە سوور دەبین و لەسەر شتێکی نەبوو زۆر تووڕە دەبین.

بیریاری هیندی (وحیدالدین خان) دەڵێ: چۆن تینوێتی مانای بوونی ئاوە، هەروەها تینوێتی دادپەروەری مانای بوونی دادە، لەبەر ئەوەی دادپەروەری تەواو لە دنیادا نیە، مانای ئەوەیە دەبێ جیهان و رۆژێکی تر هەبێت و دادپەروەری تەواوی تێدا هەبێت.

هەستی ناوخۆیی ڕاستترین بەڵگەیە بۆ بوونی دادی ڕاست. با ئێمە ئەمرۆیش نەیبینین، رۆژێك هەر دەبێ کە بیبینین، ئەمە ڕاستی‌یە، چونکە لە شوێنێکەوە ئەم هەستە دێت کە کەس هێزی بەسەردا نیە و دوورە لە گزی و درۆکردن ئەمە یاسایەکە لەو یاسا ڕێکانەی ئەم جیهانەی هێناوەتە دی.

لێرەدا دەنگێك بەرز دەبێتەوەو دەڵێ: واز لە ئادەمیزاد بێنە، ئەی بۆچی خوا بەرازی بە بەراز و سەگی بە سەگ و، مێرووی بە مێروو دروست کردووە؟ بۆ

ئەبێ لەم شێوە ناشیرینەدا دروست بکرێن؟ ئیتر دادپەروەری خوا کوانێ؟
گەر خوا گیانلەبەرێك زیندوو دەکاتەوە، ئەدی بۆچی مەیمون و سەگ و بەراز زیندوو ناکاتەوە؟

پرسیارەکە جوانە..بەڵام هۆشی ئێمە نەك نیوەی پەرتووکەکە بەڵکو دیرێك لەو پەرتووکە گەورەیە بە تەواوی نازانێت... وێڕای ئەمەش پەلە لە زانینی حیکمەت و هۆیەکانی دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا لە راستیدا، هەموو گیانلەبەرێك خاوەنی (نەفسە)، خوایش بۆ هەموو نەفسێك جۆرە بەرگێکی دارشتووە کە شایانی ئەو نەفسە بێت.
بۆیە بەرازی بە بەراز دروست کردووە چونکە بەرازە...
بۆ ئەو بەرازەش داڕێژەر(قالب)ێکی ماددی بەرازی بۆ دروست کردووە.
بەڵام ئێمە هیچ لەم نەفسە نازانین پێش ئەوەی خوا بیخاتە ئەم قاڵبی بەرازییەوە، نازانین هۆی دروست بوونی بەم جۆرە چی‌یە؟
چونکە پێش بوونی شاراوە بووە وەکو پاش مردنی شاراوەیە.
ئێمە و هەموو دروست کراوەکانی تری جیهان، لە جیهانێکی تردا بووین کە پێیان ئەوت (عالم الذر) پاش مردنیش لە جیهانێکی تردا دەژین کە پێی دەوترێ (پاشە رۆژ).. ژیان نابڕێتەوە و مردن نیە، مردن بریتی‌یە لە گۆڕینی بەرگ و شێوە و تێکۆشان بۆ لای خوا، ئەویش بە خۆماندوو کردن و خەبات. ئەم بەردەوامیەش هۆش(عقل)یش ددانی پیا دەنێ.

کەوابوو دادپەروەری ئەو ڕاستیە ئەزەلییەیە، کە خوای گەورە لە فیطرەت و لەناو مرۆڤی داناوە، تەنانەت لەناخی ئاژەڵیش دایە، هەروەك لە سەرەتای وتارەکەم نوسیومە.

هەر ئەم دادپەروەری‌یە دەڵێ:- هەموو ئەم قاڵبانەی کە بۆ گیان لەبەران و

دروستکراوەکانی تر دانراوە هەمووی بەپێی شیاوی خۆیەتی. چونکە بەراز نەفسێکی بووە پێش دروست بوونی، خوایش قالبێکی بەرازی بۆ دروست کردووە..!؟[1]

بەلام لەبابەت زیندووبوونەوەی ئەو گیان لەبەرانەی تر(جگە لە ئادەمیزاد) قورئان دەفەرموێت:

﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلاَّ أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ: هەر زیندەوەرێ لە عەرزا دەڕوا و هەر مەلێ بە باڵان دەفڕێ، هەموویان کۆمەڵانێکن وەکو ئێوە. ئێمە لەناو ئەم کتێبە هیچ شتمان هەڵنەبواردوە، لە دوارۆژیش گش ئەمانە لەلای پەروەردگاری خۆیان کۆوە دەکرێن.﴾الانعام/٣٨.

ئەمە مانای ئەوەیە هەموو گیانلەبەرەکانی تریش زیندوو دەکرێنەوە، وەکو ئێمە، بەلام لە پاشدا چی‌یان لێ‌دەکرێت و بۆ کوێ دەچن؟ ئەم نادیارە (غیب)ە. ئێمە لە تەمەنی دنیاماندا ناتوانین دەرك بە هەموو شتێك بکەین و بیزانین، چونکە زانینی هەموو شتێك مەحاڵە.

بەلام گەر ئەوەندە زانینەی دەیزانین، گەر ئەوەندەی بە تێڕامان بە دەستمان هێناوە، کەوا دادگەریی راستیەکی هەمیشەیی (أزلی)یە و خوای گەورە خستۆیەتیە فیطرەتەوە، ئەوا زۆرمان زانیوە و بەوەندە گەیشتوین، کە بەشمان بکات، بەو شێوەیەی کە لە وتاری یەکەمان خوامان لێ ناسیی، کەوا هەر خوای گەورە عەقڵی هەموەکی و دەورە دەرە و هەر خۆی بە توانا و بەدیهێنەرە، کە گرنگی بە دروستکراوەکانی دەدات، ئا بەم شێوەیە تێدەگەین خوای گەورە چۆن

---

[1] لێرەدا مامۆستا شێخ عبدالعزیز نیشانەی پرسیاری بۆ داناوە.

ئەم فیطرەتە ڕێنوونیە دەخاتە ناو دروستکراوەکانی، ئەمەش لە خوازیارەکانی گرنگیدان و دادگەریەتی.. کەوا دروستکراوەکانی دروست بکا و ئەو ڕۆشناییەیان بۆ دروست بکات، کە پێی شارەزای ڕاستە ڕێ دەبن. هەروەها باوەڕ دەکەین، کە خوای گەورە پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە و کتێبی ناردووە.. کەواتە بەبێ ئەمە خوا نابێتە پەروەردگار و نابێتە خوایەکی ئیلهام دەر و هەڵسوڕێنەر.

بەڵگەشمان لەسەر ڕاستگۆیی کتێبەکانی ئاسمانی بریتی دەبێ لەو زانست و نادیار (غیب) و حیکمەت و یاسا و حەقەی بۆمان دێنێ، کە بە کۆششی تاکەکەسی و هەوڵدانی کەسێتی ناهێنرێتە کایەوە.

کە دەگوترێ خوای گەورە دادگەرە و دروستکراوەکانی دروستکردوە و ڕێگای ڕاستی پیشانداوە.. (ئا ئەوە ناوەڕۆك و کرۆکی سەرجەم ئایینەکانە)..

یەکەم ڕێبازە کە عەقڵ بەبێ ماندوبون پێی دەگات و فیطرەتی پاك بە بەڵگەنەویستیەوە رایدەگەیەنێ.. ئەو پەڕی داهێنان.. بریتی‌یە لە دان نەنان بەمە.

نکوڵی کردنیش پێویستی بە کۆششێکی زۆر و پێچ و پەنا و زۆربلێی و دەمەدەمی نەزۆکی هەیە، پاشانیش کۆتاییەکەی بەرەو کوێرە ڕێی‌یە.. چونکە لەسەر بنەڕەتێك دانامەزرێ..

هەروا دەچێتە دەروازەی خۆ بە گەورەزانی و کەللە ڕەقی وەك لەوەی بچێتە دەروازەی تێڕامانی بێ لایەنی پاك و فیطرەتی ڕاست.

گەشتە درێژخایەنە فیکریەکەم، هەر لە سەرەتا گەشەکەیەوە لە کتێبی (الله و الانسان)، هەتا دەگاتە وەستانە ملکەچی‌یەکەی لەبەردەم دەروازەی قورئان و تەورات و ئینجیل دا، هەر ئەمەی پێ گوتم.

بە دیدی من دیندار نیە ئەو کەسەی دەمارگیر و حیزب پەرست بێ و

تێڕوانینی وابێ، که هەر پێغەمبەری ئەو تاکه پێغەمبەرە و خوا پێغەمبەری تری نەناردووە.. چونکه ئەم تێڕوانینەی بەرامبەر بە خوا" تێڕوانینێکی منداڵانه و دواکەوتوانەیە، پێی وایە خوا وەك سەرۆکی هۆزێك وایە.. ئەم جۆرە هەست کردنه، ڕەگەزپەرستی‌یە نەك دینداری.

بەڕاستی تێڕوانینی ڕەوایانه بۆ خوا ئەوەیە، که خوا بەخشندەیە و بە هەموان دەبەخشێ و پێغەمبەرانیش بۆ هەموان دەنێرێ.

خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرمووێ:

﴿وَإِنْ مِنْ أُمَّةٍ إِلاَّ خلاَ فِيهَا نَذِيرٌ: هیچ کۆمەڵێکیش نەبوە که ترس وەبەرهێنەریان بۆ نەچوبێ.﴾فاطر/٢٤.

﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً: بۆ ناو هەموو کۆمەڵەیەك پێغەمبەرێکمان بەرێ کرد.﴾النحل/٣٦.

﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَى حَتَّى يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولاً: پەروەردگارت ئەو شارانەی قڕ نەکردن، تا لە ناوەندی ئەوانا پێغەمبەری بۆ ناردن.﴾القصص/٥٩.

﴿وَرُسُلاً قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِنْ قَبْلُ وَرُسُلاً لَمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ: پێغەمبەرانی دیکەشمان بەرێکردن، چ ئەوانەی که دەپێشدابون و چون و سەربوردەیانمان بۆ گوتوی و چ ئەوانەی که دەربارەیان نەمدواندوی.﴾النساء/١٦٤ .

مانای ئەم ئایەتەی دواییە ئەوەیە، لەوانەیە (بوزا) پێغەمبەر بووبێت لەکاتی خۆیدا، با ناوی لە قورئانیشدا نەبێت.

یان (أختانون) لە کاتی خۆیدا پێغەمبەر بوبێ.

با لە قورئانیشدا ناوی نەبێت.

خوا دەیەوێت ئادەمیزاد هەر ئەو بپەرستن، بەپێی ئەو نامەیەی، که

ناردوویەتە سەریان بێ جیایی و دووبەرەکی، دەبێ باوەڕیان ببێت بە هەموو نێرراوەکانی خوا، چونکە هەموویان لە بنەڕەتدا یەکن، هەموویان دەڵێن خوا یەکە، هەر لە ئادەم هەتا دواهێنەری پێغەمبەرایەتی(خاتم ﷺ).

باشترین نمونەی هۆشیاریی ئایینی کراوە، بریتییە لە هۆشیاری پیاوێکی وەکو غاندی[1] هیندۆسی لەکاتی نوێژکردنیدا چەند دێرێك لە قورئان و... تەورات و... ئینجیل و... دامابادا[2]... دەخوێنند، لەو پەڕی ترسەوە لەخوا و بە دڵێکی پڕ لە باوەڕەوە بە هەموو کتێبەکانی خوایی و باوەڕی بە خوای تاقانە هەبوو.

ئەم پیاوە ژیانی وەکو قسەکردنی وابوو، هەمووی خۆشەویستی و ئاشتیخوازی بووە..؟[3]

ئایینەکان لە لایەنی بیروباوەڕەوە هەموویان یەکن، با یاساکانیان جیاواز بن، وەکو چۆن خوای هەموویان یەکە، چاکەکاران لە هەموو ئایینەکاندا لەسەر یەك ئایینن.

چونکە دینداری ریزدار وا نازانێ، کە خوای گەورە تەنها دروستکەری ئەو و رێنمایی کاری ئەوە، یان تەنها خوای کۆمەڵێکە.. بەڵکە خوای گەورە رێنمونی کاری ئەهلی ئاسمانەکان و زەوییە.. گشت کەس بۆی هەیە بە دوایدا بگەڕێ و بیناسێ.. ئەو خوایەیە، کە بەخشندە و میهرەبانە و لە هەموو سەردەمێکدا پێغەمبەر و سروشی ناردووە..

---

[1] غاندی فەیلەسوف و تێکۆشەری هیندییە لە ١٨٦٩ لەدایك بووەو لە ١٩٤٨م کوژراوە.

[2] دامابادا: هیندۆسییەکان دەڵێن کتێبی خوایە و ناردوویەتی بۆ پێغەمبەرەکەیان کە (بوزا) بووە.

[3] دیسان مامۆستا عبدالعزیز پارەزانی نیشانەی پرسیاری بۆ داناوە.

ئەمەش لە داخوازیەکانی دادگەریە ئەزەلیەکەی خوایە.. تا ئەمە مانای شیاوی پایەی خوایی‌یە.. بەبێ ئەم ئیمان کراوەیە، بابای دیندار نابێتە دینداری بەڕاستیی.

بەڵام ئەوانەی کە لەسەر یەك ئاینن و بەش بەش بوون و یەکتر یەکتری دەکوژنەوە، بەناوی ئاینەوە، ئەوانە هەڵگری ئاڵای درۆ و پڕوپاگەندەن و ئاڵای ڕەگەزپەرستی و دووبەرەکی بەناوی ئاینەوە دەشەکێننەوەو.. هەر لە نەزانینەکەی کاتی (أوس و خزرج)[1] بۆ خوا دەجەنگێن لە پەنای ئارەزوو رابواردنی خۆیانا و واش دەزانن بۆ خوا دەجەنگێن، کەچی هەردوو لایان خۆیان دەپەرستن نەك خوا.

خواپەرستی لە ناسینی خواو پایەی بەرزی‌یەوە دەست پێ‌دەکات.

ناسینی خوایش لە خۆناسین و ناسینی نزمی و بێ‌نرخی نەفسەوە دەست پێ‌دەکات.

ئەمەیە تاقە ڕێگا بۆ گەیشتن بەوپەڕی ئامانج لەپاش کۆچکردن و لەجیهان دەرچوون.

---

[1] (ئەوس و خەزرەج): دوو تیرەی عەرەب بوون لە مەدینەدا پێش ئیسلام بوونیان لە بەربەرەکانی و جەنگدا بوون لەگەڵ یەك. بەڵام بوون بە برا بەهۆی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە.

ئەی سزا بۆچی ؟

ڕۆشنبیران ڕەخنەیەکی سەرزاری‌یان هەیە لەبارەی زیندووبوونەوەی پاش مردن و سزای بێ‌تاوان بارەکان، دەڵێن:-

چۆن دەبێ خوا ئێمە سزا بدات، ئێمەی خۆش دەوێ، چونکە دروست کراوی ئەوین.

ئەمە خۆی لەبیر دەچێتەوە، کە کوڕەکەی خۆی زۆر خۆش دەوێت و کەچی سزای دەدات، بە لێدان و بێ‌پارەی دەکات و دەیبەستێتەوە، بەڵکو لەوانەیە داخی بکات...

تا زیاتر کوڕەکەی خۆش بوێت زیاتر گوێ دەدات بە پەروەردە و ئامۆژگاری و سەرزەنشتی.

ئەگەر گوێ نەدات بە پەروەردەی کوڕەکەی، خەڵکی پێی دەڵێن باوکێکی بێ‌کەڵکە و گوێ نادات بە کوڕەکەی.

خوا واتە پەروەردگار، جا دەبێ ئەو پەروەردگارە چۆن پەروەردەی ئێمە بکات.

وشەی (خوا ئێمەی خۆش دەوێت) وشەیەکی قوڵ و پڕ مانایە، زۆر کەس مانای بە تەواوی نازانێت. وادەزانێ خوا ئێمەی بە هەموو کردەوەیەکەوە خۆش دەوێت، نا ئەمە ڕاست نیە.

ئایا خوا زۆرداری خۆش دەوێ...؟

نابێت مەحاڵە..

نابێ خوا ستەم و زۆرداری خۆش بوێ.

چۆن خوا زۆردار و زۆرلێکراوی وەکو یەك خۆش دەویٚ؟
ئەمە بۆ پلەی خوایی فەوزای فیکریە..
دەبێت خوا بە دەسەڵاتتر بێت لە هەموو زۆردارەکان و گەورەتر لە هەموو خۆ بەزل گرەکان. بەهێزتر بیٚ لە هەموو بەهێزەکان، دەبیٚ خوا بە هەموو مرۆڤێك پلەی خۆی بداتیٚ.
هەر لەو هەموو یاسا جوانەی لە زەوی و ئاسماندا هەیە، بۆمان دەردەکەویٚ کە خوا دادپەروەرە.
ئەو بەڵگە ئاشکرایانەی لەبەر دەستمانن" سیفەتی دادگەریی خوایی و ریٚك و پیٚکی و حیکمەت و دانایی دەسەلمیٚنیٚ و دووپات دەکاتەوە.
بەڵام ئەوانەی دان نانیٚن بە یاسا و دادپەروەری، ئەوانە پیٚویستیان بە بەڵگە هیٚنانەوە و بەڵگەی دان نەنانیان هەیە.. نەك ئەوانەی بڕوایان بە یاسا هەیە.
ئەوانەش هەرگیز دان بە سزا دانانیٚن و دان بەوە دانانیٚن، کە مرۆڤ خوایەکی هەیە و گەورەترین هیٚز و بەرزترین یاسای هەیە، من بانگی ئەو کەسانە دەکەم با بڕواننە حاڵ و باری جیهانی سەر زەویان.. روانینیٚك لە دنیا، کە پیٚویست بە سەپاندنی دوایی نەکات.
دەڵیٚم، ئیٚمە نابیٚ رۆژیٚك ئەمانە(کە هیچ نەبیٚ) تووشی ددان ئیٚشەیەك نەبوبن کە دەڵیٚی سەریان بە مشار دادەهیٚنن لە تاوی ژانی ددانەکە، یان تووشی ژانی ریخۆڵە کویٚرە یان (سەراسیٚ) نەبووبن.
با پرسیاریٚك لە ئیٚشی ئیٚسك شکاویٚ بکەن، ئیتر دەزانن ئەمە نموونەیەکی دۆزەخە.
نابیٚت نەزانیٚت جیاوازی لەنیٚوان ئەوەی کە سووتاوەو لە خەستەخانە دەزریکیٚنیٚ لەژیٚر دەستی پزیشك و برین پیٚچدا لەگەڵ ئەوەی کە لە تەنیشت خۆشەویستەکەیەوە لە گازینۆکانی (کۆرنیش) لە قەراخ نیلەوە دانیشتووە.

سزا ز ئازار راستیەکی بەڵگەدارە.

ئادەمیزاد دروستکراوی هێزێکە کە زۆر لە ئادەمیزاد بەهێزترە و بەهیچ جۆرێك ناتوانێ لەدەستی ئەو هێزە رابکات و فرۆفێڵ کار ناکات.

ئەم هێزە خاوەن باوەڕەکان پێی دەڵێن: (الله) و سەرلێشێواوەکان پێی دەڵێن: (سروشت) یان (یاساکانی سروشت). ئەم هەڵاتن و خۆ دزینەوە چیە، مەگەر بێ بەڵگەیی قسەکردن بێت، بەڵام سەرلێشێواوەکانیش لێرەدا ناتوانن بڕوایان بەو هێزە و سزاکەی نەبێت.

بۆ ئەو خاوەن هەستە ناسکانەی ئاخ هەڵدەکێشن بەو تێڕوانینەی، کە خوا زۆردارێکی سزادەر و ئازاردارە کردەوەی پاشایەکی تورکیان بیر دەخەینەوە، کاتێ کە فەرمانی کوشتنی تاوانبارێکی بدایە، شیشێکی نووك تیژیان دەهێنا و سوریان دەکردەوە لە ئاگردا و بە سوورەوەکراوی زۆر بەهێواشی و لەسەر خۆ لە کۆمیەوە لێیان دەدا و تا لە ملی‌یەوە دەهاتە دەرەوە، هۆی هێواشی لێدانەکەیش ئەوەبوو تاکو زیاتر ئازار بچێژێ.[1]

لەمەش زیاتر بۆ دیلەکانی جەنگ شیشیان سوور دەکردەوە لەناو ئاگردا و چاویان پێ هەڵدەکۆڵین..

ئەگەر بەندە ئا بەم جۆرە تۆڵە لە بەندە بسێنێ ئەی خوا چی بکات..؟ وەکو ئێوە دەڵێن خۆشەویستین، دەبێ چاییمان پێش کەش بکات.

بەڵام نا، دۆزەخ ئەوپەڕی خۆشەویستی‌یە. چونکە شتی تر نیە تاکو بەم جۆرە کەسانە بسەلمێنێ کە خوایەکی دادپەروەر هەیە.

ئەمە دڵنەرمی‌یە بەرامبەری ئەوانەی باوەڕیان بەو هەموو کتێب و نێرراوانەی خوا نەدەکرد، هۆش و زانستیشیان بەدرۆ دەخستەوە.

---

[1] سەیری کتێبی (المنجد في اللغة) وە وشەی (خازوق) ل ١٧٢ بکە.

بۆدره، سوراو، سپیاو، کلی چاو، برژانگی دەستکرد، ڕەش کردنی برۆ...هتد...
هەمویان درۆن.

ئەو قردێلەی قژی کچانی پێدەبەسترێ، قژی کچێکی تەمەن سی ساڵە
بیبەستێ درۆکردنە.

خۆیان هاوار لە درۆزنی خاوەنەکەیان دەکەن.

ئەمە پێش ئەوەی کەس وتەیەکی لەدەم بێتە دەرەوەو دەنگ بکات.

بەلاّم خۆ ئەگەر دەمی کردەوەو وتی: بەیانیت باش.. ئەوە هەر زمانی فێربووە
باشی داوا دەکات.. ئەگینا کەی لە دڵەوە باشی داوا دەکات..؟! زۆر هەیە قینی
لێیەتی کەچی داوای باشی بۆ دەکات... درۆیە.

کوڕ و کچ پتر لە دوو کات ژمێر دادەنیشن و باسی خۆشەویستی یەکتری
دەکەن.. درۆیە.

ئەو کچەی لەگەڵتایە و دەڕۆن بۆ سینەما و بار و باسی هێرشی
خۆشەویستی خۆیت بۆ دەکات، بیری هەر لای جزدانی پارەکەتە و بزانێت بەشی
چەند قاپ وێسکی دەکات.. درۆیە.

جاڕ(اعلان)ی چاکی فلاّنە جگەرە و باشی بۆ تەندروستی.. درۆت لەگەڵدا
دەکات.

ئەو جاڕەی دەڵێ (حەبی ئەسپرین) رزگارت دەکات لە نەخۆشی (ئەنفلۆزا)..
درۆیە..

جارێ باسی مامەڵە و کڕین و فرۆشتن مەکە. هەموی درۆیە.

وێنەی یاریکەری تێنس کە قاپی وێسکی بەدەستەوەیە، یان وێنەی ئەو پیاوە
ماسولکە گەورەیەی لەسەر قوتوی میوەوە دروستکراوە...هتد. هەمووی درۆیە.

یان ئەو درۆ ڕەنگاوڕەنگانە سەیر بکە، کە داکوتراون بەسەر دیوارەکانەوەو
پڕوپاگەندە بۆ سینەما و تەلەفزیۆن دەکەن.

بەس دەست لە ڕۆژنامە و گۆڤار مەدە، چونکە بە هەزاران درۆیان

لێهەڵدەوەرێت، درۆ بوە بە خوویەکی بازرگانی.

لە جیهانی رامیاری و لە ناو ڕامیارەکاندا و لەناو نەتەوە یەکگرتووەکاندا و بەدەم باڵوێزەکانەوە(سفراو) درۆ بناغەی کارەکەیانە.

دیبلۆماسی بەرز ئەوەیە چۆن بتوانێت وا لە درۆ بکات، کە خەڵکی بەڕاستی بزانێت و چۆن دەم و دڵی وەك یەك نەبێت و چۆن چاوبەست لە خەڵکی بکات.

جارێك چەرچل[1] گۆڕێکی بینی کە لێی نوسرابو:

(ئەمەیە گۆڕی پیاوی ڕاستگۆ و ڕامیاری بەرز).

بە پێکەنیەوە وتی:- ئەمە یەکەم جارمە لە ژیانمدا ببینم دوو پیاو لە یەك گۆڕدا نێژرابن.

باوەڕی بەوە نەدەکرد کە پیاوی ڕاستگۆ و ڕامیاری یەك پیاو بێت. چونکە چەرچڵ وای زانیوە کە بناغەی رامیاری درۆیە.

گرنگترین مەرجەکانی رامیاری ئەوەیە کە راستی بشاریتەوە بۆ بەرژەوەندی، دڵ نەرمی لابەرێت تاکو فرۆفێڵ و زیرەکی و.تێگەیشتوویی بە پێش بخرێ.

هەتا لە ئایین و جیهانی پەرستنیشدا خەڵکی ناڕاستی ئەم دەمی ئێمە درۆیان تێکەڵ کردووەو کردویانە بەخوو.

بۆ نمونە... مانگی رەمەزان، مانگی دەم گرتنەوەیە لە خواردن. کەچی بە پێچەوانەوە دەبێت بە مانگی خواردن، پاقلاوەو برمە و لوقمەقازی سەردەردێنن و هەموو ماڵێك بەپێی خۆی ترشیات و زیاتر لە جارانی برنج و ماست و پەنیر ئامادە دەکات. خواردنی گۆشت لە ڕەمەزاندا دەبێ بە دوقاتی مانگەکانی تر.

---

[1] چەرچڵ: لەساڵی ١٨٧٤ لە ئینگلتەرە لەدایك بوەو لە پیاوە ڕامیارەکانی ئینگلیزە. گەورەترین شوێنەکانی رامیاری ئینگلیزی وەرگرتوەو سەرۆکی پارتی (محافظین) بووە، لەگەڵ چەند کەسێکی تردا بوون بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دوهەم.

بەم جۆرە مانگی ڕەمەزان دەبێت بە مانگی سینی و مریشك خواردن.

له نێوان هەموو سەد نوێژکەرێکدا، زیاتر لە نەوەت و نۆیان، کە لەبەردەمی وەستاون بیریان لای نوێژەکە نیە و بیریان بەلای بەرژەوەندی دنیایین، گوایە خوا دەپەرستن، کەچی لە راستیدا بەرژەوەندی و مەبەستی خۆیان دەپەرستن، دێنە روکع بردن بۆ ئەوەی ئەم بەرژەوەندی و مەبەستەیان بۆ بێتە دی.

پاپاکانی سەدەکانی ناوەڕاست سکرتێری پاشا و سەرۆکەکان بوون و تەزبیحەکانیان ئاڵتوون و زیو بوون، ژێرەخەریان ئاوریشم بوو، خاوەنی ئەوپەڕی دارایی و سامان بوون. هەریەکەیان دەرەبەگێك بوون بۆ خۆیان بەناوی ئەو ئینجیلەوە کە دەڵێت:

(دەوڵەمەند ناچێتە مەلەکوتی خوا هەتا وشتر لەکونی دەرزیيەوە هاتوچۆ نەکات).

بەڵکو پاپاکان وایان دەزانی بەهەشت بەدەست ئەوانە و دەستیان کرد بە فرۆشتنی و پسوولەی لێخۆشبونیان (صکوك الغفران) دەفرۆشت بە کڕیارەکانی.

دڵداری و خۆشەویستی هەمووی فڕوفێڵە، سەیر دەکەیت دوو دڵخوار وتووێژ دەکەن فڕ و فێڵ لە یەکتری دەکەن بۆ ئەوەی بەڵگەیەکی جوان بدۆزنەوە بۆ بڕینی ڕێگەکە، تاکو چوونە سەر نوێن.

لەو وڵاتانەی کە بە پێش کەوتوو ناو دەبرێن، خۆشەویستی وەك یارییەك وایە بۆ بەسەربردنی کاتی بێکاری، یان ئازایی خۆی تێدا نیشان دەدات، یان بەهۆی سەرکەوتنی فەرمانێکی دادەنێت.

هەندێ جار وشەی خۆشەویستی درۆیەکی شیرینکراوە، کە مەبەستێکی خراپی وەك دەست بەسەراگرتنی بە دواوەیە.

هەندێ جاریش وشەی خۆشەویستی درۆیەکەی ئاشکرا دەبێت، وەکو ئەوەی

خۆشەویستی ئەویّ بۆ میرات.

یان بۆ بەدی هێنانی پلەیەك هەر زۆری بۆ ئەوەیە خۆشی و تام بچێژیّ و دڵی نەختێك بخورێنیّ و بۆ زاڵ بون بەسەر شەرمنی.

جا بۆ بیّتاوانی خۆی و ڕازی کردنی دڵی خۆی، ئافرەت دوا پارچەی جلەکانی بەری دادەکەنیّ بۆ خۆشەویستەکەی و دایدەنێت ئەمەی کە کردوویەتی قوربانی خۆشەویستی‌یە و خۆشەویستی‌یەکی پاکی بەجیّ هێناوە، چی بکات فەرمانی خوایە و، قەزاو قەدەرە و ناگەڕێتەوە. کەچی ئەمە نە یەکەم خۆشەویستی بوەو نە دوا خۆشەویستی دەبێت.

هیچ شتێك نیە بەقەدەر خۆشەویستی و دڵداری و درۆی تێدا هەبێت، هەموو وشەیەکی درۆیە. هەموو دەست لێدانێکی درۆیە.. هێرشی ئارەزوو(هیجان الجنس) خۆی درۆیە. چەند زوو هەڵدەگیرسیّ و چەند زوو دادەمرکێت و تامی نامێنیّ!

بوونی ڕاستی لە خۆشەویستی‌دا دەگمەنە، دەگمەنتر لەوەی کە گەوهەر لە بیاباندا هەبیّ.

هەر لە گۆرانی خۆشەویستی و چیرۆکەکانی و باس کردنی ناخۆشی دڵداری و هەڵبەستەکانی و ئاخی نیوەشەو و بەرەبەیان و فرمێسکی سەرسەرین هەموویان تابلۆی درۆن و بەدەستی هونەرمەندە درۆزنەکانی ڕێگای دڵداری دروست کراوون.

درۆ لەو هەڵبەستانەدا زۆرە کە بوێژەکان هاتوون بە شان و باهوی پیاوە گەورەکاندا دەڵێن.

هونەریش زادەی ئارەزو و سروشتن، سروشتیش دەگۆڕیّ.

ئەمجا بۆت دەرکەوت درۆ چەندە زۆرە..ئیتر کوا ڕاستی..؟!!!

تەنانەت لە خواردنیش درۆ دەکەین، ئێمە تێرین و دەشخۆین.

ئیتر کەی ئەو ڕۆژە دێت ئێمە ڕاستیمان دەست بکەوێت..؟

ئەگەر بە میکرۆسکۆب بگەڕێین ڕاستیمان دەست ناکەوێت.
تەنیا هۆش(عقلْ) ڕاستە، بێلایەنە لە هەموو شتێك..
زانست ڕاستە. بە مەرجێك که ئارەزووی خاوەن هۆش و زانستەکە (خەڵوە)یەك لەگەڵ هۆش و زانیاریدا بکات و بیر لە هەموو شتێك بکاتەوە و بەنهێنی کۆبوونەوەیەك لەگەڵیاندا بکات بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و ڕێگای ڕاست..
وتووێژێك لەگەڵ عەقڵ و زانستدا (سێبەسێ) بکات لەناو دڵی خۆیدا بێئەوەی کەس گوێی لێیان بێت.
بەددان پیانانی چاکە و خراپە و بە شیتەڵ کردنەوە، هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە، بەڵام بێلایەنی گرتن و مەبەستی دەرکەوتنی ڕاستی بێت.
لەم کاتەدا هەست بە جیهان و درۆکانی جیهان ناکات.
چونکە ئەو کەسە لەبەردەستی هەق و ڕاستیی بەڕێز دایە، ئیتر چ ڕایەکیان دەکەوێتە درۆ و تەڵەکە و فێڵ، ڕوو بکەنە ئەو شوێنە.
بەڵام ئەگەر ئەم هەلە لەکیس ئادەمیزاد دەرچوو ئەم کۆبوونەوەیەی نەکرد ئەوە هەموو تەمەنی بە خۆڕایی ڕۆیشتووەو تەمەنێکی بێکەڵکی بەسەر بردووە. ئەو تەمەنە جوانەی کردووە بەژێر هەرەسی درۆوە، ئاگاداربوونەوەی پاش لەدەست دەرچوونی هەل بێکەڵکە.
لەبەر ئەمەیە کە خەڵوە شتێکی پێویستە و بەڕێزە بۆ ئادەمیزادی ئەم چەرخەی ون بووی ناو درۆو فیشاڵ.
ئادەمیزاد بەتەنیا لە دایك دەبێ و بە تەنیا دەمرێ و بەتەنیاش دەڕواتە بەر دەست ڕاستی و دادەوە.
زێدەڕۆیی نیە بڵێین جیهانمان پڕە لە درۆ...
یەکتری دەکوژین بۆ هێنانە دی ئارەزوومان و لەڕێی بەسەربردنی فیز و دەمار و خۆهەڵکێشانماندا.

بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا کە لەناو ئەم جیهانەدا دەژین، هەر حەزمان لە ڕاستی‌یە و لەسەر ڕاستی خۆمان دەدەین بە کوشت و شانازی دەکەین بەو مردنەوەو، دڵمان پڕە لە هەستی خۆشەویستی ڕاستی، با نەیشی گەینێ.

هەر ئەم هەستە بەڵگەیە بۆ بوونی ڕاستی.

ئەگەر ئێمە حەقیش نەبینین و نەشی گەینێ، لەناوماندایە و هاندەرمانە، حەق نموونەیەکی رەهایە، هیچ ساتێك لە ویژدامانداندا ون نابێ، چاومان هەردەم بەرامبەربی کراوەیە.

زانست ئەم ڕاستی‌یەمان نیشان دەدات.

چاودێری کردنی خۆ(مراقبة النفس) ئەم ڕاستی‌یەمان نیشان دەدات..

چاو نیشانمان دەدات.

ڕاستی لە قورئاندا (الله) یە.

هەموو پارچەیەکی ئێمە بەڵگەیە بۆ بوونی ئەو...

بە دەسەڵات ترە لە هەموو جیهان..

دەبینین بەچاوی دڵ نەك بە چاوی سەر..

گیانمان بەڵگەیە، هەر لە بوونی‌یەوە تاکو ڕۆژی داکەندنی بەرگی لەش.

بەڵام لێرەدا ئەمە سەرسوڕهێنەرە کە هەندێك داوای بەڵگە دەکەن بۆ بوونی خوا.. بۆ بوونی ڕاستی.. کەچی ناو دڵیشیان پڕە لە خۆشەویستی خوا... ڕاستی..

کەسێك ڕوگەی هەموو دڵەکان و ئامانجی هەموو بەرچاو ڕۆنەکان بێت، چۆن گومانی لێدەکرێ؟

چۆن گومان لە بونی دەکەین لە کاتێکدا دەستی بەسەر هەموو هەستەکانماندا گرتووە؟

چۆن گومانمان لە حەق بێت و بەڵگەی پوچی لەسەر بێنینەوە؟

چۆن لەگەڵ ژیربێژی فێڵبازدا بە پلەیەکی هاودژیی وا هەڵخلیسکێین، کەوا کاکڵە و کرۆکی بون و ڕاستی ڕاستیان بخەینە شوێنی پرسیارەوە؟

من لەو ئامۆژگاریە بە نرختر و گرنگتر نادۆزمەوە، کەوا دەڵێم:
با هەریەکێك لە ئێمە بگەڕێتەوە بۆ فیطرەتی خۆی...
با بگەڕێتەوە بۆ ئەو پاکی و بێگەردیەی، کە پێچ و پەنای ژیر بێژی و عەقڵی فێڵباز پیسی نەکردووە.
ئەم فیطرەتە گۆڕان و شێوانی قبوڵ نیە، چونکە تەوەر و کاکڵە و خوڵگەی بونە و هەموو زانست و زانینەکانی لەسەر بنیات دەنرێ.
خوای گەورەش دەفەرموێ: (فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ: تۆ هەر ڕو لەم دینە بکە و هەر بەرەو هەق هەنگاو بنێ، دینێکی بنەڕەتە و لە سروشتدا خوا ئەو خەڵکەی هەر بۆ یەکخواپەرستی وەدی هێناوە. کاری خوداش گۆڕانی بەسەردا نایە)الروم/ ٣٠.
خوای گەورە ئەم فیطرەتەی وا دروست کردووە، کە مەیلی بەلای خۆیدا بێت، بەسروشتی خۆیەوە هەردەم داوای لای خوا دەکات، هەروەك چۆن جەمسەری قیبلەنما ئاماژە و ڕوو لە ئاراستەی قیبلە دەکات.
با هەر یەکێك لە ئێمە وەك سروشتی خۆی وابێ زیاتر نا.
دەبینی سروشتەکەی حەقی پێ پیشان دەدات.
بەبێ کۆشش فیطرەتەکەی بۆ لای خوای شارەزا دەکات.
هەروەك خۆت بە.
خودی خۆت لە ڕێی ڕاستت شارەزا دەکات.
کاتێ کاتژمێرێك تەنیاین، با بگەڕێینەوە لای دڵمان، هەر یەکێك لە ئێمە با لە دڵی بپرسێ.
دڵیشی هەموو شتێکی پێ پیشان دەدات.
چونکە خوا ئەو قیبلەنمایەی داناوە لە دڵماندا کە هەر ڕوو دەکاتە خۆی.. کە ناوی فیگرەت و بەڵگە نەویستیە.

هاوسەنگی گەورە

ئەو شەوەم لەیاد ناچێت کە پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر لە گەڕانەکەمدا بۆ (ئەدگال) لە (ئەفریقای ئیستوائی)[1] بە نیلی[2] پاندا بە کەشتی‌یەکی سەرگیراو دەڕۆیشتین، تاکو لە (مەلگال)[3] ڕەت بووین و گەیشتینە شوێنێ، کە زۆر مێشولەی هەبوو.

نیلیش لەوشوێنەدا پان بوو بوو وەك بواری لێ‌هاتبوو، چاو ئەوبەری نەدەدی. یەکسەر ئەوانەی لەناو کەشتی‌یەکەدا بوون بە کەشتیەوانەکەوە نەخۆش کەوتن لەبەر زۆری گەستنی مێشوولە.

بەڵام من حەبی (کامۆکین)م بە شێوەیەکی ڕێك و پێك قووت دەدا، تاکو تووشی لەرزو تا نەبم.

شەو ویستم بڕۆمە سەر کەشتی‌یەکە، تاکو بە شەو سەیرێکی سودان بکەم.

دەم و چاوم و دەستم چەور کرد بە ڕۆنی دژی مێشوولە و کاتێ چوومە سەرەوە شتێکی زۆر سەیرم دی.

سەیرم دەکرد بە هەزاران پەلی درەخت دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە، دەتگوت

---

[1] ئەفـریقای ئیسـتوائی: بریتی‌یە لە گابۆن و کۆنگۆی و چاد و...هتد.. لە ساڵی ۱۹۰۸دا کەوتە ژێر دەستی فەڕەنسەوەو بە ئەفریقای فەڕەنسی دەناسرێت.

[2] نـیل: روبـارێکی گەورەیـە و درێـژی ۱۵۰۰ کـم دەبێـت لـە دەریاچـەی (ڤیکـتۆریا)وە هەڵدەقوڵێت و ژیانی میسر بەم ڕوبارەیە.

[3] سەلگال: شارێکە لە سودان و دەکەوێتە سەر ڕوباری نیل.

جەژنە و بە هەزاران گڵۆپی کارەبایی‌یان پێداکراوە. دەکوژێنەوە و دادەگیرسێن، دەستم هێنا بەسەر چاومدا نەوەکو ڕێچکە و پێچکە بکات، دیسان سەیرم دەکرد ئەوەی دیبوم تەواو ڕاستە... دەتگوت ئەو دارانە یەکپارچە بە گڵۆپ داپۆشراون.

هەر کە دابەزیم و پرسیارم لە کەشتیەوانەکە کرد، وتی: ئەمانە گیانەوەری گوڵەئەستێرە(حباحب)ن[1] هەر کە دەگڕێت بەو گڕە" مێشوولەکان ڕادەکێشێت بۆ لای خۆی و دەیانگرێت و دەیانخوات. لە وەختی خواردنی مێشوولەکاندا گڕەکەی دەکوژێتەوە تاکو جارێکی تر دایگرسێنێ بۆ ڕاوە مێشوولە.

ئەمە دەستووری خوایە، هەر کاتێك شتێك زۆر زۆر بوو و دژێکی بۆ دروست دەکات، تاکو بە هاوسەنگی لە نێو هەموو دروست کراوەکانیدا بمێنێ و هیچیان هیچیان دانەپۆشێت.

هەر بیرم لەو شەوە دەکردەوە.

هەر بیرم لە وتەی کەشتیەوانەکە دەکردەوە.

هەموو ڕۆژێك بەڵگەم بۆ زیاتر دەبوو، پێی دەسەلماندم کە ئەم گەردونە شانۆی هاوسەنگی‌یەکی گەورەیە لە هەموو شتێکدا و هەموو بە ئەندازەی زۆر ورد دروست کراون.

ئەگەر زەوی بچوکتر لەو قەوارەیە دروست بکرایە، کێشەرە(جاذبیة)کەی کەم تر دەبوو، هەوای تێدا نەدەما و ئاوەکەی هەموو دەبوو بە هەڵم و چۆڵ دەبو وەکو مانگ... نە ئاو.. نە هەوا... نە ژیان دەبوو.

ئەگەر قەوارەکەی گەورەتر بوایە هێزی ڕاکێشەر(جاذبیة)ی زیاتر دەبوو، جم

[1] گوڵـە ئەسـتێرە: کرمـێکی ڕەنگاوڕەنگـە بەشەو دەگەڕێن و لە کلکی‌یاندا گڕێکی هەیە وەکو ئاگر بە عەرەبی پێی دەڵێن (حباحب).

وجوڵی تێدا زۆر گران دەبوو کێشی هەر یەکێك لە ئێمە چەندانە زیاتر دەبوو، نەمان دەتوانی هاتوچۆ بکەین.

ئەگەر سوڕانی بە دەوری خۆیدا زیاتر بوایە وەکو مانگ ڕۆژێکی دەبوو بە (١٤) ڕۆژ و شەوێکی دەبوو بە (١٤) شەو و ئاو و هەوای دوو هەفتە زۆر گەرمێکی گران دەبوو، دوو هەفتەی تر سەرمایەکی بکوژ دەبوو، ژیانی تێدا مەحاڵ دەبوو.

یان ئەگەر زەوی نزیکتر بوایە لە هەتاو زیاتر لە ئێستەی وەکو ئەستێرەی (زهره)، گەرما دەیسوتاندین، ئەگەر دورتر بوایە وەکو (زوحەل.. مشتەری) سەرما دەیکوشتین.

لەمانەش گرنگتر ئەوەیە، دیارە زەوی بە گۆشەیەکی لار دەسوڕێتەوە کە دەکاتە (٣٣) پلە و بەم لاریە کژەکان و بەکارهێنانی ناوچەکان بۆ کشتوکاڵی لێ دروست دەبێت و دەسازێ.

ئەگەر توێکڵی زەوی لەمە ئەستورتر بوایە، هەموو هەوای ئۆکسجینی هەڵدەمژی و بەشی خواردنی ئێمەی لەم گازە بە کەڵکە نەدەهێشتەوە.

ئەگەر دەریاکان قوڵتر بونایە، هەموو گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنیان هەڵدەمژی و بەشی ڕوەکیان نەدەهێشتەوە.

ئەگەر پەردەی هەوایی تەنکتر بوایە، تیشکی هەتاو دەیسوتاندین.

یان ئەگەر هەوای ئۆکسجین زیاتر بوایە لەوەی ئێستای، یان هەموو شتێك دەسوتا یان گڕێکی بچووکی ئێستا دەبوو بە تەقینەوەیەکی گەورە.

ئەگەر کەمتر بوایە، یان هەر نەدەژیاین یان زۆر سست دەبووین.

ئەگەر بەفر سوکتر لە ئاو نەبوایە، نەدەکەوتە سەری و ژێری دەریا و زەریاکان بە گەرمی نەدەمایەوە بۆ ژیانی ماسی و نەهەنگەکان.

ئەگەر چەتری ئۆزۆن نەبوایە لەسەرو هەوای سەر زەمین (کە ناهێڵێ تیشکی

وەنەوشەیی‌مان بگاتێ، بێجگە لە ڕێژەیەکی زۆر کەم) ئەو تیشکە ژاراوی‌یە دەیکوشتین.

ئەگەر نەختێك بە وردی سەیری لاشەی ئادەمیزاد بکەین.. ئەو کاتە مەتەڵی زۆر سەرسوڕهێنەرمان بۆ دەردەکەوێت.. هەموو شتێك ڕێژەی تایبەتی خۆی هەیە.. خوێن.. سۆدیۆم. پۆتاسیۆم.. کالیسیۆم.. شەکر. کۆڵسترۆل.هتد..

بە تێکچوونی ئەم ڕێژەیە (با زۆر کەمیش تێك بچێت) ئەوە خاوەن لاشەکە نەخۆشە. خۆ ئەگەر پەرەی سەند ئەوە مانای مردنێتی.

لاشە، چەکدار کراوە بە چەند ئامێرێکی خۆکار(آلي) کە خۆی لەخۆیەوە ئیش دەکات بۆ هێشتنەوەی ئەو ڕێژەیە بە درێژایی ژیانی ئادەمیزادەکە.

ڕێژەیەك هەیە بۆ زیاد و کەمی خوێن، کە بیپارێزێت.

ڕێژەیەك هەیە بۆ زیاد و کەمی ترشەڵۆکی میز، کە بیپارێزێت.

هەروەها هەموو ئەوانی تر.

پلەی گەرما هەموو کاتێك لە (۳۷) پلەی سەدی دەوەستێ و کردەوەیەکی فسیۆلۆجی و کیمیاوی هەیە و ناهێڵێ زیاد و کەم بکات.

هەر بەو جۆرە.. ژێیەکانی ماسولکە.. لێدانی دڵ.. یاسای چۆنیەتی مژین و فڕێدانەوە.. ڕژێمی سوتاندنی کیمیاوی لە تەنوری جگەردا.. هێزی توڕەیی و لەسەرخۆیی.. هێزی ڕێك و پێکی ئیشی هەرمونەکان لە تیژی و سستی بەپێی کردەوە کیمیاوی‌یەکانیان و بژێویان.

بەڕاستی مەتەڵێکی سەرسوڕهێنەر و هونەری‌یە، ئەم هاوسەنگیە ، کە هەموو پزیشکێك و توێژەرێکی فسیۆلۆجیا و توێکاری و کیمیا، ئەمە دەزانێ.

(وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا: هەمو شتی لەڕادەی خۆی دروست کرد و ئەندازەی گرت.)الفرقان/٢.

لەم بارەوە نموونە دوایی نایەت لە زانینەکانی (ڕوەکی و گیانەوەری و

پزیشکی و گەردون گەری) کە هەزاران کتێب و کتێبی دەوێت.

هەموو لاپەڕەیەکی لایەنگیر و دوپاتی دەکاتەوە، کە ئەم هاوسەنگیە پتەوە و رێك و پێکیە گەورەیە لە دروست بوەکاندا هەیە.

بەڵام واز لەو سەرلێشێواوانە بهێنە کە دەڵێن ئەم بوونەوەرە بە رێکەوت(صدفة) دروست بووە. ئەمە ئەوپەڕی بێهۆشی و بێعەقڵی و نەزانینە. وەکو بڵێین نارنجۆکێکمان(رمانة) فرێدایە ناو چاپخانەیەك و کەچی بەرێکەوت بوو بە فەرهەنگێکی رێك و پێك.

ئەو زانا کیمیاوی‌یە سەرکەشەی وتی: (هەواو ئاو و گڵم بۆ بهێنن لە زروفێکدا مرۆڤێکتان بۆ دروست دەکەم).

ئەم کیمیاوی‌یە دانرا بە کەم دەست و دەست کورت لەو شتانەدا لەو زروفەی دا.. ئەوپەڕی بێدەسەڵاتی‌یە کە بیەوێت لاسایی (دروستکەر=خالق) بکاتەوە.

گەر هەموو ئەم رەگەز و رەوشانەی بۆ ساز بکەین، با بەگریمانە وا دابنێین توانی مرۆڤێك دروست بکات... ئەو کات ناڵێت بەرێکەوت دروست بووە بەڵکو دەڵێ من ئەو ئادەمیزادەم دروست کردووە.

ئەو مەیمونەی کە لەسەر پیتنوسێك (طابعة) دادەنیشێ و هەر چەپۆڵە دەدات بەسەر پیتەکاندا و پیت دەردەچێت. با رۆژێك هەڵبەستێك لە هەڵبەستەکانی(شکسپیر)[1] بەرێکەوت چاپ بکات یان نامەیەك بە رێکەوت بنوسێت.

قەبدی نیە دەڵێین بە رێکەوت لە زەلکاوەکاندا ترشەڵۆکی نەوەوی (DNA) پەیدا بوو کە خۆی دەتوانێ خۆی دروست بکاتەوە..

---

[1] شکسپیر: بویژێکی ئینگلیزی‌یە و خاوەنی چەند شانۆگەری بەرزە لە ساڵی ١٥٦٤ لەدایك بوەو ساڵی ١٦١٦دا مردوە لە ئەدیبە بەرزەکانی جیهانی دەژمێررێت.

بەلام ئەم ترشەلۆکە چۆن توانی ببێ بەم ژیانە گەورەیەی ئێستە دەیبینین؟
ئایا دەبێت بلێین گوایا بەرێکەوت پرۆتۆپلازم پەیدا بوو..؟؟!!
بەرێکەوت خانە (خلية) پەیدا بوو.
ئەجا بەرێکەوتی سێهەم بوو بە دوو چەشن.
خانەی روەکی و خانەی گیانەوەریی.
ئەجا هەموو لقەکانی تری ژیان. هەر بە رێکەوت بوون.
ئەمە بوو بە ئەفسانە (سحر).
توخوا ئێمەیش بلێین رێکەوتە، ژیری (عقلّ) گاڵتەمان پێناکەن؟!
بەرێکەوت پەلەوەر و ماسییە کۆچەرەکان بە هەزاران کیلۆمەتر رێگا دەبڕن بەسەر شاخ و داخ و چۆڵ و بیاباندا و بەناو دەریا و زەریاکاندا.؟
بەرێکەوت (بێ پێوتن) جوجکە لە ناسکترین شوێنی توێکڵی هێلکەکەدا دوای شکاندنی بە دەنوك، دەردێت؟
بەرێکەوت برین سارێژ دەبێت و بۆخۆی بەبێ نوشدار دەیدۆرێتەوە.
بەرێکەوت گوڵەبەرۆژە دەزانێ کە هەتاو چاوگەی ژیانیەتی و رووی تێدەکات(یان بە شریت پێیەوە بەسراوە)؟
بەرێکەوت داری سەحراوی باڵ بۆ تۆوەکانی دروست دەکات بۆ ئەوەی بفڕن و لەشوێنی ئاوداردا بڕوێن؟
بەرێکەوت رووەك (ماددەی کلۆرۆفیل)ی دۆزیەوە، تاکو وزەی پێ دروست بکات؟
بەرێکەوت مێشوولە بۆ گەراکانی کیسەی هەوایی دروست دەکات؟ (یان مامۆستا ئەرخەمێدس پێی ووتوە)؟
ئەی هەنگ، کە ژیانی پڕە لە هەموو شێوەیەکی کۆمەڵایەتی و هونەرمەندی و ئەندازیاری و کیمیاوی بۆ دروست کردنی هەنگوێن و مۆم لە

شیلەی گوڵان..؟

ئەی پەلەوەرە ڕەنگاوڕەنگەکان لە کام دەرمانخانەی ئێمە دەرمانیان کڕی بۆ ئارایشتی خۆیان.؟ ئەمان بەڕێکەوتن؟؟؟!

ئەگەر بڕوامان هێنا بە یەك ڕێکەوت، ئەی ئەم هەموو ڕێکەوتە چی لێ بکەین...؟

چۆن ژیری پێمان پێناکەنێت و گاڵتەمان پێ ناکات.؟!

ئەمە پڕ و پاڵانتەیە و ڕێناکەوێت.. مەگەر لە فلیمێکی قۆشمە(هزلي)دا نەبێت.

فیکری ماددی خۆی لەناو تەنگەبەری ئەم نەزانییەدا دۆزیوەتەوە، دەیەوێت خۆی لە وشەی (ڕێکەوت) ڕزگار بکات، ئینجا وشەی (پێویستی) داهێناوە... وەکو پێویستی پاڵت پێوە دەنێت بۆ نان خواردن کاتی برسیەتی... ئیتر هەر پێویستییە و پاڵی نا بە پێویستیەوە تاکو ئەم ژیانەی دروست کرد..!

ئەمە تاقیکردنەوەی دەنگی زڕنایە و یاریکردنە بە وتە...

هیچ جیاوازی نیە. لەباتی وشەی ڕێکەوت وشەی (پاڵەپەستۆی پێویستیان) دروست کردووە.

چۆن ڕووداوێك لەخۆیەوە بە پێویست بەبێ هۆش و بیری نوسەرێك دەبێ بە چیرۆك و دەچێتە سەر لاپەڕە..؟

بەڵام ئەی کێ ئەم پێویستییەی دروست کرد؟

چۆن پێویست بەبێ پێویستی دەبێ..؟!

ئەمە مراندنی ئەو (هۆشە) بۆگەنەیە کە خۆی دەپارێزێت لە دەنگی چۆنیەتی دروست بوونی خۆی. هەر بۆ ئەوەی نەڵێ خوایەك هەیە و ئەم هەمووەی دروست کردووەو هەر ئەو (مایسترۆ)ی لێدانی ئەم بەستە جوانەیە.

ئەم هاوسەنگییە گەورەیە و ئەم گونجان و پێکەوە بەستنەی کە لە

ملیۆنەها شتی ورد و درشت پێکدێت. هاوار دەکات و بەڵگەیە بۆ ئەو دروست کەرە بە دەستەڵاتە و نزیکترە لە دروستکراوەکانی‌لەلاشە و خوێنی خۆیان... دەیانپارێزێت باشتر لە باوك و هەموو داخوازی‌یەکانیان جێبەجێ دەکات... گوێی لە هەموو هەناسە ساردەکانیانە.. چاوی بە هەموو کردەوەکانیانەوەیە... ئەمە ئەو خوایەیە کە قورئان ناوی ناوە (اللە)، هەر ئەو خوایە... نەك ماددەی کەڕ و بێدەنگ... نەك خوای (ئەرەستۆ و ئیفلاتون)... نەك بوونی ماددی، وەکو (سپینززا) و دواکەوتوەکانی باوەڕی (وحدة الوجود) وا دەزانن!...

ئەو خوایەی تاك و تەنیا و هیچ کەس لەوێنەی نیە... بەرزترە لەوەی ئێمە دەیزانین وەکو چۆنیەتی و.. وێنە و...

بەکردەوەکانیەوە دیارە و خۆی شارایەوە..

چاوەکان ناتوانن بیبینن، ئەو هەموو شت دەبینێ..

هەموو چاوەکان بەهۆی روناکی ئەوەوە دەبینن.

بەڵام هۆشی زانیاری‌یەکانی ئێستای ئێمە بڕوا بەم ووشە(سۆفیانە) ناکەن. چونکە دەڵێن ئێمە بڕوامان بە نادیار(غیب) نیە و زانین لە هەست پێکراوەوە دەست پێدەکات و دوایی دێت.

ئێمەیش پێیان دەڵێن ڕاست ناکەن چونکە:-

نیوەی زانستی ئێستە بەڵکو هەمووی نادیار و غەیبە.

زانست سەیر دەکات و دەنوسێت، سەیر دەکات سەرکەوتن بۆ سەر چیاکان گرانترە لە هاتنە خوارەوەیان. یان سێوێك کە پچڕا لە دارەکەی دەکەوێتە سەر زەوی، مانگ بە ئاسمانەوە وەستاوەو ناکەوێت.

ئەمانە هیچ پەیوەندی‌یان نیە بەو ئیشانەی کە بەسەریان دا دێت... ئەی چیە..؟.. کەواتە نادیارە.!

بەڵام نیوتن[1] دەڵێ: ئەمانە هەمووی کێشەر(جاذبیة) ئەم کارانە دەکات.
ئەمە بیردۆزەیەکە و شیتەڵی ئەم ڕاستی‌یەی بۆ کردوین.
بەڵام کێ هێزی ئەم (جاذبیة) دەبینێ.؟ خۆ کەسیش کۆڵەکەکانی ئاسمانی نەدیوە کە ئەستێرەکانی پێوە بەسترابێت.!
نیوتن کە خاوەنی بیردۆزی‌یەکەیە بە (بنتلی) هاوڕێی دەڵێ: ئەمە کارێکی نادیارە کە دەبینی ماددەیەکی مردووی بێ‌گیان هێز دەخاتە سەر ماددەیەکی تر و ڕای دەکێشێت بەبێ پەیوەندی‌یەك لەنێوانیاندا.
سەیرێکی ئەم بیردۆزی‌یە زانستیانە بکە چۆن هەموو کردەوەکانیان نادیارن و باوەڕمان پێ‌یان هەیە، کەچی نادیارن(غەیبن).
ئەلیکترۆن. شەپۆڵەکانی بێ‌تەل، گەردیلە (ذرة).. نیۆترۆن... کردەوەی ئەمانە بەچاو نابینرێن کەچی بڕوامان پێ‌یان هەیە و بە دەرس دەیانخوێنین و کارگە و تاقیگەیان بۆ دروست دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا نادیارن و هەستی ئێمە بێ‌ئاگایە لێ‌یان.
زانست هەرگیز ناوەڕۆکی هیچ شتێکی بۆ دەرنەکەوتوە. ئێمە هیچ نازانین بێجگە لە چەند ناوێك.. ئێمە چەند زاراوەیەك ئاڵوگۆڕ دەکەین، بێ ئەوەی ناوەڕۆکی بزانین.
هەر بەم جۆرە، خوایش کاتی خۆی بەس ناوی شتەکانی فێری ئادەم کرد، ناوەڕۆکەکەی فێر نەکرا.[2]

---

[1] نیوتن: فەیلەسوف و زانای ئینگلیزی‌یە و (١٦٤٢-١٧٢٧) ژیاوە.. زانای ماتماتیك و فیزیا و گەردون گەری‌یە و خاوەنی یاسای کێشەری گشتی‌یە(الجاذبیة العامة)یە و یاسای زۆری هەیە لە زانیاری گەردوون گەری(علم الفلك)دا.

[2] ئەمەم بەلاوە ڕاست نی‌یە و وا دەزانم کە هەر شتەکان پیشانی ئادەم دراوە، چونکە زۆر جار (اسم) لەباتی (مسمیات) لە دواندنی عەرەبی‌دا بەکاردێت.

(وَعَلَّمَ آدَمَ الاَسْمَاءَ كُلَّهَا: ئادەم هەموو ناوەکانی فێرکرا.)البقرة/٢١..

ئەمە سنووری زانستە.. ئامانجی زانست ئەوەیە کە پەیوەندی و چۆنیەتی و چەندایەتی ماددەکان بزانێت.. بەڵام ناتوانێت جەوهەر و ماهیەتی‌یان بزانێت. چۆنیەتی شت لە دەرەوەی دەزانێت ئیتر نازانێت ناوەڕۆکەکەی چی‌یە. لەگەڵ ئەمەیشدا هەر لە خۆیەوە بیردۆزەیەکی بۆ دەتاشێت ڕاست بێت یان درۆ. زانست ناتوانێ هێرش بەرێتە سەر نادیار(غیب) چونکە خۆی تا هەردوو گوێی لەناو نادیاردا چەقیوە.

بۆ ئێمە باشتر ئەوەیە کە باوەڕمان هەبێت بە نادیار... بەخوای بەرز و گەورە، ئەو خوایەی کە جێگەی دەستەکانی لە هەموو چاوترووکانێکدا لە هەموو لێدانێکی دڵدا و لە هەموو بیرکردنەوەیەکدا دیارە.

ئەمە باشترە بۆمان تا ڕۆچوون لە ئارەزووی خۆماندا.

ئایینەکان بۆمان دەگێڕنەوە[1]، کە:-

لەڕۆژانی دواییدا پیاوێك پەیدا دەبێت و خاوەنی زۆر شتی سەرسوڕهێنەر و پەرجو (معجزة) دەبێ. خەڵکی لە ڕێگا لادەدات، لەهەموو سەرزەمین دا وادەزانن ئەم پیاوە خوایە.

ریوایەتەکان وا باسی دەکەن، کە ئەم پیاوە یەك چاوی هەیە، خاوەنی هێزێکی وایە هەرچی لەسەری زەوی بکرێ بەو تاکە چاوەی چاوی لێ دەبێت و گوێی لە هەموو چپەیەك دەبێت لە دوورترین شوێن بکرێت، باران دەبارێنێت و خەزنەی شاراوەی ژێر زەوی دەدۆزێتەوە. نەخۆش چاك دەکاتەوە، زیندوو دەکوژێت، ڕۆیشتنی وەکو تیژی ڕەشەبا وایە.

هەر کەسێ بیبینێ لە خشتە دەبرێ و لا ڕێ دەبێ و سوژدەی بۆ دەبات، وا دەزانێ خوایە.

بەڵام موسڵمانەکان بەڕاستی دەیناسن و ناتوانێ بیانخەڵەتێنێ، چونکە شێوەی خوانەناسی لەنێو چاوییەوە دیارە..

ناوی (مسیح الدجال)ە و یەکێکە لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی جیهان و نزیکی هاتنی ڕۆژی لێپرسینەوە(وەکو لە کتێبە ئایینییەکاندا هەیە).

---

[1] ئەمە لە فەرموودەکانی پێغەمبەرە و ڕاستە.. بەڵام نەك بەم شێوەیە چونکە دکتۆر زۆری لە کتێبەکانی ئیسرائیلەوە وەرگرتوە.

نووسەری پۆلۆنی[1] (لیۆپولدڤایس)[2] دەڵێ:- دەجال سەری هەڵداوە و پەیدا بووە.

هەروەکو ئەو دەڵێ: ئەم دەجالە یەك چاوە، بریتیە لە پێش کەوتنی ماددی و هێزی ماددی‌یە، کە زۆرترین گەلان دەیپەرستن.

بەڵێ ڕاستە دەجال، شارستانیەتی چەرخی ئەتۆمە کە بە چاوێکی کوێر و قاچێکی لارەوەو بە یەك لای ژیاندا دەڕوانێت و یەك لای ژیان دەبینێ ئەویش لای ماددەیە و بەس... ئیتر چاوی دوهەمی کە چاوی دڵە و گیانی ژیانە، کوێرە، ئەمە هێزێکی بێ خۆشەویستی و زانستی بێ ئایینە و تەکنۆلۆژیای بێ ڕەوشتە.

هەر بەڕاستی ئەم جەجالە توانی لەڕێگای زانستەوە هەرچی بکرێ لە ڕووی زەوی، بەڵکو لەسەر مانگیش بەهۆی بێ‌تەلەوە بیبیستێ و هەموو شتێك بەهۆی تەلەفزیۆنەوە ببینێ، ئێستە بەهۆی چەند هۆیەکی پیشەسازی‌یەوە باران دەبارێنێ. هەزاران زەوی دێم دەکات بە بەراو، نەخۆش چاك دەکاتەوە، دڵی مردوان دەخاتە جێ‌دڵی زیندووەوە، دەفڕێت بەسەر زەوی‌دا بەهۆی فرۆکە و ڕۆکێتەوە، مردن بڵاو دەکاتەوە بەهۆی ناپاڵم و ئەتۆمەوە، هەموو گەنجینەکانی نەوت و کانزا دەدۆزێتەوە...

هەموو خەڵکی لە ڕێگە لادا بۆ لای خۆی و دەستیان کرد بە پەرستنی.

---

[1] پۆلۆنیا: کۆمارێکە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات دانیشتوانی ٣٠ ملیۆن کەسن، پایتەختەکەی (فرسۆڤیا)یە.

[2] لیوبولدڤایس: زانایەکی زۆر بەرزی پۆلۆنی‌یە، لەم دوایی‌یەدا موسڵمان بوو. خۆی ناو ناوە (محمد أسد) ماوەیەکی زۆر لە مەککەی پیرۆز ماوەتەوە، خاوەنی کتێبی (الاسلام علی مفترق الطرق)ە.

ئێمەیش کە سەیری ئەم پێشکەوتنە زانستیەی خۆرئاواییەمان کرد، باوەڕمان بەخۆ نەما و زۆر بەسووکی سەیری نەریت و ئایینەکەی خۆمانمان کرد.

وامان دەزانی ئایینەکەمان دوای خستوین بۆیە دەبێ زۆر زوو خۆمانی لێ رزگار بکەین... تاکو بگەینە کاروانی پێش کەوتووەکان!... تاکو بگەینە کەنشتەی تازە، بۆ پەرستنی ئەو خوا تازەیەی داهاتوە و ناوی هێزی ماددەیە.

هەر لە دوورەوە دەستمان کرد بە کڕنوش بردن بۆی... نەمانزانی ئامێر(آلة) کامەیە و ئامانج (هدف، غایە) کامەیە.. هێزی ماددەمان کرد بە ئامانج، نەمانزانی ئەمانە ئامێرن بۆ خۆشی ژیان، نەك ئامانجن بۆ پەرستن.!!

شەمەندەفەر هۆیەکە.

تەلگراف هۆیەکە..

وزەی ئەتۆم هۆیەکە..

ئەمانە هەموو ئەو هۆیانەن بۆ خزمەتکردن و دروستکردنی ژیانێکی خۆشتر بۆ ئادەمیزاد فەراهەم هێنراوە، تاکو کەمتر ئیش بکات و زیاتر بتوانێ بیربکاتەوە زیاتر هۆی بناسێت.

بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئەم هۆیانە کارگوزاری ئێمە بکەن. کەچی ئێمە بوین بە خزمەتکاریان. تێدەکۆشین.. هەوڵ دەدەین.. شەو دەدەینە دەم ڕۆژ و ڕۆژ دەدەینە دەم شەو هەتا ببینە خاوەنی ئۆتۆمبیل و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، کە بووینە خاوەنی ئەمانە زیاتر هەوڵ دەدەین بێوچان تا ببینە خاوەنی باڵەخانەیەکی چەند نهۆمی پڕ باخچە لە دواییدا بۆ دروستکردنی خانوو دوکان بۆ دانی بەکرێ... ئیتر بێئەوەی بیخۆین هەتا زیاترمان دەست بکەوێت و زیاترمان هەبێت زیاتر هەوڵ دەدەین و ژیان لە خۆمان تاڵ دەکەین، بەو

هیوایەوە تێدەکۆشین کە مردن هەر نیە، هەتا ئەگەر دەست بدات هەوڵ دەدەین بۆ بوونی فڕۆکەیەکی تایبەتی بۆ گەشت.

ئەمە نەك تەنیا تاك(فرد) هەوڵ دەدات، بەڵکو وەکو ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ پاشەکەوتی خواردەمەنی و جل وبەرگ، هەروەها دەوڵەتەکانیش هەوڵ دەدەن بۆ کڕینی چەك و فڕۆکەی جەنگی و...هتد.. تاکو یەکتری قەڵاچۆ بکەن و دیسان سەرلەنوێ پاشەکەوتی چەك و سامانی تر بکەن.

بەڕاستی جیهان وەکو شانۆیەك و هونەرمەندەکانی هەموو شێت بن و هەموویان بۆ یەك لای شانۆکە بە شێتانە ڕابکەن. بەرەو هێزی مادیی.

مەسیحی دەجال کە یەك چاوی کوێرە. پەرستراوی ئەم ڕۆژگارەیە.

(هیچ خوایەك نیە مادده نەبێت= لا اله الا المادة)...

ئەمەیە نوێژی ڕۆژانەمان.

باوەڕ بە خوا نەما و وون بوو.

لەگەڵ شاردنەوەی باوەڕ بە خودا ئاسایش و ژیانی بەئارام نەما.

جیهان بووە بە بێشەیەك وەکو دڕندە بە ددان و نینۆك بەربوونەتە یەکتری.

مل ملانێی چینایەتی.. مل ملانێی نەتەوایەتی.. مل ملانێی بیروباوەڕ.

جیهانێکی پڕ لە ترس و کوشتن و هەزاران جۆرە چەتەیی..

هیچ کەس لە ئاسمان نیە چاودێری ئەم جیهانە بکات و بیپارێزی.

ئا بەم جۆرە بووین بە بەندەی (جەجاڵە کوێرێك کە ناوی ماددەیە). لە ئەنجامدا ئەو مرۆڤە قوڕبەسەرە بوە بە ماسی ناو گۆمێکی پڕ لە ترس و پەژارە. گەنجەکان بە مەستی لە شەقامەکانی لەندەن و پاریسدا کەوتوون، خۆکوشتن و شێت بوون لە وڵاتە دەوڵەمەندە سامانداراکاندا وەکو نەرویج و ئەمریکا گەیشتووەتە سەر پۆپەی بەرزی.

ئەو مرۆڤە ترساوەی کە هەموو دڵنیاییەکی لەدەست دەرچوو.. هەوڵ دەدات بەهۆی پیشەسازی تەکنۆلۆژییەوە هێمنی و ئاسایش بۆ ژیانی دروست بکات.. چاوێکی کارەبایی لەسەر دەرگای حەوشەکەیدا دابنێت بۆ دەرخستنی دز و زەنگێك بۆ عەمارەکەی دابنێت و هەموو مانگێگ وێنەیەکی دڵ بە تیشك (اشعه) بگرێت بۆ ئەوەی بزانێ کەی تووشی دڵ وەستان (السکته القلبیه) دەبێت..؟؟

دەبێ باخەڵی بە هەزاران جۆرە حەب و دەرزی ڤیتامینەکانی تێدابێت. دەبێ ئامێرێك هەبێ بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکانی.. سەرەڕای ئەمانە و هەزاران پەنابردن بۆ مادده ئەمجا هەر لەوپەڕی ترس و ناخۆشیدا دەژی.. هەتا زیاتر پشتەستور بێ بە مادده و هێزی ماددی.. زیاتر بە ترس و بێئارامی دەبێت.

ئەم مرۆڤە ون بوە هەموو تەمەنی بەخۆڕایی بەسەر برد هەر لە پێشەوە نەزان بوو.. کە وای زانی ئەم جیهانە بێخوایە و.. وادەزانێ بەبێ یاسا هێنراوەتە دنیا و کەس نیە پارێزگاری بکات و لێی بپرسێتەوە..

بۆ جارێکی تر هەڵەی کرد کە بوو بە بەندەی مادده و وای زانی مادده سەرچاوەی بەختیارییەتی و بە هەموو ئامانجی ژیانی دانا و لەجێی خوای دانا و و وای زانی دەکرێ هێمی و دڵنەوایی و ئارامی پێدەبەخشێ و مادده ناهێڵێ بمری و لە کوشتنی دەپارێزێ..

کەچی هەر مادده بوو کرا بە هەزاران جۆرە چەك بۆ کوشتنی مرۆ ڤ.

جارێکی هەڵەی کرد، کە وای زانی کیمیا و سروشتیگەری و کارەبا زانستێ و ئایین تەڵەکە و دەست بڕینە..

ئەگەر نەختێك بیر بکاتەوە بۆی دەردەکەوێت، کە کیمیا و سروشتیگەری و کارەبا زانستی وردەکارییە(جزئیات) و باسی وردە و چەندایەتی و چۆنیەتی

دەکات.

بەڵام ئایین زانینی تەواوکاری (کلیات)ە، بەڵکو ئەو پەڕی زانستە. چونکە باسی سەرەتایی و دوایی هاتنی هەموو شتێك دەکات.

ئایین باسی مانی گشتی و مەتەڵی گشتی ژیان دەکات.

کیمیا و بەشەکانی تری زانست، زانینی سەرەتایی بچوکن، بەڵام ئایین دوا پلەی زانینە گەورەکانە، کە گشت زانستەکان لە ناوخۆی دەگرێ.

کەواتە هیچ کاتێك ئایین دژی زانست نیە چونکە دوا پلەی زانست یەکەم قۆناغی ئایینە.

ئایین پێویستە، چونکە ئەو ڕەنگی خانووی ژیانمان بۆ دەڕێژێت. وەکو ئەوەی چۆن بخوێنین و چۆن لە چوارچێوەی ژیاندا بەکاری بهێنین.

ئایین ویژدان لە مرۆڤدا دروست دەکات و ویژدان دەزانێ هێزی ئەتۆم چۆن و لە کوێدا تاقی دەکاتەوە..؟ ناهێڵێماڵی بێتاوانی پێ کاول بکەین.

ویژدان وامان لێدەکات کارەبا بۆ ڕووناکی بەکاربهێنین، نەك بۆ کوشتن و مراندن.

ئایین پێمان دەڵێ زانست(هەموو زانست) هۆیەکە، نەك ئامانج وەکو پێشکەوتنی ماددی هۆیەکە نەك ئامانج.. کەل و پەلی ماددی هۆیەکە.

مادده وەکو ئێمە دروست کراوە نەك خوابێ، مادده ناتوانێ بەختیاری و کامەرانیمان بداتێ، سروشتی مادده ئەوەیە، کە شیبونەوە و تێکچون و گۆڕانی بەسەردا دێت، سای وەك ئەم گەردونە ناتەواوە، ناکرێ مادده بکرێتە پاڵپشت و هێزی راستیش پێك ناهێنێ.

پێشکەوتنی ماددی پێویستە بەڵام هۆیەکی مرۆڤی خاوەن شارستانیەتە و زیاتر نا، ناشبێ بکرێتە مەبەست..

دیسان ئایین دژی پێشکەوتنی ماددی نیە. بەڵکە هانیشی لەسەر دەدات.. بەڵام جێگەی خۆی و شوێنی شیاوی خۆی دەداتێ کە هۆیەکە نەك ئامانج..

نەویستنی پێشکەوتنی ماددی وزانستی تازە خراپە، وەکو پەرستنەکەی بەدە، چونکە ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی وڵاتەکەمان.

بەڵام بۆ نەگبەتی گەلەکەمان لەناو ئێمەدا تەنیا یەکێکمان هەیە...

هەمانە زانستی ناوێت و تەنیا ئایین و قورئانی بێزانستی گرتۆتە باوەش..

یان ئایینی ناوێت و دەستی کردووە بە پەرستنی زانست و هۆیەکانی ماددە..

ئەمان هەردووکیان لە ناوچەکەدا، هۆی نەگبەتی ژیار(حضار)ین..

هەردووکیان لە مانای راستەقینەی ئایین و مانای راستەقینەی زانست نەگەیشتوون.

ئایین، بەتایبەتی ئایینی ئیسلام فێربوونی زانست بە پێویست دادەنێ، یەکەم وشە کە لە قورئاندا هاتە خوارەوە وشەی (إقرأ= بخوێنە) بوو.

پێشەوای ئیسلام دەفەرموێت: (من مات مهاجراً في سبيل العلم فقد مات شهيدا: ئەوەی بڕوات بۆ خوێندن و لە ڕێگای خوێندندا بمرێت شەهیدە) [1].

هەروا فەرموویەتی: (العلماء ورثة الانبياء: زاناکان جێگەداری پێغەمبەرەکانن).

(علينا أن نطلب العلم ولو في الصين: ئەرکە لەسەر پیاو و ژنی موسڵمان کە بڕۆن بۆ خوێندن با لە وڵاتی (چین)یش بێت).[2]

---

[1] لە کتێبەکانی بوخاری و موسلیم و ترمذی و نەسائی و داود و ئیبن ماجە و ئەحمەد و مالك و دارمی، سەبارەت بەم فەرموودەیە گەڕاین، بەڵام ئەم فەرموودەیەمان نەدۆزیەوە ونەبوو. —دەستەی نوسینگەی تەفسیر-

[2] ئەم فەرموودەیە لاواز (ضعیف)ـە.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەڕێگای ژیرییەوە گفتوگۆ لەگەڵ ئادەمیزاد دەکات.
زانیاری و پێش کەوتنی زانستی ماددی شوێنی تایبەتی و پایەی بەرزیان لە ئایینی ئێمەدا هەیە..
بەڵام هەموو کاتێك هۆی بەختیاریە و ئامرازێکە نەك مەبەست..
ئەمەیە شوێنی ڕاستی خۆی بۆ زانست و ماددە.
ماددە (وەکو باسمان کرد) ئاسایش و کامەرانی و خۆشگوزەرانی نادات بە مرۆ ڤ، بەڵکە ئەمە ڕێگەیەکە بۆ ژیانی خۆش و باش گوزەرانی.. بەڵام دڵەڕاوکێ و داڕوخانی گیانی هەر دەمێنێ و لاناچێ. با خاوەنی هەزاران ئامێری وەکو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و تۆمارکەر و فڕۆکە و پارە و سامان بێت.
هەتا مرۆ ڤ ئەو ماددانە بە خوا بزانێت و بیانپەرستێت و ڕاکات بە شوێنیاندا دڵە ڕاوکێ و ترس و لەرزی زیاتری دەبێت و دڵی پشوو نادات.
گیان ئارام ناگرێت تەنیا بە یەك چارەسەر نەبێت کە ئەویش ئەوەیە بڕوات هەبێ، کە خوایەك هەیە ئەم گەردوونەی وەدی هێناوە، ئەم خوایەش زۆر دادگەرە و پاشەڕۆژمان بۆ لای ئەوەو سزامان بەخۆڕایی ناڕوات.
بوونی ئێمە ڕاستییە، نەکراوین بۆ ئەوەی ببین بە خۆڵ..
بەڵکو دەبێ پاشەڕۆژێکی نەبڕاوەی پڕ لە کامەرانی بێترسمان هەبێت.
ئەم باوەڕی ئایینە دەتوانێ ڕیزی مرۆڤایەتی مرۆ ڤ بداتەوە.. نەك سینەما و باڕ و تیاترۆ، نەك تەلەفزیون و ڕیکۆرد نەك هیچ ئامێرێکی تر..
پاش باوەڕهێنان بەم جۆرە، پشوو دەکەوێتەوە دڵ و مرۆ ڤ دەست دەکات بە کردنەوەی خانووی باوەڕ و خۆی بۆی دەردەکەوێت کە لە مردن بەدەسەڵاتترە، چونکە پاش مردنیش هەر هەیە..
پاش باوەڕهێنان بەم باوەڕە... گەورەترین قەڵا دەشکێنێ، چونکە قەڵای باوەڕ

بەهێزترە لە قەڵای پۆڵایین، ئەو قەڵایە بەهیچ ناپاڵمێك ناڕوخێت و بەسەر مردنیشدا باز دەدات...

بەم باوەڕە مرۆ ڤ هەست دەكات ناسنامەكەی بۆ گەڕاندراوەتەوە و بەڕاستی ئەمە خۆیەتی...

هەروا بە ناسینی خوای تاقانە، هەست بە خۆی دەكات و خۆی و شوێن و پایەی خۆی دەناسێ.

ئەوەی ئەم هەستە دەرونییە تاقیبكاتەوە دەزانێ، كە تاقە ڕێگەی ڕۆشن كردنەوەی ناو دڵ هەر ئەم ڕێگەیە.

نەك سەرلێشێواوی، نەك دڵخۆشی دانەوەی نەخۆشی، ئەمە ڕاستییە، ئەمە هەڵسانە لە خەو.

ئێمە كاتێ بە وردی سەیری ژیانی یەكێكی دژی ئەم باوەڕە بدەین ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە هەر لە هەڵس و كەوتی یەكێك لە بەندەكانی (دجال) خوای ئەم سەدەیە و خاوەنی مێشكی ئەلیكترۆنی.

ئەمە تێوەشاندنە بە نینۆك و چڕنووك، ئەمە خۆكەركردن و خۆ سەرخۆش كردنە بە عەرەق.. كە ڕۆژ بەڕۆژ هەنگاو بە هەنگاو بەرەو جەنگێكی جیهانی سێهەم مان دەبات.

جا تۆبیت و ویژدانت ئەم دوو گرۆیە كامیان ڕاستن.

ئەو زۆرەی كەشیشاونەتە یەكترین بە نینۆك چرنووكی پۆلایین.؟ یان ئەم كەمەی كە بە دڵێكی ئاسودەیی و كامەرانی ڕوویان كردۆتە تاكە خواكەی خۆیان و بە ژیانێكی دڵنیایی دەژین.؟

❊ ❊ ❊

ئایین نالّێ مەژین، عەقلّیش ڕەت ناکاتەوە..

بەڵکو ئیسلامی پیرۆز لەناو جەرگەی خۆشەویستی ژیانەوە هەڵقولاوەو چاودێری ژیان زۆر بەچاکی دەکات و هەموو کاتێك ڕێزی هۆش و هۆشمەندانی گرتووەو داوای کردوە خەریکی زانست بن.

ئایین نالّێ گیان بکوژە بۆ لەش، نایشلّێ لەش بکوژە بۆ گیان.

نالّێ خۆت لە پیاوەتی بخە و مەچۆرە لای ژن.. بەڵکو بە یاسا.. لە چوارچێوەیەکی مرۆڤایەتیدا، نەك گاگەلی.

دیسان ئایین نالّێ کۆمەڵ و ماڵ و منداڵ بەجێ بهێڵە و خەڵوە بکێشە و هەر خەریکی خواپەرستی بە و خۆت بشارەوە لە کارکردن.

بەڵکو دەڵێ چەند ئەرکێکی کەمت بەرامبەر خوا و ئاینەکەت بەسەرەوەیە بەجێی بهێنە.

سامانی گیانی دەبێ بەرابەر بێ-بەڵکو گیان دەبێ هاوبەش بێ- لەگەڵ ئیشی دەست و کۆششی قاچ و هەموو پارچەکانی تری لەش بۆ سودی کۆمەڵ.

نوێژی موسڵمانەکان، نیشانەیە بۆ ئەم یەکێتییە لە ئێمەدا هەیە-یەکیەتی گیان و لەش- گیان لارەملە و بێنەوایە، زمان دەپاڕێتەوە، لاشە کڕنوش دەبات.

خولاندنەوە بە دەوری ماڵی خوادا (طواف کعبة) نیشانەی ئەم یەکێتییەی لاشە و گیانە.

ئا بەم جۆرە ئایینی پیرۆزی ئیسلام یەکیەتی ڕاستەقینە لەنێوان گیان و لاشەدا دروست دەکات و ئەو دژایەتیە کۆنەی لەنێوان ژیری و شەهوەتدا هەیە، پێشێلی دەکات و شتێکی تازە دروست دەکات کە ئەویش شەهوەتێکی عاقڵ.

وەکو یەکێتی دەبەسترێ لەنێو ئاشکرا و نادیاردا، ئیتر ناگەڕێتەوە سەر تەڵەکەبازی و گەڕەکەی جاران.. (دڵ دژی هۆش و هۆش دژی دڵ... وتن دژی

کردن و کردن دژی وتن).

لەجیّی ئەو مرۆڤە پەرپوتە مرۆڤێکی تازەی یەك دڵ و زمان و یەك وتە و کردەوە دروست دەبێت.

بە یەکیەتی مرۆ ڤ لە گەڵ خۆیدا، یەکێتی لەگەڵ خوادا دروست دەکات و بە یەکەم هەنگاوی بۆ ڕووناکی دەچێتە سەر ڕێگای ڕاست.

ئیسلام تا بەم جۆرە دەگەڕێت بۆ یەکخوا پەرستن (التوحید) و قورئان ئەمە دووپات دەکاتەوە لە هەموو پیتێکیدا.. لە هەموو وشەیەکیدا.. لە هەموو ئایەتێکیدا.. دووپاتی دەکاتەوە بەشێوەی چیرۆك.. بەشێوەی نمونە.. بەشێوەی ئامۆژگاری.

ئیسلام بۆ ئەم چەرخی ماددەیە دەرگای ڕزگاری دەخاتە سەر پشت. هەر ئیسلامە دەتوانێ چارەسەری تەواوی بۆ بدۆزێتەوە.. ئیسلام هەر ئیسلام دەتوانێ چارەیان بکات بێئەوەی لە سامانی ماددییەکەیان کەم بکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ چارەسەرکردنیشیدا زیاتری دەکات.

ئیسلام داوای شتێکی زۆر گران ناکات، بەڵکو دەڵێ: (با برایەتی هەبێت لە نێوان گیان و ماددەدا) تاکو شارستانیەتی هێز و نەرمی پەیدا ببێت.. تاکو هێزی مادده نەپەرسترێت. بەڵکو مادده ببێ بە ئامێری دەستی دڵی بە بەزەیی.

ئا بەم جۆرە دەجال مردار دەبێتەوە و دەوڵەتێکی مرۆڤایەتی ڕاستەقینە پێك دێت.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوانەی کە دەڵێن خوا بێ پرس ئێمەی دروست کرد و سزامان دەدات، بۆچی دروستی کردین؟

دەڵێن: قورئان بە چەند ئایەتێك وەڵامیان دەداتەوە و دەفەرموێت: (خوا کە ئادەمیزادی دروست کرد و ناردییە سەر زەوی (بەوپەڕی ڕێزەوە)، تاکو

دروستکراوەکان خوا بناسێ و خۆی لەجێی خۆیدا بناسێ و شوێنی گەورەیی خوا بزانێت.. بەم زانینە دەبێتە جێگای دڵ نەرمی و بەزەیی خوا و بەخششمان لەلایەن خواوە.

سزامان دەدات بۆ ئاگادارکردنەوەمان لە بێهۆشی تاکو ببێتە جێی بەزەیی خۆی.

- بە خۆشەویستی دروستی کردین.

بۆ خۆشەویستی بووین.

بۆخۆشەویستی سزامان دەکات.

دەسەڵات و گەورەیی هەر بۆ تۆیە لە زەوی ئاسمانەکانتدا ئەی خوای بەخشندەی میهرەبان..

هەڵسەنگاندن

بە پێنووسی: شێخ عبدالعزیز پارەزانی

برای بەڕێز کاك (مەلا محمد مەلا صالح شارەزووری) پەڕاوی (گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕ)ی بۆ ناردم، کە بیخوێنمەوەو لەبارەی وەرگێڕاندن و شێوەکەیەوە بیدەمە بەر ڕۆشنایی و شتێکم تێدا بەدی کرد چارەسەرێکی بۆ دابنێم.

کاتێ کە خوێندمەوە ناوەڕۆکی پەڕاوەکە تینێکی زۆری کردە سەر دڵم و گەلێك شادمانی کردم.

بەڵێ، ئادەمی جێگای هەڵە و لەڕێ لادانە، یان جێگای ئەوەیە دوودڵی و گومانی تێدا پەیدا ببێت، ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەر یان شوورەیی نیە، بەڵکو شوورەیی و نەنگی لەوەدایە کە ئادەمی گەیشتە هەق و ڕاستی وازی لێبێنێ و پێی عەیب و هار بێت لەسەر باری پێشووی بگۆڕێت.!!

بەڵێ، (دکتۆر مصطفی) یەکەم کەس نەبووە بکەوێتە شیو و هەڵەتی هەزار بە هەزاری گومان و دوودڵیەوە، بەڵکو لەپێش ئەوەوە گەلێك پیاوی گەورە هەبوون وەکو ئەویان بەسەر هاتوەو، پاشان کە دەرگایان بۆ کراوەتەوەو سەریان تەقیوە بە هەقەوە، باوەشیان پیاکردووەو بۆهەتاهەتایی وازیان لێنەهێناوە. لەوانەیە -وەکو قورئان دەیگەیەنێت- ئیبراهیمی خلیل -درودی خوای لەسەر- لە ئەستێرەوە چوو بۆ مانگ و دوایی بۆ هەتاو و ئینجا گەیشتە ئەوە کە خوا ئەو تاك و تەنیا گەورەو بە دەسەڵاتەیە ئەمانە و ئاسمان و زەوی و هەموو بوونەوەری دروست کردووە، یان فەیلەسوفی ئیسلام (ئیمامی غەزالی، خوای

لێخۆشبێ) له گومانەوه گەیشته هەق و ڕاستی و وەکو له پەڕاوی (المنقذ من الضلال)دا خۆی باسی دەکات، یان وەکو (کانت) فەیلەسوفی ئەڵمانی که له گومانەوه گەیشته باوەڕ یا... یا... یا...

(دکتۆر محمودیش) یەکێکه لەو پیاوه گەوره بەڕێزانەی که به شوێن کەوتن قایل نەبوون و خۆیان هەوڵیان داوه ڕاستییان دۆزیوەتەوه، با لەو ڕێگەشدا له گەلێك زەلکاو و تۆز و خۆڵدا بەگیر هاتووه.

به هەزاران سوپاس و درود بۆ ئەو گیانه خاوێنەی کەوا کۆڵی نەداوه تا ڕێگای ڕاست و ڕەوانی دیوەتەوەو ئێستە وەکو شارەزایەکی دڵسۆز پەنجه بۆ هەموو خاڵەکانی رادەکێشێت و له هەموو هەنگاوێکدا نیشانکردمان بۆ دادەنێت.

بەڕاستی نووسینەکەی گەلێك به کەڵکه، چونکه نووسینی شارەزایەکی خاوەن بەهرەی لێهاتووەو هەموو شتەکانی تاقیکردۆتەوەو له چاك و له خراپی گەیشتووه و بەشێوەیەکی دکتۆرانه باسی کردوون و شیی کردوونەتەوه.

جا خۆزگه خوێنەره کوردەکانمان بەوردی ئەم پەڕاوەیان بخوێندایەتەوەو بەشوێنی ڕاستیدا بگەڕانایەەو چاوپێچکی شوێن کەوت و لاساییان لەسەر چاوی لابدایه و ببونایه به شاگرد، یان به هاوڕێی (دکتۆر مصطفی محمود)ی بەختیار.

سلێمانی
٢٤/ذو القعدة/ ١٣٩٤ك
٩/١٢/١٩٧٤ز

ناوه روک

کاتێ نووسەر ئەم کتێبەی دانا، لەلایەن بڕوادارانەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا، هەرچەندە هەندێ چلکی کۆنە مەنزڵی ڕێگا چەوتەکەشی هەر پێوە مابوو.

ئەو کاتە بێبڕوایی باوبوو، ڕابوونی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهان وەک ئێستا گەش و بەرچاو و پەرەی نەسەندبوو، هەر بۆیە بڕواداران بۆ ئەم جۆرە دیاردانە ئامێزیان دەکردەوە و بایەخی زۆریشیان پێدەدا، بە دەگمەن دیاردەی ئاوا بەرچاو دەکەوت، کە وەک ئێستا نەبوو.

گەشتەکەی پیاوێکی زانا و قەڵەم ناسک و ناسراوی وەک (د.مصطفى محمود) لە نزمی بێباوەڕی و پابەندنەبون بە شێرازە ئەخلاقیەکان و ئایین و کۆمەڵ بۆ لوتکەی ئیمان و ڕەوشت پاکی، کارێکی گەورە و کاریگەر بوو، کە دەروازەی هیدایەت و ڕێنمایی بۆ زۆر کەسی تر کردەوە.

هەر بۆیە مامۆستا (محمد شارەزوری)-خوا لێی خۆش بێ- زوو بەپیر ئەم ئەرکەوە چوو، سەربوردەی (د.مصطفى محمود)ی بە کوردی خستە بەر دەست خوێنەری کورد.. بەرنامەی وەرگێڕانەکەشی بریتی بوو لە جەخت کردن لەسەر خاڵە گرنگەکانی ئەم کتێبە، نەک وەرگێڕانی دەقاودەق و وەکو خۆی.. هەروا ساڵانی حەفتاکان، کە مامۆستا ئەم کتێبەی تێدا وەرگێڕاوە، نوسین و وەرگێڕان بەکوردی و بۆ کوردی پەرەی نەسەندبوو

جا بە مەبەستی تۆکمە و وەرگێڕانی دەقاودەق و وەکو خۆی، ئێمە لە نووسینگەی تەفسیر.هەستاین بە وەرگێڕانی ئەو دەقانەی، کە مامۆستا شارەزوری بە پێویستی نەزانیوە پاچڤە(ترجمە)ی بکات.

دیارە مامۆستای کۆچ کردوو ژمارەیەکی کەمی لەم کتێبەی بەچاپ گەیاند، کە چاپەکەشی ناڕێک و جوان نەبوو، بۆیە لەبەر گرنگیی و کاریگەریی ئەم کتێبە و ڕێز و خۆشەویستیمان بۆ مامۆستا شارەزوری وەرگێر، نوسینگەی تەفسیر بەچاکی زانی کتێبی (گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕ) چاپ و بڵاو بکاتەوە، تا ڕۆشنفکران و خوێندەوارانی ڕاستەقینەی کورد لێی سودمەند بن و ئاسۆی بیریان فراوانبێت، هەروا ئاشنای ئەم گەلە نوسەرە بن.

نووسینگەی تەفسیر